# زمانەوانی کارەکی

بەرگی یەکەم

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د.نەریمان خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب: زمانەوانی کارەکی
* بەرگ: یەکەم
* نووسینی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: جومعە سدیق کاکە
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٥٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر
ژمارە(٢٩٥)

## ناوەرۆک

**پێشەکی**.......................................................................٦
**چەمک و پێناسەی زانستی زمان**................................................٧
لقەکانی زمانەوانی...........................................................................٧
یەکەم: زمانەوانی تیۆری....................................................................٧
دووەم: زمانەوانی کارەکی (پراکتیکی)..................................................١٢
چەمک و پێناسینی زمانەوانی کارەکی...................................................١٣
سروشت و بواری زمانەوانی کارەکی.....................................................١٤
**چەند لایەنێکی زمانەوانیی دەروونی**...............................................١٧
بەشی یەکەم: مێژوو و پێناسین و ئامانجەکانی.......................................٢١
١.١: مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی......................................٢١
٢.١:چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دەروونی............................................٢٦
٣.١: ئامانجەکانی زمانەوانیی دەرەوونی...................................................٣٠
بەشی دووەم: بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی.......................................٣٣
١.٢: زمان و بیر.............................................................................. ٣٣
٢.٢: زمان وەرگیراوە یان دانراوە........................................................٣٥
٣.٢: وەرگرتنی زمان........................................................................٤٠
١.٣.٢:تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان.......................................................٤٢
یەکەم: تیۆری ڕەفتاری........................................................................٤٢
دووەم: تیۆری مەعریفەی زگماکی...........................................................٤٤
سێیەم :تیۆری ئەرکی............................................................................٤٧
٤.٢: زمانی ئاژەڵان و ڕێگەکانی فێربوونیان............................................٥٤
٢ـ ٥: زمانی ئاماژە و هێماکان.............................................................٦٢
٦.٢: نەخۆشییەکانی گوتن.................................................................٦٩

یەکەم: هۆکارە زمانی و دەروونییەکان........................٦٩
دووەم : هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان..........................٧٠
سێیەم : هۆکارە جەستەییەکان (ئەندامییەکان )........................٧٠
**زمانەوانی ماتماتیکی**........................................٨٠
بەشی یەکەم :پێناسین و مێژووی زمانەوانی ماتماتیکی.........٨٣
١.١: پێناسینی زمانەوانی ماتماتیکی...............................٨٣
٢.١:مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانی ماتماتیک.......................٨٣
٣.١:زمان و ماتماتیک...................................................٨٦
٤.١: لێکۆڵینەوە کوردییەکان..........................................٨٧
بەشی دووەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستەکانی زماندا.............٩١
١.٢: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی دەنگسازیدا...........................٩١
٢.٢: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی وشەسازیدا..........................٩٣
سێیەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی ڕستەسازیدا.........................٩٥
چوارەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی واتاسازیدا......................١٠٠
**زمانی ڕۆژی دوایی**..........................................................١٠٥
بەشی یەکەم/ گریمانەکانی پەیدابوونی زمان........................١٠٨
بەشی دووەم/ جۆراوجۆری زمان...........................................١١٣
بەشی سێیەم/ باشترین زمان................................................١١٦
بەشی چوارەم/ زمانی ڕۆژی دوایی..........................................١١٩
**جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی**
**ناسراو بە شێوەزاری شەبەک**..............................................١٢٦
بەشی یەکەم: شێوەزاری باجەڵانی..........................................١٢٩
١.١: جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی...........................................١٢٩
٢.١: نەخشەی جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی...........................١٣٧

بەشی دووەم : شەبەک................................١٤٠
١.٢ : زاراوەی شەبەک...............................١٤٠
٢.٢: زێدی شەبەک.................................١٤١
٣.٢: گومەز و ئارامگا پیرۆزەکانیان......................١٤٢
**گۆڕان لە زماندا**...................................١٥١
بەشی یەکەم/ چەمک و پێناسەی گۆڕان لە زماندا.........١٥٤
بەشی دووەم/ هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا..............١٥٩
١.٢: هۆکاری ناوەکی...............................١٦٠
٢.٢:هۆکاری دەرەکی................................١٦٢
١.٢.٢:هۆکاری سیاسی...............................١٦٣
٢.٢.٢: هۆکاری کۆمەڵایەتی..........................١٦٤
٣.٢.٢: هۆکاری جوگرافی.............................١٦٥
٤.٢.٢: هۆکاری ئابووری و بازرگانی.....................١٦٦
٥.٢.٢: هۆی ڕۆشنبیری...............................١٦٧
٦.٢.٢: هۆکاری ئایینی...............................١٦٧
٧.٢.٢: هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا....................١٦٨
بەشی سێیەم/ گۆڕان لە ئاستەکانی زماندا...............١٦٩
١.٣: گۆڕان لە ئاستی دەنگسازیدا.......................١٦٩
٢.٣: گۆڕان لە ئاستی وشەسازیدا........................١٧٧
٣.٣: گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازیدا.......................١٨٠
٤.٣: گۆڕان لە ئاستی واتاسازیدا........................١٨٣

# پێشەکی

زمانەوانی لە بنەڕەتدا لە دوو لقی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش لقەکانی زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی کارەکی، هەر یەک لەم لقانەش لە چەندین لقی تر پێکدێن. زمانەوانی کارەکیش لە زمانی کوردیدا بەداخەوە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەجۆرێک کتێبخانەی کوردی لەم بارەوە زۆر هەژارە .

بۆیە ئێمە لێرەدا لەم کتێبەدا بە چەند بەرگێک هەوڵدەدەین لایەنەکانی زمانەوانی کارەکی بە خوێنەری کورد ئاشنا بکەین و کتێبخانەی کوردی لەم هەژارییە دوورخەینەوە. ئەم کتێبە لە چەندین بەرگ پێکدێت، هەر بەرگەی چەندین بەش و تەوەرە لەخۆوە دەگرێت، هەندێ لە نووسینەکانی ئەم کتێبە، چەند لێکۆڵینەوەیەکی خۆمن، کە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی خۆم لەنێو زانکۆدا نووسیومن و پێشتر لە گۆڤارە زانستیی و ئەکادیمییەکان بڵاومکردۆتەوە، هەندێکی تریان لێکۆڵینەوەی ترن، کە بەشێکیان بڵاوکراونەتەوە و بەشێکیان بڵاونەکراونەتەوە، هەندێکی تریشیان وەرگێڕانن، کە لە سەرچاوە عەرەبییەکان دەستمکەوتوونە و بۆ خوێنەری کورد وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بە هیوای ئەوەی ئەم هەوڵەمان سوودی بۆ خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی هەبێت.

## چەمک و پێناسەی زانستی زمان

لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی زانستی زمان، ئەوا زاراوەکانی زمانناسی، زمانەوانی، زانیارییەکانی زمان..هتد بەکاردێن، ئەگەرچی ئەم زاراوانە لە ڕووی ڕووخسارەوە جیاوازییان هەیە، بەڵام لە ناوەرۆکدا هەر هەموویان لە زمان دەکۆڵنەوە، کە چییە و چۆن پەیدابووە و بوار و لقەکانی چین.

لە ڕووی ڕووخسارەوە زانستی زمان فرێزە و لە دوو وشەی (زاست) و (زمان) پێکهاتووە و بە ئامرازی دانەپاڵی (ی) لێکدراون، هەرچی زاراوەی (زمانناسی)یە، ئەوا وشەیەکی لێکدراوە و لە وشەی (زمان) و ڕەگی کاری (ناس) و پاشگری (ی) پێکهاتووە، زاراوەی (زمانەوانی)ش وشەیەکی دارژاوە، لە وشەی سادەی (زمان) و پاشگری (ەوانی) پێکهاتووە.

## لقەکانی زمانەوانی

زمانەوانی بەسەر دوو لقی سەرەکی دابەش دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە زمانەوانی تیۆری و زمانەوانی کارەکی، هەریەک لەم دوو لقەش چەندین لقی تر دەگرێتەخۆ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: زمانەوانی تیۆری**

ئەو لقەی زمانە کە باس لەلایەنە تیۆرییەکانی زمان دەکات، ئەم لقەی زمانیش چەندین لقی تر لەخۆ دەگرێت:

**١. فۆنەتیک**

لقـێکه له لقەکـانی زمـانەوانی تیـۆری، ئەم لـقە بەشـێکە لە ئاسـتی دەنگسـازی، ئەم لـقەی زمـان بـاس لە چـۆنیەتی دروسـتبوون و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگ دەکات، بە واتـایەکی تـر فۆنەتیک سێ قۆناغ لەخۆ دەگرێت:

قۆنـاغی یەکەم: بـاس لە چـۆنیەتی دروسـتبوون و پێکهـاتنی دەنـگ دەکات.

قۆناغی دووەم: باس لە گواستنەوەی دەنگ لە هەوادا دەکـات، واتە لەم قۆنـاغەدا باسـی لە پاڵەپەسـتۆی هەوا دەکـات، کە لە سـییەکانەوە دێتە دەرەوە، پاشان بە هەوادا دەڕوات.

قۆناغی سێیەم: بـاس لە چـۆنیەتی وەرگرتنـی ئەو دەنگـانە دەکـات، واتە لەم قۆناغەدا بەهۆی گوێوە دەنگەکان وەردەگرێت.

هەروەها ئەم لقەی زمان باس لە ژمارەی دەنگەکانی زمان دەکات، بـۆ نمـوونە لە زمـانی کوردیـدا ژمـارەی دەنگەکـان (٣٧)دەنـگە، کە بەسـەر بـزوێن و نەبـزوێن دابەش دەکرێـت، دەنـگە بزوێنەکـان ژمارەیان (٨) دەنگە و دەنگە نەبزوێنەکانیش ژمارەیان (٢٩) دەنگە.

**٢. فۆنۆلۆژی**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی تیۆری، ئەم لقە بەشێکە لە دەنگسـازی، ئەم لـقە بـاس لە چـۆنیەتی ڕیزبـوونی دەنگەکـان لە ئاسـتی وشـەدا دەکات، چـونکە لە کـاتی چـوونە پاڵ یەکتـری دەنگەکـان، هەنـدێ جـار گۆڕانکاری ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکاریانەش بە یاساکانی دەنگ یان بە یاسـاکانی فۆنۆلـۆژی ناودەبرێـت، کە بـریتین لە (پەیـدابوونی دەنـگ، تێچوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، گونجانی دەنگ.......هتد). ئەم لقە

ئەگەرچـــی بەشـــێکە لە دەنگســـازی، بەڵام لایەنـــی پراکتیکـــی دەنگـــی لەخۆوە دەگرێت.

**٣. وشەسازی**

لقـــێکە لە لقەکـــانی زمـــانەوانی تیـــۆری، زانســـتێکە لە وشـــە و بەشەکانی وشە دەکۆڵێتەوە، بەشـەکانی وشـە (نـاو، جێنـاو، ئاوەڵنـاو، کار، ئاوەڵکار،...... هتد)، هەروەها ئەم لقەی زمان باس لە مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم دەکات (مۆرفیمی سەربەخۆ، مۆرفیمی بەند)، واتە ئەم لقەی زمان لە دیوی ناوەوەی وشە دەکۆڵێتەوە.

**٤. ڕستەسازی**

لقـێکە لە لقەکـانی زمـانەوانی تیـۆری، ئەم لـقە بـاس لە ڕسـتە و جۆرەکـانی دەکـات (جۆرەکـانی ڕسـتە لەڕووی پێکهـاتنەوە: ڕسـتەی سادە، ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز)، (جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی ناوەرۆکەوە: ڕستەی هەواڵگەیاندن، ڕستەی پرسیارکردن، ڕستەی سەرسوڕمان، ڕستەی فەرماندان)، هەروەها باسی ئەرکەکانی وشە لەنێو ڕستەدا دەکات (بکەردیار، بکەرنادیار، بکەری ڕێزمانی، بکەری لـــۆجیکی، بکەرنادیـــار ئامـــاژەپێکراو) بە هەمـــوو جۆرەکـــانییەوە، بەرکـــاری ڕاســـتەخۆ، بەرکـــاری ناڕاســـتەخۆ، نیهـــاد، گـــوزارە،...)، هەروەها ئەم لقە باس لە فرێز و جۆرەکانی دەکات: (فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکاری، فرێزی بەند)، واتە ئەم لـــقەی زمـــانەوانی بە شـــێوەیەکی گشـــتی بـــاس لە دیـــوی دەرەوەی وشە دەکات.

**٥. واتاسازی**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی تیۆری، ئەم لقە باس لە واتای وشە و فرێز و پارستە و ڕستە دەکات، هەروەها باس لە پەیوەندییە واتاییەکان دەکات (هاوواتا، دژواتا، فرەواتا، هاوبێژی، لێڵی،...)، هەروەها باس لە جۆرەکانی واتا دەکات (واتای هۆشەکی، واتای لاوەکی....)، هەروەها باس لە گریمانەکانی واتا دەکات (گریمانەی هۆشەکی، گریمانەی بەکارهێنان، گریمانەی ڕەوشتکاری، گریمانەی سێگۆشەی واتایی،...).

**٦. پراگماتیک**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی تیۆری، ئەم لقەی زمان باس لە هەندێ لایەنی واتا دەکات کە ناچنە ناو واتاسازییەوە، یاخود باس لە هەندێ بوار و دیاردەی زمانەوانی دەکات، کە لەنێو ئاستەکانی تری زماندا چارەسەر ناکرێن، لەوانە (هێز، ئاواز)، ئەگەرچی هێز لە وشەسازیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەروەها ئاوازیش لە ڕستەسازیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ناتوانرێت لەم دوو ئاستەدا چارەسەر بکرێن، چونکە پێویستیان بە قسەکەر و گوێگر و باسێک هەیە.

هەروەها لە پراگماتیکدا باس لە هەندێ بابەت دەکات، کە پێشتر کێشەیەک بوو لە نێوان زمان و ئەدەبدا ئەم بابەتانەش لە ڕەوانبێژیدا دەخوێندرێت (خوازە، درکە،.. هتد)، چونکە لەگەڵ سەرهەڵدانی پراگماتیکدا، پراگماتیکناسەکان توانیان بابەتەکانی ڕەوانبێژی بخەنە نێو زمانەوە، لەبەر ئەوەی ئەم بابەتانە بابەتی زمانن، نەوەک ئەدەب،

بەڵام لە ئەدەبدا بۆ مەبەستی جوانکاری بەکاردەهێنرێن. پراگماتیک کۆمەڵێ پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە:

پراگماتیک بریتییە لە پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، یاخود پراگماتیک لە بەکارهێنەری زمان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ئەو بابەتەی کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دێتە ئاراوە. یاخود پراگماتیک ئەو لایەنانەی زمان دەگرێتەوە، کە ناوازەیی و ناپەسندییان پێوە دیارە.

**٧. زمانەوانی مێژوویی**

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی تیۆری، ئەم لقەی زمان باس لە سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان و سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات. بەو واتایەی ئەم لقەی زمان باس لە گریمان و تیۆرەکانی پەیدابوونی زمان دەکات، لەوانە: (گریمانەی خواکرد، گریمانەی کۆمەڵایەتی، گریمانەی ڕێککەوتن و گریمانەنی دەنگە سروشتییەکان، گریمانەی لاساییکردنەوە، گریمانەی مرۆڤکرد...... هتد)، هەروەها باس لە سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە لە بارەی زمان دەکرێت، لەوانە: (زمانەوانی لای هیندییەکان، زمانەوانی لای یۆنانییەکان، زمانەوانی لای ڕۆمانییەکان،..... هتد)، هەروەها ئەم لقەی زمان باس لە دابەشبوونی زمانەکانیش لەڕووی خێزان زمانەوانییەوە دەکات، لەوانە (خێزانە زمانی هیندۆ ئەوروپی، خێزانە زمانی سامی ـ حامی، خێزانە زمانی کەڵتی، خێزانە زمانی چینی تیبتی.. هتد).

## دووەم: زمانەوانی کارەکی (پراکتیکی)

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، ئەم لقە بەرانبەر زمانەوانی تیۆری دەوەستێت، ئەم لقە باس لە هەندێ بوار و لایەنی زمان دەکات لەڕووی کردەییەوە، لەوانە: (فەرهەنگسازی، زمانەوانی بەراوردی، زمانەوانی بەرامبەری، زمانەوانی دەروونی، زمانەوانی ماتماتیکی، زمانەوانی ئاماری، زمانەوانی ئامێری، زمانەوانی کۆمەڵایەتی، فێربوونی زمان، نەخۆشییەکانی گوتن..... هتد).

لێکۆڵینەوە زمانناسییەکان چەندین سەدەیە خراونەتە قۆناغی پراکتیکی و جێبەجێ کردنەوە، بەڵام زمانەوانی کارەکی وەک زانستێکی سەربەخۆ، سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٤٦) لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە لەم ساڵەدا کۆمەڵێ زمانەوان گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کە یەکێک لە هۆکارەکانی پەیدابوونی جەنگی جیهانی پەیوەست بوو بە زمان، چونکە ئەوەیان خستەڕوو کە بەهۆی لە یەکتر نەگەیشتنەوە بوو جەنگ ڕوویدا، ئیتر دوای ئەم ساڵە گرنگییەکی زۆر بە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی درا، یەکەم لقیش کە بووە هۆی سەرهەڵدانی زمانەوانی پڕاکتیکی (فێربوونی زمان) بوو، بە تایبەتی فێربوونی زمانی دووەم، هەر بۆیە زانکۆکانی جیهان دەستیان کرد بە کردنەوەی بەشەکانی زمان و هانی خەڵکیاندا بۆ فێربوونی زمانی دووەم.

هەمدیسان ئەم لقەی زمان هەر لە ساڵی ١٩٤٦ لە پەیمانگەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی سەر بە زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا بەکارهێنرا و گەشەی بە خۆوە بینی، ئەو پەیمانگەیە لە بواری

فێرکردنـی زمـانی ئینگلیزیـدا پسـپۆڕ بـوو، ئـەوەش بـە سەرپەرشـتی هەردوو زانای بەناوبانگ (چارلز فرایز) و (ڕۆبێت لادۆ)، دواتـر ئـەو پەیمانگەیە گۆڤارێکی بەناوبانگی بە ناوی فێربوونی زمان ـ زمانەوانی کارەکی بڵاوکردەوە، دواتریش لـە زانکۆی (ئـەدەنبرە) کە یەکێکە لـە زانکـۆ بەناوبانگـەکان و پسـپۆڕی بوارەکەیـە، قوتابخانـەی زانسـتیی زمانی کارەکی دامەزرا .

لەبەر پێویستی زانکۆکان بەم زانستە نوێیە لـە بـواری زمانناسـیدا، لـە ماوەیـەکی کەمـدا لـە زۆرێـک لـە زانکۆکـان بڵاوبـووەوە، لـە سـاڵی ١٩٦٤ یەکێتی زمانـەوانی کـارەکی نێودەوڵـەتی دامـەزرا، کـە زیـاتر لـە بیست و پێنج کۆمەڵەی نیشتمانی زمانەوانی کارەکی لەخۆوەدەگرێت، ئـەو یەکێتییـە هـەر سـێ سـاڵ جارێـک کۆنفرانسـێکی زانسـتیی سازدەدات.

**چەمک و پێناسینی زمانەوانی کارەکی**

ئـەم زانسـتە زانسـتێکی هاریکـارە لەگـەڵ زانسـتەکانی تـری مرۆڤایـەتی، لەوانە(دەروونناسـی، کۆزمانـەوانی، پەروەردەناسـی، فەرهەنگناسـی.....هتد). واتـە ئـەم زانسـتە پـردی پەیوەندییـە لەگـەڵ زانستەکانی تر.

لەبارەی پێناسینی زمانـەوانی کارەکییەوە، ئـەوا کۆمـەڵێ پێناسـەی جیا جیا لەبارەی ئەم زانستەوە خراونەتەڕوو، لەوانە:

کریستال دەڵێت: زمانەوانی کارەکی ئەنجامی ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە زمانی و شێوازێکی هونەرییە لە مەیدانی نازمانەوانی بەجێدەهێنێت.

کۆردێر دەڵێت : زمانەوانی کارەکی بەکارهێنانێکی ئاشکرای زمانە، کە تێیدا زمان توخمێکی بنەڕەتی زمانە.

زمانـەوانی کـارەکی لقێکـە لـە زمانـەوانی گشـتی، کـە تایبەتـە بـە لێکۆڵینــەوە و شــرۆڤەکردن و ڕاســتکردنەوەی هەڵــەی زمــانی و فێربوونی زمانی دووەم یا زمانی بێگانە، ئەمەش بە لەبەر چاوگرتنی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەیی ....هتد.

**سروشت و بواری زمانەوانی کارەکی**

هەندێک زانا وای دەبینن کە زمانـەوانی کـارەکی زانسـتێکی تـەواو سەربەخۆیە و لە زانستەکانی تر جیا دەکرێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە زانستەکانی ترەوە نییە، هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە ئەم زانستە پەیوەندییــەکی پتــەوی هەیــە لەگــەڵ زمانــەوانی تیــۆری و لێــی جیانابێتەوە، هەندێکی تریش وای دەبینن، کـە ئـەم زانسـتە پەیوەنـدی لەگەڵ زانستەکانی تر هەیە و بەبێ ئەوان ناتوانن کار بکەن.

لـە هــەمان کاتیشــدا زمانــەوانان بۆچــوونی جیاوازییــان لــەبارەی سروشــت و مانــا و بــواری زانســتەکە، چ لــە ڕووی بــواری کــاری زمانـەوانی کـارەکی، چ لـە ڕووی ئـەو نـاو و زاراوەیـەی بەرانبـەر بـە زانستەکە بەکارهێنراوە.

کەواتە دوو تێڕوانین بۆ سروشتی کاری زمانەوانی کارەکی هەیە:

**یەکـەمیان/ تێڕوانینـی تەسـک**: بـە گـوێرەی ئـەم تێڕوانینـە زمانـەوانی کارەکی سنووری کارکردنی تەسکە و گـەلێک بـوار بـەخۆوە ناگرێت،

بەڵکو ئەم زانستە تەنیا هەندێ بواری دیاریکراو دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: کۆمەڵایەتی و دەروونی و فێربوون.

**دووەمیان/ تێڕوانینی فراوان:** بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە زمانەوانی کارەکی سنووری کارکردنی فراوانە و گەلێک بوار بەخۆوە دەگرێت، و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زانستەکانی ترەوە هەیە، ئەوانیش بریتین لە: فەرهەنگ و وەرگێڕان و کۆمپیوتەر و پلاندانان و بایۆلۆجی و .......هتد.

لە زۆربەی ئەو کۆنفرانسانەی لەبارەی زمانەوانی کارەکی ئەنجامدراون، ئەم بوارانەیان دەست نیشانکردووە:

١. فێربوون و فێرکردنی زمانی یەکەم
٢. فێربوونی زمانی دووەم و زمانی بێگانە بەگشتی
٣. فرەزمانی
٤. پلانی زمانی
٥. کۆزمانەوانی
٦. زمانەوانی دەروونی
٧. چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئاخاوتن
٨. وەرگێران
٩. فەرهەنگناسی
١٠. زمانەوانی بەراوردی
١١. زمانەوانی بەرانبەریی
١٢. زمانەوانی کۆمپیوتەری
١٣. سیستەمەکانی نووسن

١٤. دەیەها بواری تر....

ئاشکرایە هەندێک لەو بوارانە ئێستا بوونەتە زانستێکی سەربەخۆ، بەتایبەتی کۆزمانەوانی، زمانەوانی دەروونی، ئەو لایەنانەش بۆ خۆیان ئاماژەن بۆ شێوە گشتییەکانی ئەم زانستە، چونکە زۆربەیان ئاماژە بە بوونی گرفتێک دەکەن کە پێویستی بە چارەسەرە، بۆ نموونە: فرە زمانی گرفتە و پێویستی بە چارەسەرە، نەخۆشییەکانی ئاخاوتن گرفتە و پێویستی بە چارەسەرە......

# چەند لایەنێکی زمانەوانیی دەروونی[1]

[1]- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (زانکۆی گەرمیان)، ژمارە(٦)، ٢٠١٥، ل ٩٤ - ١١٧ بڵاوکراوەتەوە.

# پێشەکی

### ١. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (چەند لایەنێکی زمانەوانیی دەروونی)یە، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چەمک و لایەنە گرنگەکانی زمانەوانیی دەروونی، کە بە یەکێک لە گرنگترین لقەکانی زمانەوانیی کارەکی دادەنرێت، بایەخ بە توێژینەوەی زمان و چۆنیەتیی وەرگرتن و بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان دەدات. سەرەڕای ئەمەش ئەو زانستە یەکێکە لە بابەتە زۆر گرنگەکانی زمانەوانی، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بە چەندین بابەتی گرنگی زمانەوانی دەروونی دەکات، لەوانە: زمان و بیر، زمان وەرگیراوە یان دانراو، وەرگرتنی زمان، فێربوونی زمان و نەخۆشییەکانی گوتن.

### ٢. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم گرنگییەکی زۆر بە زمانی کارەکی دراوە، بەجۆرێ وەک لقێکی سەرەکی لە زمانەوانی لێی کۆڵدراوە، لە هەمان کاتیشدا لقەکانی زمانەوانیی کارەکی لە زمانە جیاجیاکانی جیهان توێژینەوەیەکی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمەی کورد کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، بەتایبەتی زمانەوانیی دەروونی، کە چەند لێکۆڵینەوەیەکی کورت و ناگشتگیر و لەسەر کراوە، بۆیە ئێمە ئەم هەلەمان قۆستەوە بە تەرخانکردنی کاتمان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم

لقه گرنگەی زمانەوانیی کارەکی، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی یاریدەدەر بۆ کتێبخانەی کوردی.

**٣. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، کە بەهۆیەوە باسی چەمک و پێناسین و ئەنجام و بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی دەکات، بە وەرگرتن و پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و شرۆڤەکردنی ئەو دەقانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە.

**٤. گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە**

گەورەترین گیروگرفت کە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تووشمان هاتبێت، وەرگێڕانی ئەو هەموو دەقە ئینگلیزیی و عەرەبییە بوون کە پەیوەستبوون بە زمانەوانیی دەروونی بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە بەڕاستی کتێبخانەی کوردی لەم بارەی زماندا هەژارە، بەجۆرێ دەیان سەرچاوە هەن، کە تێیدا باسی زمانەوانیی کارەکی بەگشتی و زمانەوانی دەروونیی بەتایبەتی دەکەن، کەچی بەداخەوە نەخراوەتە سەر زمانی کوردی، کە ئەمەش هەژاری کتێبخانەی کوردی و ناوەندە زانستیی و زانیارییەکانی کوردی دەگەیەنێت.

**٥. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە:.

**لە بەشی یەکەمدا**، کە سێ تەوەرە لەخۆ دەگرێت، تێیدا باسی مێژووی سەرهەڵدان و چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دەروونی کراوە.

**بەشی دووەم،** کە چەندین تەوەرە لەخۆ دەگرێت، تێیدا باس لە بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی دەکات، تێیدا زمان و بیر، زمان وەرگیراوە یان دانراو، وەرگرتنی زمان و فێربوونی زمان و نەخۆشییەکانی گوتن ....هتد کراوە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: مێژوو و پێناسین و ئامانجەکانی زمانەوانیی دەروونی

### ١.١: مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانیی دەروونی

بەشێوەیەکی گشتی زاراوەی زمانەوانی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت، ئەوانیش زمانەوانیی تیۆری و زمانەوانیی کارەکین،[١] زمانەوانیی دەروونی (psycholinguistics) بە یەکێک لە گرنگترین لقەکانی زانستی زمانەوانیی کارەکی دادەنرێت، کە بایەخ بە توێژینەوەی زمان و چۆنیەتی وەرگرتن و بەکارهێنان و تێگەیشتنی زمان دەدات. سەرەڕای ئەمەش ئەو زانستە یەکێکە لە بابەتە زۆر گرنگەکانی زمانەوانی.

ئەم زانستە، پەیوەندییەکە لە نێوان زمان و دەروونناسی، یاخود هەڵسوکەوتی زمانەوانیی پەیوەست بە هەڵسوکەوتی نازمانەوانی.[٢] ئەم زانستە لە چلەکان سەری هەڵداوە و لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو لە ئەمەریکا جێگیر بوو.[٣] بایەخدان بەو زانستە بەشێوەیەکی زۆر لە ئەمریکا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو دەستی پێکرد، بە تایبەتی ساڵی ١٩٥٣ بە ساڵی لەدایکبوونی ئەم زانستە لەقەڵەم دەدرێت، کاتێک لە شاری (بلومنگتون) لە ویلایەتی (ئەندیانا)

---

١. جودث جورين جرين(١٩٩٣)، علم اللغة النفسي(تشومسكى و علم النفس)، الترجمة و التعليق: د.مصطفى التوني، الهيئة المصرية العامة، ص ٢٣٢.

٢. جرهارد هلبش(٢٠٠٧)، تطور علم اللغة منذ ١٩٧٠، ترجمة: د.سعيد حسن بحيري، الطبعة الاولى، مكتبه زهراء الشرق، القاهرة، ص٤٠٥.

3-Gauger،H.M.(1973)، Psycholinguistik. In: Lexikon der Germanistischen Linguistik.Hrsg. p299.

دەستەیەک لە زانایانی دەروونناسی و ئەتنۆلۆجییەکان و زمانەوانان کۆبوونەوە و سنور و چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی دەرونییان دارشت، بەم شێوەیە دەبینین زاراوەی زمانەوانیی دەروونی وەکو زاراوەیەک بەو لێکۆڵینەوە جیاوازانە دەوترێت کە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان لە ڕوانگەی دەروونییەوە ئەنجام دەدات، لێکۆڵینەوەکانیش ئامانجیان ئەوەیە بگەنە بەڵگە و ڕاستی لە ڕێگەی تێکەڵکردن و تاقیکردنەوەوە، کە چۆن مرۆڤ زمانەکەی خۆی فێردەبێت یان وەردەگرێت، یان چۆن ئەم زمانە لەگەڵ کارامەییەکان خۆی بەکاریان دەهێنێ و چۆن هەست بە گوتن دەکا و دروستی دەکات، یان چ پەیوەندییەک لە نێوان زیرەکی و مێمەریدا هەیە، کە بەشداری کردەی گوتن دەکەن، هەروەها چ پەیوەندییەک لە نێوان زمان و کردەی بیرکردنەوەدا هەیە.[1] ئەگەرچی لە ڕووی ئەزموونییەوە دەروونناسی بەریتانی (فرانس گاڵتۆن) یەکەم کەس بووە، کە تاقیکردنەوەکانی زمانەوانیی دەروونی ئەنجامداوە.[2]

هەروەها سەرهەڵدانی کاتێک بوو کە چۆمسکی بیروڕا ڕەخنەییەکانی خۆی لەبارەی سروشتی زمان و کاری زمان و شێوازەکانی وەرگرتنی زمان لەگەڵ بابەتی میتۆدی توێژینەوەی زمان و شرۆڤەکردنی لە کتێبە بەناوبانگەکەی "ڕۆنانە

---

١. یوسف شەریف سەعید(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل١٨.

٢. ئەڤین سامی عارف(٢٠١١)، کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ل٢٧.

سینتاکسییەکان" بڵاوکردەوە.[1] هەروەها چۆمسکی لە کاتی هێرشە توندەکانی بۆ سەر بونیادگەریی و بونیادگەرەکان و ڕەفتاریی و ڕەفتارخوازەکاندا، بەتایبەتی دەروونناسی ڕەفتاری سکنەر، بۆچوونەکانی خۆی بڵاوکردەوە، چونکە ئەوان بایەخ بە ڕووکەشی زمان دەدەن و بایەخ بە ناوەرۆکی نادەن، بەشێوەیەکی میکانیزمیش شرۆڤەی وەرگرتنی زمان دەکەن، بایەخیش بە لایەنی ئەفراندن نادەن لە شێوازی وەرگرتن و بەکارهێنانی زماندا.[2] زمانەوانیی دەروونی تاوتوێی چەندین بابەتی گرنگ دەکات، لەوانە: بیر، هارمۆنتیکی زمان و زاراوەکانی، وەرگرتنی زمان(تیۆر و بونیادەکانی) و زمانی ئاژەڵان، زمانی هێما، نەخۆشییەکان قسەکردن، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکە.

هەروەها زمانەوانیی دەروونی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە زانستی دەمارییەوە و ئەو ئەنجام و تاقیکردنەوانەی، کە زمانەوانیی دەماریی لە ڕووی بایلۆژییەوەپێیدەگات، لە زمانەوانیی دەروونیدا بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام دەکرێ لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەوەی زمانەوانی لە پێکهاتە و مەرج و قەیدە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە و بە ڕادەیەک هەندێک جار وەها دەردەکەوێت، کە تەنها رنگی بە لایەنی یاسا و فۆرمی زمان دەدات، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە زمانییەکان خۆیان

---

1. Chomsky,N.( 1957), Syntactic Structures, The Hague: Mouton،p 44.

2. Chomsky,N.(1959)،Review of B. F.Skinners Verbal Behavior, Language،p 35.

به کۆد و پێکهاتەی پەیامەکانەوە خەریک دەکەن، لەلایەکی ترەوە دەروونناسی جەخت لەسەر لایەنی جێبەجێکردن و توانا دەکاتەوە، بەڵام لە زمانەوانیی دەروونیدا کار لەسەر بنەماکانی هەردوو زانستەکە دەکرێتەوە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە ڕاستی و ڕاستەقینەی لایەنە شاراوەکانی پێکهاتەی ئاوەزیی مرۆڤ.[1]

هەندێ کەس پێیان وایە، زمانەوانیی دەروونی بە یەکێک لە زانستە نوێیەکان دادەنرێت، کە تا نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕوخسار و سەربەخۆیی تەواوی خۆی بەدەست نەهێناوە، ئەمەش لە ئەنجامی دەرکەوتنی ئاڕاستەی مەعریفی زگماکی بوو لە زانستی زماندا، بەرهەمی بەیەکگەیشتنی ڕاستەقینەی هەردوو زانستی زمان و دەروونناسی بوو، سەرەڕای ئەمەش بەرهەمی ئەوەبوو کە ئاڕاستەی هۆشەکی زانیاریی دەروونی گرتەوە لە تێڕوانینی بۆ شێوازەکانی وەرگرتن و فێربوون و فێرکردنی زمان، شوێنی ئاراستەی ڕەوشتی و دەروونی گرتەوە کە پەیوەست بوو بە زمانەوانیی بونیادگەریی.[2]

بایەخدان بە لایەنی دەروونی لە توێژینەوەی زماندا زۆر کۆنە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمی زایینیشدا زاراوەیەکی کلاسیکی بۆ ئەو پەیوەندییە بەکارهات، کە دەروونناسیی زمان بوو، ئەمەش لەلایەن

---

١ـ ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل ٣٨.

٢ـ عبدالعزیز ابراهیم العصیلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسی، الطبعة الاولی، الریاض، السعودیة، ٢٠٠٦،، ص ٢٥.

چەند زانایەکەوە بوو، لەوانە هیرمان پۆل و کەسانی دیکە بوو، کەچی هەندێکی دیکە وای دەبینن کە زاراوەی (دەروونناسیی زمان) یان(سایکۆلۆژیەتی زمان) گوزارشتێکە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن (ئیزجۆ دووسیۆک) بەکارهاتووە، کە توێژینەوەی زمانە لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا، هەروەها بایەخ بە شێوازەکانی توێژینەوەی زمان و سایکۆلۆژیەتی فێربوونی زمان دەدات، جگە لەمانەش باسی قوتابخانە جیاوازەکانی دەروونناسی دەکات، کە چۆن چارەسەری کەموکووڕییەکانی گۆکردن و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین دەکەن، جا ئەو زمانە زمانی دایک بێت یان زمانی بێگانە بێت.[١]

دێڤید کریستال پێی وایە زمانەوانیی دەروونی دوو لایەنی گونجاو هەیە بۆ خوێندنی بابەتەکانی، یەکێکیان ئەوەیە کە زمان وەک ئاسانکارییەک بۆ تیۆر و پرۆسەکانی دەروونزانی بەکاردێ، وەک: ڕۆڵی زمان کاتێک کاریگەر دەبێت لەسەر هزر، پێشبینی کردن، هۆش، فێربوون.....هتد. بۆیە بۆ ئەم حاڵەتانە هەندێ جار زاراوەی دەروونناسی زمانەوانی بەکاردێ. ئەویتریان لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی دەروونی لەسەر زمان دەکات، وەک: چۆن سنووداركردنی هزر کاریگەریی لەسەر قسەکردن و تێگەیشتنی قسە دەبێت.[٢]

---

١ـ محمود احمد السيد(١٩٩٦)، علم النفس اللغوي، الطبعة الثانية، جامعة دمشق، ص١٢.

2 -24-David Crystal, A Dictionary of Linguists and phonetics, fifth edition، Blackwell Publishing, UK، 2003, p380.

## ٢.١:چەمک و پێناسەی زمانەوانیی دەروونی

زاراوەی (psycholinguistics) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و لە دوو وشە پێک دێت، کە وشەی یەکەمیان (psycho) بە مانای (عەقل) یان (بیر)دێت، وشەکەی تریش(lingua) بە مانای زمان دێت، لە ڕووی زاراوەییشەوە واتای توێژینەوەیە لە زمان و بیر.[١]

هەروەها (ستینسال و وندت و بوهلەر)، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا گفتوگۆیان لەبارەی پرسە سەرەکییەکانی زمانەوانیی دەروونی کرد،[٢] کە ناو و نەخشە و چەمک و پرۆگرامی ئەم زانستەیان لە هاوینی ساڵی (١٩٥٣) لە کۆبونەوەیەکی گفتوگۆیی لە پەیمانگەی زمانەوانی لە زانکۆی (ئیندیانا) دانا، کە دەستەیەک لە زمانەوانان و و زمانەوانە دەروونییە ئەمریکییەکان بەشدارییان تێدا کرد و بڕیارییاندا، کە ئەم بونیادە زمانەوانییەی کە زمانەوانەکان دەیدۆزنەوە، دەکرێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی دەروونناسی و تیۆرەکانی[٣].

---

(1)John Lyons، Language and Linguistics: An Introduction، (Cambridge: Cambridge University press 1981.p268.

٢. محمد محمد یونس علی(٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانیات، طبعة الاولى، دار الکتاب الجدید المتحدة، بیروت، لبنان، ص٢٢.

(3)Hadumod Busmann، Routledge Dictionary of Language and Linguistics، translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge، 1996:390.

پەیوەندیی نێوان زمانناسی و دەروونناسی دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی زمان، چونکە یەکێکە لە ڕوخسارەکانی ڕەفتاری مرۆڤایەتی، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی دەروونناسی مەبەستی توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بێت، ئەوە توێژینەوەی ڕەفتاری زمانناسی خاڵی بەیەکگەیشتنی زمانناسی و دەروونناسی دادەنرێت، بەجۆرێک هەندێک لە زانایان وای بۆ دەچن، کە توێژینەوەی زمانناسی ناتەواو دەردەچێت، ئەگەر لەسەر بناغەی توێژینەوەی ئەو هێزە دەروونییە شاراوەیەدا نەکرێت، کە خۆی لە پشت زمانەوە شاردۆتەوە، هەروەها پێویستە توێژینەوەی دەروونیش پشت بە دەستکەوتەکانی زمانناسی ببەستێت، پاشان هەردوو زانست، زمان و دەروون تێکەڵ بەیەکتر بوون، ئەنجام زمانەوانیی دەروونی هاتەکایەوە.[1] واتە زانستێکە هەوڵدەدات پەیوەندیی نێوان هزریی مرۆڤ و زمانەکەی بدۆزێتەوە، بۆ ئەمەش لە کاتی شیکردنەوەکانیدا پەنا دەباتە بەر زمانی تاک.[2]

لەبارەی پێناسینی زمانەوانیی دەروونییەوە، ئەوە زمانناسان و دەروونناسان پێناسەی جیاجیایان بۆ ئەم زانستە کردووە، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لەو پێناسانە بخەینەڕوو.

---

١. کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٠٥)، لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، وەرگێڕانی: د.ئازاد باخەوان، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ل٧٥.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل ٣٦.

جاک ڕیچاردز بەو شێوەیە پێناسەی زمانەوانیی دەروونی دەکات: بریتییە لەو زانستەی کە بایەخ بە توێژینەوەی ئەو پرۆسە عەقڵیانە دەدات، کە لەکاتی بەکارهێنانی زمان لەلایەن مرۆڤەوە لە ڕووی تێگەیشتن و بەرهەمهێنانەوە ڕوودەدەن، هەروەها بایەخ بە خودی وەرگرتنی زمان دەدات.(١)

هەندێکی تر پێیان وایە زمانەوانیی دەروونی: زانستێکە بایەخ بە توێژینەوەی ڕەوشتی زمانەوانیی مرۆڤ و ئەو پرۆسە دەروونی و عەقڵانی و مەعریفییە دەدات، کە لە کاتی بەکارهێنانی زمان ڕوودەدەن، هەروەها بایەخ بە وەرگرتنی زمان لەلایەن مرۆڤەوە دەدات.(٢)

دێڤید کریستاڵ لەبارەی زمانەوانیی دەروونییەوە دەڵێت:((لقێکی زمانەوانییە تایبەتە بە خوێندنی زمانەوانیی کارەکی و کردە دەروونییەکان، کە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کردارانە دەخوێندرێت)).(٣)

د.یوسف شەریف سەعید لەم بارەوە دەڵێت:((ئەم زانستە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی لە ڕێگای فێربوونی زمانی دایک و فێربوون و

---

[1]. Richards,J; Platt،J;and Platt, H.Longman Dictionary of Language& Teaching and Applied Linguistics, 2nd edition, Essex,UK:Longman.1992،p.300.

٢ـ عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، الرياض، السعوديه، ٢٠٠٦، ص ٢٧.

3 -24-David Crystal, A Dictionary of Linguists and phonetics، fifth edition, Blackwell Publishing, UK, 2003، p380.

فێرکردنی زمانی بێگانە و هۆکارە دەروونییە کاریگەرییەکانی سەر ئەم کردە و کەم و کورتییەکانی گۆکردن و چارەسەرییەکانی و لە پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤایەتی و زمان بە شێوەیەکی گشتی و کردە دەروونییە هزرییەکان و کارامەییە زمانییە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە)).[١]

یاخود زمانەوانیی دەروونی لقێکە لە لێکۆڵینەوەکانی سایکۆلۆژیای درککردن، کە بنچینەکەی لە توانست و توانای زمانییەوە هاتووە.[٢]

کەواتە وەکو دەردەکەوێت، زمانەوانیی دەروونی زانستێکە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەروون دەکۆڵێتەوە و هەوڵدەدات ئەم گرۆتینەی بابەتەکانی نێوان ئەم دوو زانستە بخاتە پاڵ یەکترەوە.

---

١. یوسف شەریف سەعید(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ل١٦ ـ ١٧.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل ٣٧.

### ٣.١: ئامانجەکانی زمانەوانیی دەروونی

گرنگترین ئامانجەکانی زمانەوانیی دەروونی بریتییە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە: **مرۆڤ چۆن زمان وەردەگرێت و چۆن بەکاری دەهێنێ؟** لەوانەشە چەندین لقە پرسیاری دیکە لەو پرسیارە سەرەکییە ببێتەوە، کە زمانەوانیی دەروونی کۆشش دەکات وەڵامیان بداتەوە، لەوانە: چۆن مرۆڤ لە زمان دەگات و چۆن بەرهەمی دەهێنێ؟ ئایا ئەرکی ڕێسا عەقڵییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیدا چییە؟ ئایا ئەو میکانیزمانەی مێشک چییە کە کار بەو پرۆسەیە دەکات؟ ئەو کێشانە چین کە کاریگەرییان بەسەر وەرگرتنی زمان و تێگەیشتن و بەکارهێنانی هەیە؟.

لەم بارەوە (د.یوسف شەریف سەعید) لە کتێبەکەی خۆیدا(زمانەوانی)، ئەوە زیاتر ڕووندەکاتەوە، کە زمانەوانیی دەروونی هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١. ئایا هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەو تیۆرییە زمانییانەی، کە زانایانی ڕێزمانی گوێزانەوە بۆیان داناوە؟

٢. ئایا زمان خۆڕسکە لای مرۆڤ، ئایا لەگەڵ مرۆڤ لەدایکدەبێت؟ یان چالاکییەکە مرۆڤ فێری دەبێت؟

٣. لە کاتی شێوانی گوتندا بە هۆی تووشبوون یان نەخۆشییەک یان هەر هۆکارێکی تر چ ڕوودەدات، کە توانای گوتن لەدەست دەدرێت، ئایا دەکرێت ڕێگاچارەیەک بۆ ئەمانە بدۆزرێتەوە؟

٤ـ ئایا زمان تایبەتە بە مرۆڤ؟ گریمانەیەکی ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە، بۆچی؟.[١]

کەواتە دەکرێت گرنگترین بوارەکانی ئەو زانستە و بابەتەکانی لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:[٢]

**١ـ وەرگرتنی زمان، جا زمانی دایک بێت یان زمانی دووەم و زمانی بێگانە بێت.**

**٢ـ قسەکردن و بەکارهێنانی زمان.**

**٣ـ تێگەیشتن لە زمان، زارەکی بێت یان نووسراو.**

**٤ـ کێشە و پەشێوکاوی زمان، وەک خەوشەکانی گۆکردن لە زگماکییەوە، یان ئەو کەموکووڕییانەی کە لە ئەنجامی لەدەستدانی ئەندامێکی گۆکردن یان بیستن یان بینین دروست دەبێت یان ئەوانەی پەیوەندیی بە مێشک و دەمارەکانەوە هەیە.**

**٥ـ دوانەی زمانەوانی و فرە زمانی، توێژینەوەی ئەو بابەت و کێشانەی، کە پەیوەندییان بە وەرگرتنی زمانی دایک و زمانی دووەمەوە هەیە.**

---

١ـ یوسف شەریف سەعید(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل١٧ ـ ١٨.

٢ـ عبدالعزیز ابراهیم العصیلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسی، الطبعة الاولی، الریاض، السعودیة، ٢٠٠٦، ص ٣٥ ـ ٣٧.

**٦ـ زمانی ئاماژە لەلایەن نابیستەکانەوە، لە ڕووی بەکارهێنان و وەرگرتن و ڕێسادانانەوە، لەگەڵ توێژینەوەی بابەت و کێشە زمانەوانی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

لەپاڵ ئەمەشدا دوو ئاراستە هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەم زانستەدا، ئەوانیش بریتین لە:

١ـ هەوڵدەدات زمان بۆ لێکدانەوەی کارلێکە ناوەکییە دەروونییەکان بەکاربهێنێت، کە خۆی لە پرۆسە و تیۆرە زمانییەکاندا دەبینێتەوە، واتە لە ڕێگەی گشتگیرکردنی لێکدانەوەی زمانییەکانەوە لە زمانەوانیی دەروونی دەدوێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی لێکدانەوە سیماتیکییەکان بۆ هەندێک لە دیاردەکانی (هەڵخلیسکانی زمانی، گەڕانەوە، تێکچوونی زمانی .........هتد)، یاخود خوێندنەوەی (هێز و ئاوازی دەربڕینەکان).

٢ـ لە مەرج و قەیدەکانی سایکۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر زماندا دەچەسپێنرێت، بۆنموونە چۆن ڕووکارەکانی میمۆری کار لەسەر ئاخاوتن دەکەن لە کاتی بەرهەمهێنان و لێتێگەیشتندا.[١]

---

١ـ ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل ٣٨.

## بەشی دووەم: بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونی

### ١.٢: زمان و بیر

پەیوەندی نێوان زمان و بیر، کێشەیەکە بە درێژایی مێژوو بیری فەیلەسووفان و زانایانی خەریک کردووە، هەر بۆیەش چەندین بیروبۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە، هەندێکیان زمان و بیر بە دوو شتی جیاواز دادەنێن و هەندێکی تر دەڵێن زمان و بیر لە دوو بنچینەی جیاواز هەڵدەقوڵێن، بەڵام لە کاتی گەشەکردنی زمان لای منداڵ یەکدەگرنەوە، هەروەها هەندێکی تر دەڵێن زمان و بیر دوو شتی جیاوازن، بەڵام پەیوەندی نێوانیان زۆر بەهێزە.[(١)]

برگسۆن پێی وایە زمان و بیر هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نییە و دوو شتی جیان و خاڵی هاوبەشیان نییە، لە هەمان کاتدا فیکۆتسکی پێی وایە زمان و بیر لە دوو ڕەگ و ڕیشەی جیاوازەوە سەریان هەڵداوە، بەڵام لە کاتی گەشەکردنی منداڵدا یەکدەگرنەوە و تێکەڵ بە یەکتر دەبن.[(٢)]

ئیبن خەلدوون پێی وایە خودا بە(بیر) مرۆڤی لە تەواوی ئاژەڵەکانی دیکە جیاکردۆتەوە، ئەمەشی کردۆتە بنەمای کەمال و کۆتایی چاکەی خۆی بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی دیکەوە. ئاژەڵەکان بەو هەستانەی خودا پێیداون لە بیستن و بینین و بۆنکردن

---

١. زەیتۆ شێخانی(٢٠٠٢)، زمان و پێوەندی بە بیرکردنەوەوە، گ.ڕامان، ژ.(٦٨)، ٥ی شوباتی ٢٠٠٢، ل ٢٠٠.

٢. موفق الحمداني(د)(١٩٨٢)، اللغة و علم النفس ـ دراسة للجوانب النفسية للغة، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر/ جامعة الموصل، بغداد، ص١٨٥.

و تامکردن و بەرکەوتن دەتوانن هەست بە شتەکانی دەرەوە بکەن. کەچی شتێکی دیکە بۆ مرۆڤ زیاد دەکات تا لەڕێگەی خۆیەوە هەست بە شتەکانی دەرەوە بکات، ئەمەش ئەو بیرەیە کە لە دوای هەستەکەوە هەیەتی، بەو لایەنانەی کە لە ناوەوەی مێشکی دایە، دەتوانێ وێنەی هەستپێکراوەکان بکات و لە هزردا بیانجولێنی و وێنەی دیکەی لێ دروست بکات.[1] بیر لێرەدا هەڵسوکەوتکردنە بەو وێنانەی کە لە دوای هەستەوە هەیە و لە جوڵانەوەی هزردان، لەوانیشەوە داماڵین و پێکهێنانی وێنەکانە. ئەمە واتای دڵە کە خودای گەورە فەرمویەتی((**و جعل لكم السمع و الابصار و الافئدة**)) . سورەتی (تبارک)، ئایەتی ٢٣. لە زمانی عەرەبیدا وشەی(الافئدة) کۆی وشەی فوئادە، لێرشەوە بە مانای بیر دێت.

هەروەها چۆمسکی پێی وایە زمانی مرۆڤ کلیلی ناسینی عەقڵی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤە، مرۆڤ بە توانای بیرکردنەوە و زیرەکی لە ئاژەڵان جیادەکرێتەوە، بە توانا زمانەوانییەکەشی کە گرنگترین لایەنی زیندەچالاکی مرۆڤە، بۆیە گونجاو نییە زمان بەو گرنگییەوە بکرێتە پێکهاتەی ڕواڵەتی و داماڵڕاو لە مانا وەک ڕۆنانکارییەکان و ڕەوشتخوازەکان تێی دەگەن.[2]

---

١. عبدالرحمن محمد(٢٠٠٨)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: علي عبدالواحد وافي، الطبعة الثالثة، القاهرة، دار نهضة، مصر للطبع و النشر، ج٣، ص١٠٠٨ ـ١٠١٠.

٢. عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(١٩٩٩)، النظريات اللغوية و النفسية و تعليم اللغة العربية، الطبعة الاولى، مطابع التقنية للأوفسيت، الرياض، السعودية، ص ٧٣.

چۆمسکی به بیروڕاکانی ڕێبازی فەلسەفەی هۆشەکی کاریگەربووە، کە لە سەدەی حەڤدەهەم باو بووە و دیکارتی فەیلەسوفیش یەکێک بووە لە کەسە ناودارەکانی ئەو ڕێبازە. بۆیە دەبینین بۆچوونەکانی چۆمسکی لەبارەی سروشتی زمانەوە قووڵە و تەواو پێچەوانەی ئەو ڕواڵەتیەیە کە زانایانی پێش خۆی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەیانبوو، هەروەها چۆمسکی کاریگەریش بوو بە (هامبۆڵت) کە زمانی بە عەقڵ بەستەوە.[1]

فۆن هامبۆڵت کاریگەر بوو بە (سلفستەر دی ساسی)، **بەجۆرێ هەر سلفستەر دی ساسی بوو کە هامبۆڵت و کەسانی دیکە پێگەیاندووە.**[2] دی ساسی هەموو بنەماکانی سینتاکسی وەسفی وەرگرتبوو، ئەو لە سەردەمی خۆیدا نوێنەرایەتی ئەو ڕێبازەی دەکرد.

### ٢.٢: زمان وەرگیراوە یان دانراوە

زمانناسەکان کە باسی دیاردەی زمانیان کردووە، پرسیاری ئەوەیان کردووە: ئایا زمان وەرگیراوە؟، واتە ئیلهام و وەحی بووە، یان دروستکراو بووە و دانراوە؟. هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە زمان وەرگیراوە و وەحییە لەلایەن خودای گەورەوە مرۆڤ وەری گرتووە، بە بەڵگەی ئەوەی مرۆڤی فێری چەندین شت کردووە، کە

---

١ـ محمود احمد السيد(١٩٩٦)، علم النفس اللغوي، الطبعة الثانية، جامعة دمشق، ص٥٩.

٢ـ نهاد الموسى(١٩٨٠)، نظرية النحو العربي في ضوء مناهج النظر النحوي الحديث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ص ٥٤ ـ ٥٥.

مرۆڤ نایزانێ، بە ویستی خۆی بە کەسانێکی دەدات و بە کەسانی دیکەشی نادات، بۆیە کەسانێک دەبینین زمان پاراو و ڕەوانبیژن و کەسانێکیش دەبینین کەڕولاڵن، جا ئەگەر دانراو و دروستکراوی مرۆڤ بووایە، وەک خەفاجی و هۆکت باسی لێوە دەکەن، ئەوە ئەوکات کەسانی لاڵمان نەدەبینی، ئەمەش وا دەکات بڕوامان وابێت کە زمان یەکێکە لە بەخششەکانی خودای گەورە.

وەکو زانراوە و دەزانرێت، کە زمانەکان لەلایەن خواوە بەخشراون بە مرۆڤ، و مرۆڤیش هیچ دەستی لە دروستکردن و دانانیدا نەبووە، بۆیە هەموو زمانەکان وەکو یەکن **((تا ئێستا هەموو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی زمانەوانان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن و ملکەچی ئەم دیاردەیەن، کە هیچ زمانێک نییە لە زمانێکی تر باشتر و بەتواناتر و ڕێکوپێکتر بێت، لەم بارەشەوە بێوچان هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی سادە، بەڵام هەموو لێکۆڵینەوەکانیان بەفیرۆچووە، چونکە زانستی زمان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە هەموو زمانەکان بۆ مەبەستی لەیەکتر گەیشتن و پەیوەندی کردن بەکاردێن))**[1].

کەواتە موسڵمانەکان بەگشتی بۆ سەلماندنی قسەکانیان پەنا بۆ قورئانی پیرۆز دەبەن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویێت((**وعَلَمَ**

---

١. یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل١٩٣ .

**ادمَ الاسَماءَ كُلها....))** ـ سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٣١، واتە (خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کردووە).[١]

لێرەدا هەندێ لە شارەزایان ئەم ئایەتە بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە و دەڵێن: خوای گەورە ئادەمی فێری زمانەکان کردووە.

هەروەها دەبێت ئەوە بوترێت، کە وشەکانی نێو زمان پیرۆزن، چونکە زمان دیاریی خوایە بۆ مرۆڤ و وشەکانی نێو زمان هێزێکی سیحراوییان تێدایە، بەنموونە کە لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، ئەوە زمان بەکاردێنین، کە ئەمەش بەڵگەی پیرۆزی زمان دەگەیەنێت.[٢]

هەروەها ئیبن جیننی لە کتێبی ئەلخەسایس(الخصائص) ئاماژەی بە ڕاستی ئەم گریمانەیە کردووە، هەروەها هەندێکی تر پشتیان بە شتی تر بەستووە ء دەڵێن: خوای گەورە کاتێ گشت ئاژەڵەکانی کێڵگە و باڵندەکانی ئاسمانی لە قوڕ دروست کرد، لەدواییدا خستییە بەردەم ئادەم، داخۆ چۆن ناویان دەبات، هەر بۆیە ئادەم ناوی بۆ هەموو ئاژەڵ و باڵندە و ئادەمیزادەکان داناوە. واتە (ئادەم) یەکەمین کەسە، کە فێری زمان بووە، لەبارەی ئەو زمانەی (ئادەم) فێری بووە، دوو بۆچوون هەیە، هەندێک دەڵێن فێری زمانی (عیبری) بووە، کە زمانی جوولەکەیە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی دوایی زمانی عەرەبییە، ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەمانەن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ئەنەسی

---

١ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار ـ .

٢ـ یوسف شەریف سەعید(١٩٩٣)، زمان خۆکردە یان خواکردە، گ. پەیامی ڕاستی، ژ. (١٧)، ل٤٤.

کوڕی مالیک لە هاوەڵانی پێغەمبەر(د.خ) و لە ناو شارەزایان و شوێنکەوتووانی (ئەبو شەهابی زوهەری) و (ئیبن مەنزور و ئیبن فارس) دان بە ڕاستی ئەم گریمانە و بۆچوونە دادەنێن.[1]

لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا((**وَمَا عَلَّمَكُمْ مِّنَ الْجَوارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعلمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللّهُ**)) سوڕەتی (المائدة)، ئایەتی (٤)، هەر نێچیرێک ئەو جۆر سەگ و تاژییە فێرکراوانە بیگرن و خواردنی حەڵاڵە، بەمەرجێک ئەو سەگ و تاژییانە لەلایەن ئادەمیزادەوە فێری ڕاوکراوبن و مەشقداردرابن.[2]

هەروەها ئیبن فارسیش باس لەو دیاردەیە دەکات و دەڵێت:(( **زمانێکە وەرگیراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو ئایەتەیە کە خودای گەورە دەفەرموێ" و عَلمَ ادمَ الاسَماءَ كُلها"** ـ سوڕەتی (البقرة)، ئایەتی (٣١)، **ئیبن عەباس دەیگوت ئەم گوزارشتە واتای " خوا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کردووە"دەگەیەنێت، واتە ئەوە خەڵک ناوی ئەو شتانە دەناسێت، وەک ئاژەڵ و زەوی و دەشت و چیا و گوێدرێژ و لەگەڵ میللەتان و شتانی دیکە. ئەوەی ئێمە بۆی دەچین ئەوەیە کە ئیبن عەباس باسی کردووە.** ئیبن جنی لەو بارەیەوە دەڵێ:((**من بڕوای ئەوەم بەهێزە کە زمانەکە وەرگیراوە، زمان وەحییە**))، بەڵام ئەوانەی

---

١ـ علي عبدلواحد وافي(١٩٩٠)، علم اللغة، دار نهضة، مصر، ص ٩٨ ـ ١٠٠.

٢ـ خولاصەی تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلاڵەیی، چاپخانەی (دار المعرفة)، لوبنان، ٢٠١٣، ل١٩٧.

که باوەڕیان بەوەیە زمان دروستکراو و دانراوە، یەکێک لەوانە خەفاجییە، کە دەڵێ((لە ڕاستیدا زمانەکان لە بنەڕەتەوە دانراوە)).[1]

ئەو پرسە یەکێکە لەو پرسانەی کە لە زمانەوانیی دەروونی نوێدا مشتومڕی لەسەر کراوە، بەجۆرێ یەکێک لە بابەتەکانی زمانەوانیی دەرەوونی لەبارەی سەرەتای زمانە، کە ئایا وەرگیراوە یان دانراوە؟، ئەو پیاوە نموونەی بە چارلز هۆکتی ئەمریکی دەهێنێتەوە و دەڵێ: هەوڵی داوە تایبەتمەندییەکانی زمان تاوتوێ بکات و لە ئەنجامی توێژینەوەکانیشی بۆی دەرکەوتووە کە گرنگترین خەسڵەتەکانی زمان دروستکراوە و دانراوە، واتە خەڵک بە خۆیان لەبارەی ناولێنانی شتەکان و زاراوە زمانەوانییەکان ڕێک دەکەوتن، وشەکانی زمانی مرۆیش ئاماژەکردنە بۆ شتە هەستپێکراوەکانی دونیای واقیع، هەروەها گوزارشتکردنە لەو کردارانەی کە مرۆڤ و بوونەوەرانی دیکە ئەنجامی دەدەن، لەگەڵ گوزارشتکردن لە بیرۆکە ئەبستراکتەکان، هەموو ئەوانە نەوە لەدوای نەوە دەمێنێتەوە، ئاماژەکردنە بۆ شت و ڕووداوەکان کە لە ڕووی شوێن و کاتەوە لە مرۆڤەوە دوورە، سەرەڕای ئەمانەش زمانی مرۆڤ توانایەکی لە ڕادەبەدەر لە دروستکردن و داهێنان هەیە.[2]

---

١ـ أبو محمد عبدالله الخفاجي(١٩٨٢)، سر الفصاحة، الطبعة الأولى، دار الكتاب العلمية، بيروت، ص ٤٨ ـ ٤٩.

٢ـ محمود احمد السيد(١٩٩٦)، علم النفس اللغوي، الطبعة الثانية، جامعة دمشق، ص٨.

### ٣.٢: وەرگرتنی زمان

یەکێک لەو بابەتە زۆر گرنگانەی زمانەوانیی دەروونی لە سەدەی بیستەمدا زێدە بایەخی پێداوە، بابەتی وەرگرتنی زمان و ئەو تیۆرانەیە کە شرۆڤەی ئەو دیاردەیە دەکەن، جا زمانەکە زمانی دایک بێت یان زمانی بێگانە، لێرەوە بۆچوونی زانایان لەبارەی ئەو دیاردەیە دەخەینەڕوو و باس لە کاریگەریی ئەوانیش دەکەین لەسەر زانایانی هاوچەرخدا.

زانایان لە کۆندا بە نزیکەی دوانزدە سەدە لەمەوبەر، خۆیان باسیان لە دیاردەی وەرگرتنی زمان کردووە، لەوانە جاحیز دەڵێ:((**پیتی میم و بێ ئەو دوو پیتەن، کە زوو دێنە سەر زمانی منداڵان، وەک دەڵێن مامە و بابە، چونکە ئەو دوو پیتە کاری زمان نییە، بەڵکو تەنها بە گەیشتنەوەی یەکێ لە لێوەکان گۆ دەگرێت**)).[١]

ئەم دوو پیتە لەو پیتانەن کە منداڵان لە سەرەتای وەرگرتنی دەنگەکانی زمان وەریان دەگرێت، بەڵام بەر لەوانە هەر لەکاتی لەدایکبووندا پیتی (ا) گۆ دەکات، ئەم دوو پیتەش لە ساناترین پیتەکانن، چونکە پێویستییان بە کارکردنی زمان نییە، چونکە ئەو پیتانەی پێویستیان بە جوڵاندنی زمانە لە سەرەتادا بۆ ئەوان کارێکی قورسە.

دیاردەیەکی دیکەی زمانەوانی، دیاردەی وەگرتنی زمانێکی دیکەیە لە تەمەنێکی گەورەدا، ئەو دیاردەیە بە دیاردەی زمانی ناوەندی یان

---

١. أبو عثمان عمرو بحر(١٩٩٨)، البيان و التبيين، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، الطبعة السابعة، مكتبة الخانجي، القاهرة، ج١، ص٦٢.

قۆناغی ناوەندی یان بە "چەقین" ناودەبرێت، بەو مانایەی کەسێکی گەورە هەرچەند هەوڵبدات، بەڵام ناتوانێ بە تەواوی فێری زمانی دووەم بێت.

هەروەها ئەو دیاردەیە لەلایەن زمانەوانیی دەروونی تاوتوێ کراوە، لەم بارەوە مۆفەق حەمدانی دەڵێ:((**لەوانەیە ڕووبەڕووبونەوەی درەنگ بۆ زمان باش بێت، خەڵکانێک بە دروستی فێری دەبن، کەچی هەندێک لە توێژەران نارِەزاییان لەسەر دەرئەنجامەکانی هەیە، هەندێک لەو نارِەزاییانە لە ڕۆمان و چیرۆکی واقیعی وەرگیراوە. خەڵک دەزانن، یان ئێوە خەڵکانێ دەناسن بەگەورەیی فێری زمانی دووەم دەبن و داهێنانیشی تێدا دەکەن،یەکێک لەوانە کتێبە ئەدەبییەکانی نووسەری بەناوبانگ جۆزیف کۆنرادە، کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیوتی، کەچی بە تەمەنی گەورەیی فێری ئەو زمانە بوو**))،[١] بەڵام لایەنگرانی ئەو تیۆرە نارِەزایی دەردەبرِن و وەڵامی دەدەنەوە و دەڵێن تیۆرەکەی ئێمە باسی گشت خەڵک دەکات، کەسانێکی کەم لە داهێنەران ناکاتە پێوەر، بۆیە زۆر دەگمەنە کەسێک بە گەنجی فێری زمانی دووەم بێت، بتوانێت بەرِەوانی وەک خەڵکانی خاوەن زمانەکە قسەی پێ بکات، کاتێکیش خەڵک ئەو حاڵەتە تایبەتە دەبینن بەسەرسامییەوە لەبارەیەوە دەدوێن، کەسێکی گەورە لەتەمەندا زمانێکی نوێ بەباشی فێر دەبێت، شتێک ڕێگری لێدەکات ئەو ڕاهاتنەیە کە لە گۆکردن

---

١ـ موفق الحمداني(٢٠٠٧)، علم نفس اللغة من منظور معرفي، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ص ٢٠٠.

هەیەتی لەگەڵ ئەو ڕێسایانەی کە لە زمانە کۆنەکەیدا لێی ڕاهاتووە، لەم بارەوە(**دوجۆلاس براون**) جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە و دەڵێ:(( **ئەوانەی بەگەورەیی زمانێکی بێگانە دەخوێنن، بەشێوەیەکی گشتی ناتوانن بە گۆکردنێکی ئاسایی زمانەکە بگەن)).**[1]

### ١.٣.٢:تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان

**یەکەم: تیۆری ڕەفتاری**

تیۆری ڕەفتاری لە شیکردنەوەکانیدا بۆ زمان و زمانەوانیی دەروونی پەیوەستە بەو ڕەفتارانەوە، کە لە کردە ئاخاوتنییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، واتە ئەم ڕێبازە لە زمان دەکۆڵێتەوە وەک ڕەفتارێکی دەرەکی و هاوشێوەی هەموو ڕەفتارە فیزییەکانی تری مرۆڤ و بۆ پەسندکردن و خستنەڕووی تەواو پڕاوپڕی ئەم ڕێبازە.[2] هەروەها بنەمای سەرەکی کە ئەم تیۆرە لە وەرگرتنی زمانی دایک پشتی پێبەستووە، ئەوەیە کە منداڵ لەدایکدەبێت و عەقڵی لاپەڕەیەکی سپییە، خاڵییە لە هەر زانیارییەکی زمانەوانی، ئەو ژینگەیەی تێیدا پەروەردە دەبێت، بە ویستی خۆی بەسەر ئەو لاپەڕەیە زاڵدەبێت، جا ژینگەی سروشتی بێت، وەک دایک و باوک و برا و خوشک و خزمان، یان ژینگەی فێرکردن و پەروەردە بێت،

---

١. دوجلاس براون(١٩٩٤)، أسس تعلم اللغة و تعليمها، ترجمة: عبده الراجحي و علي شعبان، دار النهضة العربية، بيروت، ص٦٦.

٢. ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ل ٤٣.

وەک قوتابخانە بە مامۆستایان و پرۆگرام و ڕێبازەکانەوە [1]، لایەنگرانی ئەو تیۆرە پێیانوایە کە منداڵ لەڕێگەی بیستن و تێگەیشتن و ڕاهێنانەوە زمان وەردەگرێت، بەتەواویش پشت بە لاسایکردنەوە دەبەستێت، لەوانەش هەندێک جار پەنا بۆ پێوەر ببات، منداڵان باوەڕیشیان وایە ڕاستکردنەوەی هەڵە زمانەوانییەکان لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە ڕەوشتی زمانەوانیان چاکتر دەکات و بەرەو وەرگرتنی زمانێکی دروستیان دەبات.

سکنەر پێی وایە زمان حاڵەتێکی کۆمەڵایەتییە وەک تەواوی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر، بەو واتایەی وەرگتنی زمان پەیوەستە بە حاڵەتی کۆمەڵایەتی و لەسەر بنەمای ڕاست و هەڵە دادەمەزرێت.[2]

ئەو تیۆرە باس لە وەرگرتنی زمانی دایک دەکات، زمان بە ئاسایی و ئاسانی وەردەگرێت، منداڵێکی هەر نەتەوەیەک کە گوێی لە باوک و دایک و کەسانی دیکە دەبێت، بە تێپەڕبوونی کات زمان لەوان وەردەگرێت و تێیدەگات.[3]

دیارە قسەکەر کاتێ گوێبیستی قسە و شێوازەکانی ئاخاوتنی نەوەی خۆی دەبێت، لەگەڵ چۆنیەتی دەربڕینی مەبەستەکانیان، وەک

---

١. عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، الرياض، السعودية، ٢٠٠٦، ص ٢٤٨.

٢. جرهارد هلبش(٢٠٠٧)، تطور علم اللغة منذ ١٩٧٠، ترجمة: د.سعيد حسن بحيري، الطبعة الاولى، مكتبة زهراء الشرق، القاهرة، ص٤٣٨.

٣. أبو الحسين أحمد ابن الفرس(١٩٩٧)، الصاحبي في فقه اللغة العربية و مسائلها و سنن العرب في كلامها، علق عليه: أحمد حسن بسج، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٣٤.

چۆن منداڵ گوێبیستی بەکارهێنانی وشە و ماناکان دەبێت، یەکەمجار تێی دەگات، دواتر گوێبیستی ڕستەکان دەبێت، لەوانەش دەگات، دواتر بیستنی دووبارە دەبێتەوە لە هەر ساتێکدا لەگەڵ هەر قسەکەرێک نوێ دەبێتەوە و بەکارهێنانەکانیش دووبارە دەبێتەوە، تا وای لێدێت دەبێتە بەهرە و سیفەتێکی چەسپاو، وەک هەر یەکێک دەبێت لەوان، بەمشێوەیە زمانەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوزارێتەوە و بێگانە و منداڵان فێری دەبن.[١]

**دووەم: تیۆری مەعریفەی زگماکی**

تیۆری مەعریفی زگماکی لە زمانەوانیی دەروونی نوێدا کە چۆمسکی ڕێبەرایەتی دەکات، پێی وایە زمان لە زگماکییەوە تایبەتە بە مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دیکە زمانیان نییە، وەرگرتنی زگماکی و توانای عەقڵی لە منداڵییەوە تێیدا چێنراوە. هەر منداڵێک لە ژینگەیەکی مرۆیی لەدایک ببێت، زمانی ئەو شوێنە وەردەگرێت، کە تێیدا لەدایکبووە، بە چاوپۆشین لە ئاستی فێربوون و ئاستی کۆمەڵایەتی، بەڵام دەبێت مرۆڤەکە تووشی نەخۆشی و خەوشەکانی عەقڵ نەبێت، کە ڕێگری لە وەرگرتن و فێربوونی زمان دەکەن. لێرەوە زمان ڕەوشتێک نییە بە لاسایی و تێگەیاندن و فێرکردن و ڕاهێنان وەربگیرێت، ـ وەک ڕەوشتخوازەکان باوەڕیان وایە، بەڵکو زگماکی عەقڵی و مەعریفییە.

---

١ـ عبدالرحمن محمد ابن خلدون(١٩٧٢)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: علي عبدالواحد وافي، الطبعة الثالثة، دار نهضه للطبع و النشر، مصر، ج٣، ص ١٢٧٨.

هەندێ کەس پێیان وایە مرۆڤ لە خودی خۆیدا نەزانە، بە وەرگرتن زانایە، خودای مەزن بە عەقڵ مرۆڤی لە ئاژەڵان جیاکردۆتەوە، ئەو فیکرەش دوای تەواوبوونی کەمالی ئاژەڵی لە مرۆڤدا پەیدا دەبێت.[١]

هەروەها بەشێک لە توانای فێربوونی زمان زگماکییە، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی دیکەی فێرکارییە، چۆن دەتوانین گونجانێک لەنێوان ئەو دوو وتەیە بدۆزینەوە: زمان زگماکییە و زمان فێرکارییە؟ وەرگرتنی زمان وەک هەر پرۆسەیەکی نەشونماکردنە لەلای گیاندارانەوە، فێرکردنێک لەخۆیەوە دەگرێت، کە بەندە بە چەندین مەرجی بایۆلۆژی لە ئاراستە دیاریکراوەکانیدا لەلایەن ئارەزوو و ئامادەگی و توانستی دیارکراوەوە دیاری دەکرێت، کە لەلای تاکەکەوە بۆماوەییە. وەک ئاشکرایە منداڵی هەر نەتەوەیەک بە زگماکی بە زمانەکەی خۆی قسە ناکات، منداڵێکی پرتوگاڵیش بە زگماکی بە پرتوگالی قسەناکات، بەڵکو پێویستە فێری ئەو زمانە بین، کە قسەی پێدەکەین[٢]، واتە هەر مرۆڤێک کە فێری زمان دەبێت لە منداڵییەوە لە دەوروبەر و ناوەندە کۆمەڵایەتییەکەی وەری دەگرێت، خوداش بۆ ئەمە کۆئەندامەکانی قسەکردن و گۆکردنی پێداوە.

---

١- عبدالرحمن محمد ابن خلدون(١٩٧٢)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: علي عبدالواحد وافي، الطبعة الثالثة، دار نهضة للطبع و النشر، مصر، ج٣، ص ١٠١٧ - ١٠١٨.

٢- موفق الحمداني(٢٠٠٧)، علم نفس اللغة من منظور معرفي، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ص ١٨٥ -١٨٦.

بۆیە هەندێ لێکۆڵەر، لەوانە (نەوال محەمەد عەتییە) جەخت لەسەر ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، کاتێک قسە لەسەر وەرگرتنی زمان دەکات و دەڵێت: (( **زمان وەردەگیرێت و فێری دەبێت، بۆماوەیی کاریگەریی بەسەرەوە نییە، ئەگەر منداڵێک لە دایک و باوکێکی عەرەبی لەدایک بێت، بەڵام دوور لەوان لە ژینگەیەکی دیکە بێت، بۆ نموونە لە فەرەنسا یان لە ئەڵمانیا بێت، ئەوە بە ڕەوانی فێری ئەو زمانانە دەبێت، وەک ئەوەی دایک و باوکی عەرەبی نەبن و بیانی بن ))**.[1]

کەواتە وەرگرتنی زمان لە دوای لەدایکبوونەوە دەبێت، وەک ئەوەی خودای گەورە دەفەرموێ (( **واللهُ أخْرَجَكُمْ مِنَ بُطونِ أُمَهاتِكُمْ، لا تَعْلَمُوْنَ شَيئاً وجَعَل لكُمْ السَمْعَ و الابْصارَ و الافْئِدة لعَلُكمْ تَشْكُرُوْن** )). سوڕەتی (النحل)، ئایەتی (٧٨)، پەروەردگار ئێوەی لە سکی دایکتاندا هێناوەتەدەرێ و خستوونیەتە ناو جیهانی بەرفراوان، لەو کاتەدا هیچتان نەدەزانی و لە هەموو شتێک بێئاگابوون، ئینجا وردە وردە خودا هەستەکانی بەئاگا دێنێ و گەشەیان پێ دەکا، هستی بیستن و بینینتان بۆ دەرەخسێنێ، عەقڵ و هۆشتان پێ دەبەخشێ، بۆ ئەوەی شوکر و سوپاسی نیعمەتەکانی خودا بکەن.[2]

---

١. نوال محمد عطية(١٩٧٥)، علم النفس اللغوي، الطبعة الأولى، مكتبة الأنجلو المصرية، ص٢٦.

٢. خولاصەی تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلالەیی، چاپخانەی (دار المعرفة)، لوبنان، ٢٠١٣، ل٥٧٧.

**سێیەم :تیۆری ئەرکی**

تیۆری ئەرکی لە زمانەوانیی دەروونیدا توێژینەوە لەبارەی چەند لایەنێکی مەعریفی ڕاستەقینە دەکات، لەوانە یادەوەری و درکپێکردن و بیر و سۆز و واتا، لەگەڵ چەندین لایەنی دیکە، کە لە تەواوکاری واتا و ئەرکی زمانەوانی بەشدار دەبن و ئامانجە ڕاستەقینەکەی قسەکردن دێننەدی، کە بریتییە لە پەیوەندیکردن.[1]

دەتوانین چەندین هێڵی ئەو تیۆرە و بنەما سەرەکییەکانی بدۆزینەوە، بەجۆرێ وشەیەک ماناکەی بە تەواوی دەرناکەوێت، ئەگەر وشەی دیکەی لەدوا نەبێت. ئایا دەتوانرێت وشەیەک بە تەنها لە ڕووی چاکترینەوە لەگەڵ وشەیەکی دیکە بەراورد بکرێت؟ ئایا کەسێک دەتوانێت بڵێت ئەو وشەیە ڕەوانە، ئەگەر هاتوو سەیر شوێنی وشەکە نەکات لە هۆنینەوەی ڕستەکاندا و سەیری گونجانی نەکات لەگەڵ وشەکانی دیکە؟ بۆیە وشەکان بە تەنها بەباشتر نازانرێت، تاکە وشەیەک ناکرێت وا سەیر بکرێت، ئەگەر هاتوو پەیوەست نەکرێت بە وشەکانی دیکەوە.[2]

ڕیچارد و ڕۆجرز ڕەخنەیان لە چۆمسکی گرت، کاتێک پێناسەی توانستی کردووە و دەڵێ((**بریتییە لە زانینی یاساکانی زمان و توانی**

---

١ـ عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، الرياض، السعودية، ٢٠٠٦، ص ٢٥٥.

٢ـ عبدالقاهر عبدالرحمن الجرجاني(٢٠١٠)، دلائل الاعجاز، قرأة و علق عليه: أبو فهر محمود محمد، الطبعة العاشرة، مكتبة الخانجي للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، ص ٤٣ ـ ٤٦.

**بەکارهێنانی بەشێوەیەک کە لەڕووی زمانەوانی دروست بێت و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند بێت)).**[1]

سەرەڕای ئەمەش گرنگیدان بە ڕەوانی و ڕەوانبێژی، کە ئەو زانستە بەپێی پێویست بایەخ بە بەکارهێنانی زمان دەدات، واتە ڕەوانی و ڕەوانبێژی و هاوشێوەکانی تەنها چەند وەسفێکن بۆ ماناکان، ئەوانەی کە بە وشەکان دەردەبرێن، کاتێک دەڵێن: ئەو قسەیە شایەنی ڕەوانبێژی نییە، ئەگەر واتەکەی بەر لە وشەکە نەبێت و وشەکەشی واتاکەی بێت، واتە وشەکە نابێت بەر لە گەیشتنی (واتاکەی بۆ ناو دڵت)، بگاتە گوێچکەت، ئەوکاتە بێ مۆڵەت وشەکە دەچێتە گوێچکەت. ئەمەش بۆ دەلالەتی واتا بۆ واتا دەگەڕێتەوە. مەرجی ڕەوانبێژی ئەوەیە کە مانای یەکەم ببێتە ڕێبەری مانای دووەم و هەر ئەو لە نێوان تۆدا بێت، لە دەلالەتەکەی توانادار بێت و لە نێوەندگەراییدا سەربەخۆ بێت، بەجوانترین شێوە پەیوەندی تۆ دروست بکات. بە هێمایەک بۆت ڕوون بکاتەوە تا بتوانیت لەوە بگەیت کە وشەکان چۆنن و بەخێرایی بگەنە لات. ڕەوانی لە تاکە وشەکاندا نییە، بەڵکو لەوەیە وشەکان بدرێنە پاڵ یەکتر، واتاش هەر دەبێت وا بێت و دەبێت پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبێت، ماناکان لە پەیوەستبوونی وشەکان بە یەکترەوە دەردەکەون، نەوەک لەخودی وشەکان.

---

١. جاک رتشارد و پیودور روجرز(٢٠٠٨)، مذاهب و طرائق في تعليم اللغات، ترجمة: محمود صيني و عبدالرحمن العبدان و عمر الصديق، دار عالم الكتب، الرياض، ص١٢٤.

واتە زمانەکان چەند بەهرەیەکن بۆ گوزارشتکردن لە واتاکان، نەوەک بە تێڕوانینی خودی وشەکان بێت، بەڵکو بە تێڕوانینە بۆ ڕستەکان، ئەگەر هاتوو ئەو توانا و بەهرەیە لە پێکهێنانی وشەکاندا تەواو بوو و گوزارشت لە واتاکان بکات و ڕەچاوی ڕێساکانی ڕستەکان بکات و ئەوکاتە قسەکەر مەبەستی خۆی دەگەیەنێتە گوێگر، ئەمەش مانای ڕەوانبێژییە.

شرۆڤەکردنی لایەنگرانی ئەو تیۆرە لە وەرگرتنی زماندا ئەوەیە، کە کاری ئەو قسەیەی منداڵێ لە هەڵوێستێکی دیاریکراو دەیکات، ئەمە مانای ڕاستەقینەی قسەکانیەتی، ئەوەیان نییە کە باوک و دایکی لێکدانەوەی بۆ دەکەن، ئەوەش نییە کە بونیادی ڕووکەش و دیارەکەی بێت. ئەو مانایەش بەپێی مەبەستی منداڵە قسەکەرەکە دەگۆڕێت. - بەپێی بۆچوونی ئەو کەسانە - منداڵەکان بە بونیادی قووڵەوە قسە دەکەن کە لە ماناکان و فرمانەکانی زمان پێکدێت، نەوەک لە بونیادی ڕووکەی وشەکان و ڕستەکان - بە واتایەکی دیکە بایەخدان بە مانایە نەوەک وشە - لایەنی واتایی ڕێڕەوی وەرگرتنی زمان دیاری دەکات نەوەک لایەنی بونیادی، گەشەکردنی ئەرکی لەلایەن توانای درککردن و توانای پەیوەندیکردنەوە دیاری دەکرێت، کە ئەو دووانەش پەیوەستن بە چوارچێوەی زگماکی مەعریفییەوە، کەچی گەشەکردنی ڕووکەش لەلایەن ئەو توانایەی درککردنەوە دیاری دەکرێت کە چارەسەری زانیارییەکان دەکات و پەیوەستیشە بە چواچێوەی زگماکی پێکهاتییەوە ئەوەی منداڵ دەیزانێ هەر ئەوەش (قسە و تێگەیشتنەکان کە فێری منداڵەکە دەکرێت)

دیاردەکات. دواتر بۆ توێژەران دەرکەوت کە سروشتی ئەرکی زمان، بیر و مەعریفی و بونیادی یادەوەری تێپەڕدەکات. سیستەمی ڕەوشتی هاوبەش لە نێوان زمانە تازە گەشەکردووەکەی منداڵ و زمانی گەوران ڕوودەدات، ئەمەش لەسەروبەندی فێرکردنی منداڵ لە سروشتی ژیان و گونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگە دەبێت. ئەم تێڕوانینە وایکردووە کە بایەخ بە ئەرکەکانی پەیوەندی بدرێت لە زماندا، ئەمەش دەخوازێت بایەخ بە خودی ئەرکەکان و دیارکردنیان بدرێت، بۆیە توێژەران بایەخیان بەوەدا کە منداڵ چی دەزانێت و چی لە گەورەکان فێر دەبێت. لەوانە فێری بەستنەوەی بەشەکانی ڕستە و پەیوەندی ڕستەکان دەبێت، لەگەڵ شارەزابوون لە سروشتی کارلێکردنی نێوان قسەکەر و گوێگر و کلیەکانی ئاخاوتن و چەندین فرمانی دیکەی پەیوەندیکردن.[1]

(**ڕیچاردز و ڕۆجرز**) قسەیان لەو بارەیەوە دەڵێت ((**هایمز و هالیدای و دۆسن بابەتی توانستی زمانەوانیان فراوان کردووە ـ کە چۆمسکی بانگەشەی بۆ کردووە، تەنانەت لەسەر یاساکانی زمان وەستاوە، تا دەگاتە توانستی پەیوەندی کە مانای زانینی بنەماکانی قسەکردن و ڕەچاوکردنی سروشتی گوێگران و توانای هەمەجۆرکردنی قسەکردنە، کە بەپێی پێویست بێت، لەوانە داواکردن و پۆزشهێنانەوە و داوەتکردن و چەندین شێوازی دیکەی قسەکردن، سەرەڕای ناسینی ڕێساکانی زمان و وشەکان، کەواتە ئەو توانستە**

١ـ عبدالعزیز ابراهیم العصیلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولی، الریاض، السعودیة، ٢٠٠٦، ص ٢٥٥ ـ ٢٥٩.

**مانای زانینی ڕێساکانی زمانە لە ڕووی ڕستەسازی و وشەسازییەوە، لەگەڵ توانای بەکارهێنانی بەشێوازێک کە لە ڕووی زمانەوانییەوە دروست بێت و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەند بێت)).**[١]

یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی چۆمسکی لە شرۆڤەی زمانەوانی لە بونیادگەرەکانی وەرگرتووە، و دواتر هەر زوو هێرشێکی سەختی کردە سەر میتۆدەکەیان، بابەتی بایەخدان بوو بە ڕووکەشی زمان نەوەک قووڵییەکەی. بە بڕوای ئەو مامەڵەکردن لەگەڵ بونیادی ڕووکەشی زمان شتێک پێشکەش ناکات، تەنانەت زانستیش نییە، چونکە شتێک شرۆڤە ناکات. بۆیە گرنگ ئەوەیە بگەینە بونیادی ژێرەوە و بونیادە قووڵەکەی زمان، هەر لەڕێگەی ئەو بونیادەشەوە دەگەینە یاساکانی سروشتی مرۆڤایەتی.

بیرۆکەی جیاکردنەوەی بونیادی قووڵ و بونیادی ڕووکەش لە فەلسەفە عەقڵانییەکەی دیکارتەوە هەڵقوڵاوە، ئەو تێڕوانینی بۆ مرۆڤ ئەوەیە کە بوونەوەرێکە لە تەواوی بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، چەندین تایبەتمەندی گرنگی خۆی هەی، لەوانە: زمان، زیرەکی، توانای بیرکردنەوە. جا کاتێک زمان ئەو گرنگییە گەورەیەی هەبێت، ماقووڵ نییە شرۆڤەکردن و وەسفکردنی تەنها لە ڕووکەشدا

---

١. جاك رتشارد و ثيودور روجرز(٢٠٠٨)، مذاهب و طرائق في تعليم اللغات، ترجمة: محمود صيني و عبدالرحمن العبدان و عمر الصديق، دار عالم الكتب، الرياض، ص٢٥٨.

قەتیس بکرێت و لایەن واتایی و ڕۆڵی عەقڵ لەو دیاردە سەرسورهێنە فەرامۆش بکرێت.[١]

دەتوانرێت وەها پێناسەی بونیادی قووڵی ڕستە بکرێت، کە بریتییە لە چەمکێکی ئەبستراکتی واتاییە بۆ نواندنی سینتاکسی ڕستە، یان ئاستی ژێرەوەی بونیادە، کە هەموو ئەو هۆکارانە لە خۆیەوە دەگرێت و وا لە ڕستە دەکات، گێڕانەوەی بۆ بکرێت و واتاکەی بدات، چونکە پەیوەندی واتایی لەنێوان پێکهاتەکانی ڕستەدا لەو ئاستەدا روشنە و فام دەکرێت.

کەچی بونیادی ڕووکەش بریتییە لە قۆناغی کۆتایی ڕستەسازی لە بونیادی ڕستەدا، ئەمەش دوای ئەوەی هەندێک یاسای گوێزانەوە لە بونیادی ناوەخندا ئەنجام دەدەین، یان لە پێکهاتەی (فۆرم / دەنگ) ئەنجام دەدەین کە گۆدەکرێت یان گوێبیستی دەبین یان دەینوسین، کەواتە بونیادی ڕووکەش: ئەو بونیادەیە کە ڕستە لە فۆرمی ئێستایدا تێیدا دەرکەوتووە.

زۆر لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هەموو زمانەکانی جیهان تەنیا لە ڕۆنانی سەرەوەدا جیاوازییان هەیە، ئەگینا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەکیان

---

١ـ عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(١٩٩٩)، النظريات اللغوية و النفسية و تعليم اللغة االعربية، مطابع التقنية للأوفست، الرياض، ص٧٥.

نییە، بەو واتایەی هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتی لەسەر یەک پێڕەو و یاسا کاردەکەن و جیاوازییان تەنیا لە ڕووخساردا دەردەکەوێت.[1]

ڕۆنانی سەرەوە پەیوەندی بە ڕیزبوونی کەرەسەکانەوە هەیە، ئەم ڕۆنانەی زمان، ڕستە تێیدا دەردەکەوێت و دەکەوێتە سەرووی ناوچەکانی یاساکانی گوێزانەوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕستەیەک دوو واتا یان زیاتری بەخشی، ئەوە ئەو ڕستەیە یەک ڕۆنانی سەرەوە و دوو یان زیاتر ڕۆنانی ژێرەوەی هەیە، وەک:

- **پێم دەشکێ.** ڕۆنانی سەرەوە
- **بە من دەشکێ.** ڕۆنانی ژێرەوە
- **قاچم دەشکێ.** ڕۆنانی ژێرەوە

ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت، واتە زیاتر لە ڕستەیەک، هەمان واتایان هەبێت، ئەوە ئەو ڕستانە یەک ڕۆنانی ژێرەوە و زیاتر لە ڕۆنانێکی سەرەوەیان هەیە.وەک:[2]

- **ئێمە تۆمان بینی.** ڕۆنانی ژێرەوە
- **تۆمان بینی.** ڕۆنانی سەرەوە
- **بینیمانی.** ڕۆنانی سەرەوە

---

١ـ وریا عومەر ئەمین(١٩٨٩)، بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢١)، ل ٧٣.

٢. دیار علی کمال کریم(٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ـ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، ل ٢٨.

ڕۆنانی ژێرەوەش چەندین خاسیەتی جۆراجۆری هەیە، لەوانە:

١ـ یەکەمین ڕۆنانی بەرهەمهاتووە، کە لە ڕێگەی یاساکانی ڕۆنانی فریزەوە بەرهەم دێت.

٢ـ تەنیا بوارە بۆ پڕکردنەوەی فەرهەنگی، واتە یاساکانی فەرهەنگ ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕینی هێما بۆ دانەی فەرهەنگی.

٣ـ ئەو ڕۆنانەیە کە لە لایەن پێکهێنی سیماتیکەوە بە شێوەیەکی سیماتیکیانە شرۆڤە دەکرێت.

٤ـ لە ڕێگە ڕێزمانی گوێزانەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە دەگوێزرێتەوە.[1]

**٤.٢: زمانی ئاژەڵان و ڕێگەکانی فێربوونیان**

فێرکردنی ئاژەڵان لەلایەن زانای ڕووسی بافلۆف (١٨٤٩ـ ١٩٣٦) دەرکەوت، کە پێوانەی ڕژانی لیکی سەگی دەکرد، کاتێک خواردنی پێدەدا، هەروەها لەم بارەوە فیجۆتسکی قسەکردن و بیرکردنەوە لەلای ئاژەڵانی جیاجیا بەپێی چەند ڕێڕەوێکی جیاواز گەشە دەکەن، ئەمەش ڕاستییەکە هەر یەکە لە کیولەر و بیرکس و کەسانی دیکەش لە توێژینەوەکانیان لەسەر مەیمون پاڵپشتی ئەو ڕاستییەکەیان کردووە. تاقیکردنەوەکانی کیولەر سەلماندوویەتی کە بنەمای چالاکی عەقڵی ـ واتە بیرکردنەوە بە هەموو ماناکانییەوە ـ لەلای ئەو ئاژەڵانە دەردەکەوێت، کە پەیوەست نین بە قسەکردنەوە، بۆ نموونە کاتێک

١ـ دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی و گوێزانەوە، ل ٢٧.

مەیموون چەندین داهێنان دەکات لە بواری ئامادەکردنی ئامرازەکان و بەکارهێنانیان یان لەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، سەرەڕای ئەوەی بیرکردنەوەکەی سەرەتاییە و قۆناغێکی بەر لە گەشەکردنی زمانە، بۆیە کیۆلەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە توێژینەوەکانی ئەو دەیسەلمێنن مەیموونی شامپانزی ئامادەگی و سەرەتایی ڕەوشتی زهنی ئەوتۆی هەیە کە هەمان جۆری ڕەوشتی زهنی مرۆڤە.[١]

زمـــانی مـــرۆڤ و زمـــانی ئـــاژەڵانیش لەو ڕووەی کە مەرام و پێکهـاتە و ڕوونکـارن، لەو ڕووەوە هاوبەشـن، زمـان مەرام ئـامێزە، چـــونکە قســـە ئامانجـــدارە، ئەویـــش بە بەردەوامـــی و لە هەمـــوو حاڵەتێکـدا، بــۆ گەیانــدی شــتێک لە کەســێکەوە بــۆ کەســێکی دی، هەروەهـــا بـــۆ گـــۆڕینی ڕەفتـــار و بیروبۆچوونەکـــان و دەســـت نیشانکردنی هەڵوێستەکانی لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا. هەروەها زمانی مرۆڤ زمانێکی پێکهاتەیە، چونکە هەموو گوتارێک کردەیەکی قســـەیە، کە سیســـتەمێکی نـــاوخۆ و بونیـــادێکی دیـــاریکراوی لەخۆگرتـووە، هەروەهـا زمـانی مـرۆڤ زمـانێکی ڕوونکـار ئاسـایە، چــونکە زانیــاری دەگەیەنێــت، ئیتــر بەم مانــایە زمــانی مــرۆڤ و سیسـتەمی گەیانـدن و لێـک گەیشـتن لە لای ئـاژەڵ ئەم توخمانەیـان تێدایە: مەرام و پێکهاتە و ڕوونکار.[٢]

---

١ـ ل.س. فیتوتسکی(٢٠٠٨)، التفکیر و اللغة، ترجمة: د.طلعت منصور، الطبعه الأولی، دار المسیر، ص١٢٩.

٢ـ د. میشال زکریا(١٩٨٥)، الالسنیة (علم اللغة الحدیث)، المؤسسة الجامعیة للدراسات و التوزیع، بیروت، لبنان، ص٣٠.

دیارە ئەو بابەتە لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، نوێ نییە، چونکە زانایانی بەر لە چواردە سەدە توێژینەوەیان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، هەروەها لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانیش ئەوە سەلمێنراوە کە ئاژەڵان زمان و بیرکردنەوە و زانینیان هەیە، بەڵام ناتوانین لە زمانی پەرستنی ئەوان بگەین، کە خودا تایبەتمەندی بەوان داوە.

خودای گەورە دەفەرموێ **((و مَاعَلَّمَكُمْ مِّنَ الجَوارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعلمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللهُ)) سورەتی (المائدة)، ئایەتی (٤)**، هەر نێچیرێک ئەو جۆر سەگ و تاژییە فێرکراوانە بیگرن و خواردنی حەڵاڵە، بەمەرجێک ئەو سەگ و تاژییانە لەلایەن ئادەمیزادەوە فێری ڕاوکراوبن و مەشقداردرابن.[1] هەمدیسان زانایان لە شرۆڤەکردنی ئەو ئایەتەی سەرەوەدا دەڵێن دەبێت سێ بابەت لە فێرکردنی گیانەوەرەکان هەبێت:[2]

**١. دەبێت گیانەوەرەکە فێر بکرێت.**

**٢. ئەو کەسەی فێری دەکات، دەبێت شارەزا بێت و مەشقی کردبێت.**

**٣. دەبێت گیانەوەرەکە فێری ئەو شتانە بکات، کە خودا فێری کردووە.**

---

١. خولاصەی تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلاڵەیی، چاپخانەی (دار المعرفة)، لوبنان، ٢٠١٣، ل١٩٧.

٢. وهبة الزحيلي(٢٠١٠)، التفسير المنير في العقيدة و الشريعة و المنهج، الطبعة الثالثة، دار الفكر المعاصر، بيروت، ج٦، ص٩٣.

تەبەڕی لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە، کە ((**سەگی ڕاهێنراو ئەوەیە: نێچیرەکەی بگرێت، نەیخوات تا خاوەنەکەی دێت**))، لەبارەی باڵندەشەوە دەڵێ ((**ئەگەر ناردت و کوشتی، ئەوا بیخۆ، سەگ لێی بدەی ناگەڕێتەوە، فێرکردنی باڵندەش ئەوەیە بگەڕێتەوە لای خاوەنەکەی، ئەگەر نێچیرەکەی خوارد و پەڕەمووچەکەی کەوت، ئەوە نێچیرەکە بخۆ**)).[1]

بانگ و قیژەی گیانلەبەران کەڵک لە دوو جۆر ڕەمز وەردەگرێت، ئەوانیش ڕەمزی وێنەیی و ڕەمزی لەخۆوەیە، بەڵام بەپێچەوانەی زمانی مرۆڤەوە، بەزۆری پشت بە ڕەمزی وێنەیی دەبەستێت و زۆر کەمتر ڕەمزی لەخۆوە بەکاردێنێت.[2]

پێغەمبەر سولەیمان بە نیعمەتی خودای گەورە زمانی ئاژەڵان و باڵندەکانی دەزانی، ئەگەر دەنگیان بهاتایە. دەیتوانی مەبەستەکانیان لە جۆری دەنگەکانیان لەیەکتر جیا بکاتەوە، لەوانە ئەوەی ئاژەڵ بەخێو بکات، دەنگی ئاژەڵەکان بزانێت، وەک ئەسپ و گوێدرێژ و مانگا و وشتر و پشیلە، ئەو کەسانە لە ئارەزووی ئاژەڵەکان تێدەگەن کە برسی و تینوو دەبن یان لە کاتی لێدان و نەخۆشیدا لە دەنگیان دەگەن. هەندێ پێیان وایە سولەیمان لەوانەیە کە دەنگی

---

١. أبو جعفر محمد الطبري(٢٠٠٨)، تفسير الطبري جامع البيان عن تأويل اية القران، الطبعة الرابعة، دار القلم، بيروت، ج٣، ص ١٣٧.

٢. محەمەد مەعروف فەتاح(د)(٢٠١٠)، بەرهەمە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حسێن و شێروان میرزا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٧٥.

ئاژەڵێکی بیستووە بەهێزی حەدەس و خەیاڵکردن لە مەبەستەکەی گەیشتووە، بۆیە گوتراوە کاتێک بە لای بولبولێک تێپەڕیوە دەخوێنێ و سەما دەکات، سولەیمان وتویەتی، ئەوە دەڵێ ئەگەر من نیو خورمام خواردبا، با دونیا کاول بێت، کۆختیەک هاوار دەکات سولەیمان دەڵێ ئەو دەڵێ خۆزگە بوونەوەر هەرگیز خەلق نەدەبوو، دیارە دەنگی بولبولەکە لە تێری هاتووە و دەنگی کۆختیەکەش لە ئازار و مەینەتی هاتووە.

کاتێک سولەیمان پێغەمبەر بە خۆی و سەربازەکانییەوە دەچێتە دۆڵی مێرووڵەکان، گوێی لە شاژنی مێرووەکان دەبێت، وەک سولەیمان تێیگەیشتووە، دەڵێ **((ئەی مێرووڵەکان بڕۆنەوە شوێنەکانی خۆتان، نەوەک سولەیمان و سەربازەکانی بەبێئاگایی لەناوتان بەرن))**، سولەیمان لە زمانی مێرووڵەکە دەگات، وەک ئەوەی دەگێڕنەوە کە سولەیمان پێغەمبەر چووە دۆڵەکە بۆ ئەوەی دوعای باران بکات، بینی مێرووڵەیەک لەسەر پشت و پێیەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردتۆتەوە و دەڵێ: خودایە ئێمە خەڵقی تۆین، ناتوانین بێ باران بژین، ئەگەر باران نەبێت، لەناو دەچین، سولەیمان دەڵێتە سەربازەکانی بگەڕێنەوە باران بە دوعای کەسانی دیکە دەبارێت و تێر ئاو دەبن.[١]

خودا بۆ هەر ئاژەڵێک غەریزەیەکی داناوە، کە سوودی لێ دەبینێ و لە زیان دووری دەخاتەوە، خودا لە هەموو شتێک داهێنانی

---

١ ـ وهبة الزحيلي(٢٠١٠)، التفسير المنير في العقيدة و الشريعة و المنهج، الطبعة الثالثة، دار الفكر المعاصر، بيروت، ج٦، ص١٠٣.

کردووه و به چاکترین شێوه بوونەوەرانی دروستکردووه، مووسا پێغەمبەر وەڵامی پرسیارەکەی فیرعەونی دایەوە، کاتێک لە موسا و هارون دەپرسێ ((**قال فَمَنْ رَبُّكما يا مُوسى؟ قَال رَبُّنا الذي أَعْطى كُل شَيءٍ خَلقَهُ ثم هَدَى)) ـ سورەتی (طه) ئایەتی ( ٤٩ ـ ٥٠)**. لێکدانەوەی ئەم ئایەتە: **فیرعەون وتی: دەی ئەگەر ئێوە پێغەمبەری خودان و خودا ئێوەی ناردووە، پێم بڵێن ئەو خودایەی ئێوە کێیە؟، مووسا(س) وتی: خودای ئێمە ئەو خودایەیە، کە بوونی بەخشیوە بە هەموو شتێک و لە نەبوونەوە هێناویەتە جیهانی بوونەوە، هەر شتێکی دروست کردبێ ئەو شێوە و سەر و سیمایەی شیاوی حاڵ و وەزعییەتی پێی داوە.**[(١)]

سەرەڕای ئەمانەش زانایانی سەدەی نوێ سوودیان لە بیرۆکە کۆنەکە وەرگرتووە، ڕاهێنان بۆ باڵندە دەکەن، بۆ ئەوەی ئامێری سیخوری هەڵبگرێت و لە دژی دەوڵەتانی دیکە بەکاردەهێنن.

زانایانی نوێی بواری زمان بایەخیان بەو زمانە داوە، لەوانە زانای ئەڵمانی (فریش) بایەخی بە توێژینەوە داوە لە بواری جووڵە و سەمای هەنگ، ئەمەش بە زمانی هەنگ دەزانێ، کە لە چەندین بازنەیەکی بچووک بەدوای یەک بە سیستەمێکی دیارکراو دەجوڵێتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی تایبەت بەرزدەبێتەوە، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە هەنگ لە کاتی ئەنجامدانی ئەو جووڵانە بەهەموو مەملەکەتی هەنگ دەگەڕێت و هەموو هەنگەکانی ناو مەملەکەتەکەت

---

١ـ خولاصەی تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلاڵەیی، چاپخانەی (دار المعرفة)، لوبنان، ٢٠١٣، ل٦٦٦.

بەجۆری ئەو خواردنەی خواردوویانە و پێگەیەکان دەزانی، کە چەند دوورە لە شانەکە و هێلی گەیشتنی بە شانەکە، هەندێ پێیان وایە هەموو شتێک لە گەردوون لە مرۆڤ و گیانەوەر و بێگیانەکان زمانی خۆیان هەیە.[1]

زمانەوانەکان باسیان لە فێرکردنی ئاژەڵان کردووە، ماڵییان کردووە و ڕاهێنانیان بە ئاژەڵان کردووە، هەروەها زمان و قسەکردنیان فێرکردووەن.

بێگومان هەر زانینێک ئاستێکی لە دەروون هەیە، لەژێری کاریگەری ئەو عەقڵێکی نوێ دروست دەبێت، کە ئامادەیی بۆ زانینێکی نوێ دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە عەقڵ ئامادەیی بۆ خێرایی وەرگرتنی زانستەکانەوە هەبێت، بە ئێمە گەیشتووە کە کەسانێک هەندێک کار دەکەن کە نەزانرووە، لەوانە هەندێک لە ئاژەڵان فێری چەندین وشە و کردار دەکەن، کە ئەمەیان دەگمەنە، توانا و بەهرە لە فێرکردن و زانین لە هەموو بارودۆخە ئاساییەکان زیرەکی عەقڵی مرۆڤ زیادەکەن، ڕووناکی دەکەوێتە بیری مرۆڤ کاتێک توانا و بەهرەکانی لە دەرووندا زۆر بێت، ئەگەر وامان دانا، کە دەروون بەدرککردن پێدەگات نەوەک بەتوانا و بەهرەکان، بەمەش زیرەکیان زیاد دەبێت، کە لەدەرووندا بۆ زانستەکان دەگەڕێتەوە، کەسێکی

---

١. عبدالمجيد أحمد منصور(٢٠٠٩)، علم اللغة النفسي، الطبعة الثالثة، الرياض، ص٢٤.

ئاسایی وادەزانێ بۆ جیاوازی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش دروست نییە.[1]

سەرەڕای ئەمانەش باڵندە و ئاژەڵان هەرچەندە زمانیان پانتر بێت، ئەوا ڕوون و ڕەوانتر دەبن و هەر شتێک دەیبیستن و دەیڵێنەوە، وەک توت و قەل و داڵ ڕەوانترن، لەوانەش دەمی پشیلە، ئەگەر هەندێک دەنگ دەربکات، وەک دەنگی مرۆڤە، بەڵام مەڕ تەنها دەڵێ"ما"، هیندییەکان پێیان وایە ئەگەر زمانی فیل ئاوەژوو نەبووایە، ئەوا دەیتوانی زۆرێک لە دەنگەکان دووبارە بکاتەوە، هەروەها باڵندەی قەتێ دەتوانێت قتا قتا دووبارە بکاتەوە، زمانی سەگیش هەندێک پیتی عەین و فا و واوی تێدایە وەک وەو وەو، عەو عەو.[2]

هەروەها تووتیش لە زمانی مرۆڤ تێدەگات و بەوپەڕی زیرەکی قسەکانی مرۆڤ دووبارەدەکاتەوە، سەرەڕای ئەمەش فیل دوای مەشق دەتوانێت زۆربەی کارەکانی مرۆڤ ئەنجام بدات، تەنانەت بۆ دابڕانی خاوەنەکەی دەگری ودڵتەنگ دەبێت و فرمێسک لە چاوەکانی دێتە خوارەوە، ئەگەر هاتوو خاوەنەکەی نەخۆش کەوت، ئەوا دەتوانێت بچێتە دوای پزیشک و جانتاکەی لەگەڵ هەڵبگرێت و پزیشکەکەی بهێنێتەماڵەوە تا چارەسەری خاوەنەکەی بکات.

---

١. جاسم علي جاسم(٢٠١١)، في طرق تعليم اللغة العربية للأجانب، الطبعة الخامسة، بيروت، ص ١٦٢.

٢. جاسم على جاسم(٢٠١١)، في طرق تعليم اللغة العربية للأجانب، الطبعة الخامسة، بيروت، ص ١٧٦.

له باخچەی ئاژەڵان فیل سەما دەکات و یاری تۆپی پێ دەکات و بە لووتی ئاو دەرژێنێت، هەروەها بە لووتی مۆسیقا دەژەنێ و تەنانەت ئاوازی جوان دەژەنێ و گوێز دەشکێنێ، دواتر کە خاوەنەکەی ڕادەکشێ گوایە خەوتووە، فیلەکە دێتە لای زۆر بەنەرم و نیانی لەلای پاڵ دەکەوێ، بێ ئەوەی ئازاری بدات، دواتر پیاوێکی دیکە دێت داوای لێ دەکات خاوەنەکەی هەڵسێنێتەوە، بەڵام فیلەکە ڕازی نابێت و ئەو فرمانە ڕەتدەکاتەوە و پاسەوانی خاوەنەکەی دەکات، بەڵام کاتێک خاوەنەکەی داوای لێدەکات فیلەکە هەڵدەستێتەوە بە لووتی خاوەنەکەی بەرز دەکاتەوە تا لەسەر پێیەکانی خۆی دەوەستێ، دواتر خاوەنەکەی دەخاتە پشتی خۆی.

ئەو ئایەت و بیروڕای زانایانە بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئاژەڵان زمان و بیرکردنەوە و زانینیان هەیە و توانای فێربوونیان هەیە، مرۆڤیش لەڕێگەی ئەزمون و ڕاهێنانەوە دەتوانێن لەو زمانە بگات.[1]

**٢ـ ٥: زمانی ئاماژە و هێماکان**

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی زمانەوانیی دەروونی لە سەدەی بیستەم باسی کردووە، بابەتی زمانی ئاماژە و هێماکانە، مرۆڤ ژمارەیەکی زۆری لە ڕەمزی داهێناوە، بۆ نموونە جووڵاندنی شان، بەڵگەیە لەسەر گوێنەدان، لێدانی تەپڵ لای هەندێک تیرەی ئەفریقی

---

١ـ مازن وعر(٢٠٠٨)، قضايا أساسية في علم اللسانيات الحديث، الطبعة الخامسة، دمشق، دار طلاس للدراسات و الترجمة و النشر، ص ٣٥.

بەڵگەیە لەسەر ئاگادارکردنەوەی خێرا، هەروەها ئیشارەتی دەستی لە کاتی قسەکردن و ئیشارەتی ڕووناکی لە ئۆتۆمبیلەکان ... [١]

مرۆڤ هەموو کاتێ توانای ئەوەی هەیە بەها یان هێما بۆ هەموو شتەکانی دەوروبەری خۆی دابنێ و بیانداتە پاڵ هەر شتێک بیەوێ، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندی نییە لەنێوان شێوەی هێماکە و ئەو شتەی بەرانبەری دادەنرێت، بۆ نموونە ڕێکەوتنە کە پایەی سەربازیی لەناو کۆمەڵی ئێمەدا بە خەت و ئەستێرە و تاج نیشان دەدرێت، کەچی لە هەندێ کۆمەڵدا هەمان واتا بەهۆی پەڕی ڕەنگاوڕەنگەوەدەگەیەنرێ. [٢]

هێما بینراوەکان لاسایی کردنەوەکە وردتر دەکات، بەڵام گرنگییەکەی زیاتر بەهۆی دەنگەکانەوە دەوروژێنرێت، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بیر لەوە بکەینەوە ئێمە تەنیا باس لە شتگەلێک بکەین، گەر پێویستی ماددیمان هەبێت، تەنیا جووڵەکان لە یەک بگەین، لەم حاڵەتەشدا دەبووایە کۆمەڵگاکانمان کۆمەڵگای جۆری دی بوونایە و بەشێوەیەکی کاراتر کاریان بکردایە و مامەڵەیەکی ئەوتۆیان بکردایە بەشێوەیەکی باشتر پەلیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان بکێشایە، بەڵام ئێمە دەتوانین یاساگەلێک دابڕێژین و سەرۆکەکانی خۆمان هەڵبژێرین و داهێنکاری لە پرسە هونەرییەکاندا بکەین و مامەڵەی بازرگانی

---

١. زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٥)، زمان و پێوەندی بەماناوە، گ.ڕامان، ژ.(٩٩)، (٥)ی ئابی ٢٠٠٥، ل٤٥.

٢. محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، هێماکاری و زمانەوانی، گ. کاروان، ژ.(٢٨)، ل ٤٤.

بکەیـن بە یـارمەتی جـووڵە و بزووانـدن، واتە لەبـاتی قسـە و وشـە هەموو ئەو کارانەمان بکردیا، چونکە زمانی ئاشتی پەیام ئاسا پەیام ئامێز بەبێ حەسودی هەمـوو ڕازەکانی خۆشەویستی ڕۆژهەڵات لە ڕێـی ئافرەتـانەوە دەگـوازێتەوە چـونکە پاسـەوانیان لەسـەر نیـیە، لاڵەکـانیش بە هەمـان شـێوە بەهـۆی هێمـا و نیشـانەکانەوە لە یەک دەگەن. لەم تێبینیـانەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کە داهێنـانی هـونەری گەیانـدنی هــزر و بیرەکانمــان، بە توانــا تایبەتییەکــانی مــرۆڤەوە پەیوەستە، زیاتر لەوەی کە بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە پەیوەست بێت، ئەم توانـایەش خـودی ئەو توانـایە کە بـۆ ئەنجامـدانی پڕۆسـەی گەیانــــدن، ئەم ئەنــــدامانە بەکاردەهێنێت.جــــا ئەگەر یەکێــــک لەم ئەنــدامانەی لەشــی مرۆڤــ کە پڕۆســەی گەیانــدن ئەنجــام دەدات لەنــاوچوو، ئەوە ئەو توانــایەی کە لەلای مرۆڤــ هەیە، وا دەکــات کە ئەندامێکی دی لە جیاتی ئەو بەکاربهێنێت، ئەگەر سیستەمێکی دی بە مرۆڤــ ببەخشـرێت کە تۆسـقاڵێک ڕەقـوتەق بێـت، ئەوە ڕێژەیەکـی کەمتری لەو بیروڕاکان بـۆ دەستەبەر دەبێت، بەڵام مەرجە لە نێوان تـاک و تـاکێکی دی هەمـان ڕەگەز ئامرازگەلێک هەبن، کە بە هـۆیەوە مــامەڵە و هەســت و نەســتەکان بگەیەنــرێن، چــونکە تــاک لەوەدا ســەرکەوتوو دەبێـت کە بتـوانێ ســەرجەم هــزر و بیرەکـانی خــۆی بگەیەنێت.[1]

١ـ میشال زکریا(د)( ١٩٨٥)، الالسنية (علم اللغة الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات و التوزيع، بيروت، لبنان، ص١١.

زانایانی ڕۆژئاوا تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و بە بابەتی خۆیان زانیوە، زمانی ئاماژە چەند جۆرێکی هەیە: زمانی نابیستان و زمانی تەندروستەکان و زمانی هاتوچۆ، هەموو ئەو جۆرانەش زمانێکی گۆنەکراون، سەرەڕای ئەمانەش هەندێ پێیان وایە وێنە زمانە، مۆسیقا زمانە، شتەکان و تەنەکان زمانن و هێماکان زمانن، بەڵام ئەوەی ئێمە باسی دەکەین تەنها هێماکانی نابیستان و تەندروستانە.[1]

زمانی ئاماژەی نابیستان، ئەمە زمانی ئاماژەی کەڕولالەکانە، بۆ ئەمەش تێگەیشتنی تایبەتییان هەیە لە فێربوونی ئەو زمانەدا، خودای گەورە لە قورئاندا باسی ئەو دیاردەیەی بۆ ئێمە کردووە، خودا دەفەرموێ(( **اِنَ شَرَ الدّوابِ عِنْدَ اللهِ الصُمُّ البُكْمُ الذينَ لا يعْقِلُون، ولو عِلمَ اللهُ فِيهِم خَيراَ لأسمَعَهُم لتَولوا وهُم مُعْرضونَ)) . سورەتی (الأنفال)، ئایەتی ٢٢ـ ٢٣.واتە: بێگومان خراپترین و بێ فەڕترین گیانلەبەر و چوارپێ لای پەروەردگار ئەو ئاژەڵانەن، کە کەڕن ئامۆژگاری نابیستن تا پەیڕەوی بکەن، لاڵن ناتوانن حەق بڵێن و تێی بگەن، ناتوانن جیاوازی نێوان حەق و بەتاڵ بکەن، خێر و شەڕ لێکجیابکەنەوە، جا کە ئەوانە بەو جۆرەبن نیازی خێریان نەبێ، خوداش پێیان نابیسێ، چونکە خودا دەزانێ ئەگەر دەرزێکی**

---

١ـ نوال محمد عطية(١٩٧٥)، علم النفس اللغوي، الطبعة الأولى، مكتبة الأنجلو المصرية، ص٢٨.

**عادەتیشیاندا بدا و تێیان بگەیەنێ، دوای تێگەیشتنیش ئەوان بەئەنقەست و قینەبەری پشتی لێ هەڵدەکەن و گوێی نادەن.**[١]

یەکێک لە ڕەحمەتەکانی خودا بۆ نابیست ئەوەیە گوێی لە شت نابێت، بۆ ئەوەی زۆردار و یاخی نەبێت، بۆ ئەوەی گوێی بەسەر خەڵکەوە نەبێت و خوداش بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵگە لە خراپەی ئەو کەسە ئەو کارە دەکات، خودا کەسێک تووشی بەڵا ناکات، تەنها بۆ چاودێریکردنی نەبێت، ئەو زمانە ئاماژەی تایبەتی خۆی هەیە لە جووڵانەوەی دەستەکان و ئاماژەکانی سیما و دەموچاو.[٢]

ئاماژەی تەندروستەکان، ئەو ئاماژانەش دوو بەشن: بەشێکی ئەندامییە و بەشێکی ئەدەبییە، ئاماژەی ئەندامی بۆ ئەو کەسانە دوای ئەوە دەبێت، کە ئەو کەسە بۆ ماوەیەکی کاتی ناتوانێت قسە بکات، ئەو کەسە تووشی زمانگیران دەبێت، کە خۆی تەندروست و ساخلەمە، بەڵام خودا دەیەوێت موعجیزەیەک ئەنجام بدات، بۆیە لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر زمانی زەکەریا و مەریم باس لەو دیاردەیە کراوە.

زمانی هێما و ئاماژە ئەوەیە کە تۆ نەتوانی قسە بکەیت و تەنها بە هێما و ئاماژە نەبێت: ئەرک بە زمان، یان بە برۆکان یان بە چاو

---

١. خولاصەی تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلاڵەیی، چاپخانەی (دار المعرفة)، لوبنان، ٢٠١٣، ل ٣٦٨.

٢. عبدالعزیز ابراهیم العصیلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، الریاض، السعودیة، ص ٣٧١.

بدات و قسە بکات، ئەوەی بە نزمیش قسەدەکات، وەک چرپە کردن هەر پێی دەڵێن ڕەمز.

هێما لێرەدا جووڵاندنی لێوەکانە یان نووسینە لەسەر زەوی یان دەنگێکی بەچرپەیە یان هەر شتێکە، کە تێگەیشتن دروست دەکات، ئەمەش دابڕینێک لە قسەکردن تەنها بە هیما و تێگەیشتنە.

ئاماژەی ئەدەبی مانایەکی ڕەوان لە دەروون جێدەهێڵێت، کە ناتوانین لەبەرامبەر خەڵک بیدرکێنن، بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکە ئازار نەبەخشن و کاریگەر نەبن، واتە لە تێڕوانینی نیگاکان و ئاماژەکانی ڕوانین و هەموو نهێنییەکانی دڵ دەگات، کە ئەمەیان لەبەر چەند هۆکارێک ناتوانرێت بدرکێت، ئەو جۆرەی زمانی ئاماژە چەندین سیفەتی بەرەو ئامانجی خوازراوی هەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بیاندرکێنێ، نەوەک کەسانی دیکە بڵاوی بکەنەوە، بۆیە دەبینین تایبەتمەندیەکی بەرزی هەیە لە گەیاندنی مانای خوازراو بەشێوەیەکی نهێنی و بەخۆشەویستی و جوانییەوە.

هێماکردن بە دەست و سەر و چاو و برۆ و شان دەبێت، ئەگەر دوو کەس لە یەکترەوە دوور بن، شمشێریان بەدەستەوە بێت، ئەوا ئەوەی شمشێر و قامچی هەڵدەتەکێنێ، ئەوا ترس و هەڕەشە بەویتر دەدات. هێما و وشە دوو شەریکی یەکترن، هێما چاکترین پاڵپشتی وشەیە. چاکترین وەرگێڕی ئەوە زۆرجار شوێنی وشە دەگرێتەوە. دەبێت ئاماژە وێنەیەکی ناسراوی هەبێت، بۆ ئەوەی لە جۆرەکانی دیکە جیابکرێتەوە، ئاماژەدان بە چاو و برۆ و جۆرەکانی دیکە، کە بە هەستەکان دەکرێت هاوکارێکی ئامادەیە، کە هەندێک خەڵک

پەردەپۆشی کارەکانی خۆیان پێدەکەن و لە دۆست و بێگانەی دەشارنەوە، ئەگەر هێماکان نەبوایە، خەڵک لە مانا تایبەتەکان تێنەدەگەیشت، ئەو بابەتەیان هەر نەدەزانیً. زۆرجاران لەوانەیە نیگایەک لە زمان ڕەوانتر بێت، واتە لەوانەیە بە چاوانی ناونیشانی مەبەستەکەی هەبێت.

لەو زانایانەی سەردەم کە باسی ئەو دیاردەیەیان کردووە، لەوانە فیجۆتسکییە، کە باسی لە زمانی ئاماژە کردووە لەلای نابیستانەوە، وەک هێماکانی سیما و جووڵانەوەی جەستە و دەستەکان و نیگاکانی چاو و گۆڕینی دەنگ، و هەندێک لەوانە بە زگماکییەوە گەشەدەکەن و هەندێکیش بەپێی کۆمەڵگە دەگۆڕێن.

جیاوازییەک لە نیوان زمانی وشەیی و ناوشەیی هەیە لە شێوازی گەیاندنی ماناکان، کە لە خۆیانەوە دەگرن، زمانی وشەیەی تەنها ئەو زمانە نییە کە تاک بەکاردەهێنیً بۆ دەربڕینی ئەو بیرۆکانەی لە هزریدایە دایە، بەڵکو ئەو کەسە پێویستی زیاتر بە زمان هەیە بۆ گوزارشتکردن لە خۆی، لێرەوە گرنگی گەورەی زمانی ناوشەیی لە ژیانی هەر کەسێک دەردەکەوێت، هەریەکەیان شێوازێکە لە گوزارشتکردن بۆ سەرجەم مرۆڤەکان.(١)

1- S.Langer(1998), Philosophy in a New Key. New York: The New American Library, p48.

### ٦.٢: نەخۆشییەکانی گوتن

نەخۆشییەکانی گوتن چەندین شێوە و لایەنی هەیە، کە تووشی مرۆڤ دەبێت، لەوانە گنەبوون، وەک ئەوەیە لووتت گیرابێت و بە لووت قسە بکەیت، تێکئالآنی زمان، وەک ئەوەی ددانی کەوتبێت قسەکانی ڕوون نەبن، منگەمنگیش ئەوەیە تۆ وەک گوێگر نەتوانی پیتەکان لەیەکتر جیابکەیتەوە، یانیش پیتێک زۆر دووبارە بکرێتەوە، قورسی زمان و بەبێگانەکردنی پیتەکان.[١]

سێ هۆکاری سەرەکی هەیە لە دروستبوونی نەخۆشییەکانی گوتن و زمان، ئەوانیش هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییە.

**یەکەم: هۆکارە زمانی و دەروونییەکان**

ئەو نەخۆشیە زمانییە تووشی گەلێک کەس دەبێت، وەک (زمانگیران، فسەزمانی)، جا خەڵکی تایبەت یان ئاسای بێت، زۆرجاران فسەزمانی بۆماوەییە و لە باوانەوە بۆ منداڵەکان دەگوازرێتەوە، لەوانەیشەوە بۆ نەوەکان دواتریش دەبێتە نەریتێک لەنێویاندا، دواتر کە لەنەوەی ئاییندە بە دروست دەزانرێت، کەچی لە نەوەی پێشوودا بە مەینەتی زمان دانراوە، شایەنی ڕقلێبوونەوە بووە و قێزەوەن بووە، واتە ئەگەر کەسایەتییەکی مەزن بە فسەزمان بناسرێت، ئەوا لەوانەیە چینەکانی دیکە لاسایی بکەنەوە، دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئەو لاساییە و لادانە شتێکی پەسەند دەبێت و وەک مۆدە دەبێت، کە تەواوی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

---

١. عبدالعزیز ابراهیم العصیلی(١٩٩٩)، النظریات اللغویة و النفسیة و تعلیم اللغة االعربیة، مطابع التقنیة للأوفست، الریاض، ص٣٨.

**دووەم : هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

بێدەنگی یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی قسەکردن، ئەگەر کەسێک قسەکانی تێکەڵ بە یەک کرد، ئەو کەسە لەبەر ئەوەیە بە تەنیابووە و کەسێک قسەی لەگەڵ نەکردووە، واتە ئەو کەسە دوورەپەرێزە، ئەم دوورەپەرێزییەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر ئەوەی ئەم تاکە لە قسەکردن بکەوێت، یاخود تووشی کەمدوویی بێت.

**سێیەم : هۆکارە جەستەییەکان(ئەندامییەکان)**

کەوتنی ددانەکان دەبێتە هۆی هەڵەکردن لە زمان و دروستی زمانیش لە دروستی ددانەکاندایە، کاتێک ئەو شوێنانەی پیتەکان درووست دەکەن، تەواو بن، ئەوە پیتەکانیش بەتەواوی دەردەچن، هەروەها ئەگەر مرۆڤ ددانەکانی تەواو بێت، ئەوا پیتەکانیشی بەتەواوی لە دەم دەردەچێت، بەڵام ئەگەر ددانەکانی کەم بوو، ئەوا پیتەکانیشی کەم دەبێت.(١)

چەندین ڕێنمایی زانستی و ڕاهێنانی کرداری هەیە، هەوڵی ڕاستەقینە و ڕاهێنانی بەردەوام بۆ دەرخستنی پیتەکان بە دروستی، ئەمەش بەگوێرەی توانا.

ئەگەر خاوەنەکەی هەوڵبدات و بەری خۆی لە زمان ڕابهێنێ و دەرچوونی پیت ڕەوان بکات، بەدوور نازانرێ کە بگەڕێتەوە سەر سروشتی خۆی و ئەمە کاریگەرییەکی باشی دەبێت. ئەگەر هاتوو

---

١. عبدالمجيد أحمد منصور(٢٠٠٩)، علم اللغة النفسي، الطبعة الثالثة، الرياض، ص١١١.

گوتی ئەمە قسەیەکی ڕاستە، بەڵام تەنها خۆئامادەکردن و ڕاهێنانی دەویَ ڕێگرێک لەبەردەم ئەو کارە نییە و گومانیشم لەوە نییە، کە ئەگەر تۆ مانگێک ئەو کارە بکەیت، ئەوا زمانت چاکدەبێتەوە، بەڵام ئەگەر هانی دایە بەرخۆی و زمانی لەدەربڕینی ڕا دروستکرد، ئەوە کارەکە ئەنجام دەدرێت...

خاوەن ئەزموونەکان دەڵێن ئەگەر گۆشتنی کەلێنی ددانەکان بەرزنەبوو، ئەستور نەبوو، ئەوا کاریگەریی لەسەر نەمانی پیتەکان و ڕەوانی دەبێت، ئەگەریش زمان لەهەموو لایەکەوە شتێکی هەبێت، کە بەری کەوت و هەوای بەتەواوی پێدا تێپەڕ نەبێت، ئەوا زمانەکە دەم پڕدەکاتەوە و کەوتنی ددانەکان زیانبەخش نابن. ئەگەر یەکێک بیەوێت زمانی ڕەوان و ڕەوانبێژ بێت و دوور بێت لە هەڵە و لادانی زمان، ئەوا دەبێت هونەری وتاربێژی هەبێت، کە جورئەت و گێڕانەوەی قسەیە، لێرەدا جەخت لەسەر ڕاهێنان و جورئەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەموو پیتەکان بەدروستی دەربچن و دووربن لە هەڵە. مەشق و ڕاهێنان و ئەزبەرکردن و دووبارەکردنەوەی قسە، ئەمەش چاکترین ڕێگایە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە زمانییەکان.

# ئەنجام

١- هەوڵدەدات زمان بۆ لێکدانەوەی کارلێکە ناوەکییە دەروونییەکان بەکاربهێنێت، کە خۆی لە پرۆسە و تیۆرە زمانییەکاندا دەبینێتەوە، واتە لە ڕێگەی گشتگیرکردنی لێکدانەوەی زمانییەکانەوە لە زمانەوانیی دەروونی دەدوێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی لێکدانەوە سیماتیکییەکان بۆ هەندێک لە دیاردەکانی (هەڵخلیسکانی زمانی، گەڕانەوە، تێکچوونی زمانی .........هتد)، یاخود خوێندنەوەی (هێز و ئاوازی دەربڕینەکان).

٢- لە مەرج و قەیدەکانی سایکۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر زماندا دەچەسپێنرێت، بۆنموونە چۆن ڕووکارەکانی میمۆری کار لەسەر ئاخاوتن دەکەن لە کاتی بەرهەمهێنان و لێتێگەیشتندا.

٣- زانایان لە کۆن و نوێدا بە وردی تاوتوێی بابەتەکانی زمانەوانیی دەروونیان کردووە، لەو بابەتانەشن: زمان و بیر، زمان وەرگیراوە یان داهێنراوە، وەرگرتنی زمان، زمانی ئاژەڵان، زمان ئاماژە و هێما، نەخۆشییەکانی قسەکردن و هۆکار و چارەسەرییەکانی.

٤- چۆمسکی خۆی دانی بەوە ناوە، کە زۆر بە قوتابخانەی فەرەنسی هی سەدەی چواردەم کاریگەر بووە، کە ئەو قوتابخانەیە بە دەروازەی باڵا ناوبراوە. یەکێک لە ناودارانی ئەو قوتابخانەیەش دیکارتی فەیلەسوف بووە، کە چۆمسکی بە بیرۆکە لۆژیکییەکانی ئەو کاریگەربووە، دیکارتیش لەسەر بیروڕاکانی فەیلەسوفی موسڵمان ئیبن ڕوشد پێگەیشتووە، سەرەڕای هەموو ئەمانەش چۆمسکی بە

هامبۆلت کاریگەر بووە، کە ئەویش لەژێر کاریگەری سلفستەر دی ساسی بووە.

٥- بەشێک لە زانایان باسیان لەوە کردووە کە زمان ئیلهامە و لەلایەن خودای گەورەوە هاتووە، هەندێکیشان باسیان لە دانراوی زمان کردووە، بەڵام زانایانی هاوچەرخ دەڵێن دانراوە، واتە مرۆڤەکان خۆیان رێک دەکەون و زاراوە و ناو بە شتەکان دەدەن. سەبارەت بە وەرگرتنی زمانیش کراوە لەلایەن منداڵ و گەوران جا زمانی دایک بێت یان زمانی بێگانە، باس لەو دیاردەیە کراوە بە زمانی قۆناغی یان ناوەندی ناونراوە.

٦- لەبارەی وەرگرتنی زمانی دایکیشەوە تیۆرەکان هەر جەخت لەسەر ئەو شتانە دەکەنەوە کە زانایانی باسیان کردووە، لەوانە تیۆری ڕەوشت لە زمانەوانیی دەروونی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە منداڵ لە ڕێگەی گوێگرتن و تێگەیاندن و ڕاهێنان و لاسایی کردنەوە، فێری زمان دەبێت، تیۆری مەعریفی زگماکیش کە لەلایەن چۆمسکی ڕابەرایەتی دەکرێت، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە زمان لە زگماکییەوە تایبەتە بە مرۆڤ، نەوەک بوونەوەرەکانی دیکە، وەرگرتنیشی زگماکی و توانای عەقڵییە، کە لەکاتی لەدایکبوونەوە لە منداڵ هەیە، تیۆری ئەرکی لە زمانەوانیی دەروونی نوێدا زێدە بایەخ بە واتا و ئەرکەکانی پەیوەندی زمان دەدات لە پرۆسەی وەرگرتنی زماندا.

٧- مرۆڤ ژمارەیەکی زۆری لە ڕەمز و ئیشارەتی داهێناوە، بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت و تەنیا پشت بە زمانی ئاخاوتن نەبەستێت.

٨- زمانەوانیی دەروونی بابەتێکی گرنگە لە زمانەوانیی کارەکی و خاڵی بەیەکەوە بەستنی هەردوو زانستی دەروونناسی و زمانەوانییە، بەو واتایەی ئەم بابەتە تەنیا پەیوەست نییە بە زمانەوانیی یاخود تەنیا پەیوەست بێت بە دەروونناسی، بەڵکو بابەتێکی هاوبەشە لەنێوان هەردووکیان.

٩- زمانەوانیی دەروونی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە زانستی دەمارییەوە و ئەو ئەنجام و تاقیکردنەوانەی، کە زمانەوانیی دەماریی لە ڕووی بایلۆژییەوە پێیدەگات، لە زمانەوانیی دەروونیدا بەکاردەهێنرێتەوە، بەڵام دەکرێ لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەوەی زمانەوانیی لە پێکهاتە و مەرج و قەیدە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە و بە ڕادەیەک هەندێک جار وەها دەردەکەوێت، کە تەنها رنگی بە لایەنی یاسا و فۆرمی زمان دەدات، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە زمانییەکان خۆیان بە کۆد و پێکهاتەی پەیامەکانەوە خەریک دەکەن، لەلایەکی ترەوە دەروونناسی جەخت لەسەر لایەنی جێبەجێکردن و توانا دەکاتەوە، بەڵام لە زمانەوانیی دەروونیدا کار لەسەر بنەماکانی هەردوو زانستەکە دەکرێتەوە بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە ڕاستی و ڕاستەقینەی لایەنە شاراوەکانی پێکهاتەی ئاوەزیی مرۆڤ.

# سەرچاوەکان

- القرأن الكريم.
- قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار.
- خولاصەی تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان، مەلا مەحموود گەلاڵەیی، چاپخانەی (دار المعرفه)، لوبنان، ٢٠١٣.

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١ـ ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٢ـ ئەڤین سامی عارف(٢٠١١)، کاریگەری باری دەروونی لەسەر زمانی قسەکردن، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

٣ـ دیار علی کمال کریم(٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ـ ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین.

٤ـ زەیتۆ شێخانی(٢٠٠٢)، زمان و پێوەندی بە بیرکردنەوەوە، گ.ڕامان، ژ.(٦٨)،(٥)ی شوباتی ٢٠٠٢.

٥ـ زەیتۆ شێخانی (٢٠٠٥)، زمان و پێوەندی بە ماناوە، گ.ڕامان، ژ.(٩٩)، (٥)ی ئابی ٢٠٠٥.

٦ـ کۆمەڵێک نووسەر(٢٠٠٥)، لە ڕوانگەی زمانناسییەوە، وەرگێڕانی: د.ئازاد باخەوان، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک.

٧- محمد معروف فتاح(١٩٨٥)، هێماكاری و زمانەوانی، گ. كاروان، ژ.(٢٨).
٨- محەمەد مەعروف فەتاح(د)(٢٠١٠)، بەرهەمە زمانەوانییەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: شێروان حسێن و شێروان میرزا، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای موكریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٩- وریا عومەر ئەمین(١٩٨٩)، بنج و سیما و یاساكانی گوێزانەوە، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (١٢١).
١٠- یوسف شەریف سەعید(١٩٩٣)، زمان خۆكردە یان خواكردە، گ. پەیامی ڕاستی، ژ. (١٧).
١١- یوسف شەریف سەعید(د)(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٢- أبو جعفر محمد الطبري(٢٠٠٨)، تفسير الطبري جامع البيان عن تأويل اية القران، الطبعة الرابعة، دار القلم، بيروت، ج.٣
١٣- أبو محمد عبدالله الخفاجي(١٩٨٢)، سر الفصاحة، الطبعة الأولى، دار الكتاب العلمية، بيروت.
١٤- أبو عثمان عمرو بحر(١٩٩٨)، البيان و التبيين، تحقيق: عبدالسلام محمد هارون، الطبعة السابعة، مكتبة الخانجي، القاهرة، ج١.
١٥- أبو الحسين أحمد ابن الفرس(١٩٩٧)، الصاحبي في فقه اللغة العربية و مسائلها و سنن العرب في كلامها، علق عليه: أحمد حسن بسج، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت.

١٦- أحمد عبدالموجود و علي محمد معوض(١٩٩٨)، الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل و عيون الأقاويل في وجوه التأويل، الطبعة الأولى، الرياض، مكتبة العبيكان.
١٧- جاسم علي جاسم(٢٠١١)، في طرق تعليم اللغة العربية للأجانب، الطبعة الخامسة، بيروت.
١٨- جاك رتشارد و ثيودور روجرز(٢٠٠٨)، مذاهب و طرائق في تعليم اللغات، ترجمة: محمود صيني و عبدالرحمن العبدان و عمر الصديق، دار عالم الكتب، الرياض.
١٩- دوجلاس براون(١٩٩٤)، أسس تعلم اللغة و تعليمها، ترجمة: عبدة الراجحي و علي شعبان، دار النهضة العربية، بيروت.
٢٠- عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(١٩٩٩)، النظريات اللغوية و النفسية و تعليم اللغة االعربية، مطابع التقنية للأوفست، الرياض.
٢١- عبدالعزيز ابراهيم العصيلي(٢٠٠٦)، علم اللغة النفسي، الطبعة الاولى، الرياض، السعودية.
٢٢- عبدالرحمن محمد ابن خلدون(١٩٧٢)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: علي عبدالواحد وافي، الطبعة الثالثة، دار نهضة للطبع و النشر، مصر، ج٣.
٢٣- عبدالمجيد أحمد منصور(٢٠٠٩)، علم اللغة النفسي، الطبعة الثالثة، الرياض.
٢٤- علي عبدلواحد وافي(١٩٩٠)، علم اللغة، دار نهضة، الطبعة الثانية، القاهرة، مصر.

٢٥- ل.س. فيتوتسكى(٢٠٠٨)، التفكير و اللغة، ترجمة: د.طلعت منصور، الطبعة الأولى، دار المسير.
٢٦- محمود احمد السيد(١٩٩٦)، علم النفس اللغوي، الطبعة الثانية، جامعة دمشق.
٢٧ - محمد محمد يونس علي(٢٠٠٤)، مدخل الى اللسانيات، طبعة الاولى، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت، لبنان.
٢٨- ميشال زكريا(د)(١٩٨٥)، الالسنية (علم اللغة الحديث)، المؤسسة الجامعية للدراسات و التوزيع، بيروت، لبنان.
٢٩- موفق الحمداني(د)(١٩٨٢)، اللغة و علم النفس(دراسة للجوانب النفسية للغة)، مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر جامعة الموصل، بغداد.
٣٠- موفق الحمداني(٢٠٠٧)، علم نفس اللغة من منظور معرفي، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.
٣١- نهاد الموسي(١٩٨٠)، نظرية النحو العربي في ضوء مناهج النظر النحوي الحديث، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.
٣٢- نوال محمد عطية(١٩٧٥)، علم النفس اللغوي، الطبعة الأولى، مكتبة الأنجلو المصرية.
٣٣- وهبة الزحيلي(٢٠١٠)، التفسير المنير في العقيدة و الشريعة و المنهج، الطبعة الثالثة، دار الفكر المعاصر، بيروت، ج٦.

## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی

34-Richards،J; Platt،J;and Platt، H.Longman Dictionary of Language& Teaching and Applied Linguistics، 2nd edition، Essex،UK:Longman.1992.

35-Chomsky،N.( 1957)، Syntactic Structures، The Hague: Mouton .

36-Chomsky،N.(1959)،Review of B. F.Skinners Verbal Behavior، Language.

37-John Lyons، Language and Linguistics: An Introduction، (Cambridge: Cambridge University press 1981.

38-Hadumod Busmann(1996)، Routledge Dictionary of Language and Linguistics، translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge.

# زمانەوانی ماتماتیکی[1]

[1]- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (الأستاذ)ی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا، ژمارە(١٢٨)، ٢٠١٠، ل ٥٠٣ -٥٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

# پێشەکی

زمانەوانی کارەکی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی، ئەم لقە شیکردنەوەی بەرانبەری و شیکردنەوەی هەڵەکان و فێربوونی زمانی دووەم و زمانی بێگانە و تاقیگەی زمان و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی ئامێریی و دروستکردنی فەرهەنگ و زانستی وەرگێڕان و زمانەوانی ماتماتیکی دەگرێتەخۆ. زمانەوانی پراکتیکی بەرانبەر زمانەوانی تیۆری دەوستێ، کە فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی و زمانەوانی مێژوویی و واتاسازیی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس.

زمانەوانی کارەکی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی زمان و زمانەوانی، لەو لایەنەی کە پەیوەندی بە گرفتەکانی کرداربییەوە هەیە، وەکو دروستکردنی فەرهەنگ، وەرگێڕان، خەوشەکانی درکاندن..هتد. زمانەوانی پراکتیکی سوود دەبینێ لە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەروونی و زمانەوانی ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) و تیۆری ڕاگەیاندن، ئەمەش بە ئامانجی دانانی شێوازێکی تیۆری تایبەت بە زمان و بەکارهێنانی، پاشان بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە و ئەو تیۆرانە لە بوارەکانی کردارییی وەکو دانانی پرۆگرام و چارەسەرکردنی خەوشەکانی درکاندن و پلاندانانی زمانەوانی، و شێوازناسی.......هتد.

ئەم باسەی ئێمە لەسەر زمانەوانی ماتماتیکییە، کە لێرەدا هەوڵماندا لە چەند لایەنێکی ئەم لایەنە گرنگەی زمانەوانی پراکتیکی

بکۆڵینەوە، لەوانە لایەنی پێناسنی بابەتکە و مێژووی زاراوەکە و پەیوەندی زمان و ماتماتیک بەیەکەوە و زمانەوانی ماتماتیک لە ئاستەکانی زماندا(دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی) و چەند لایەنێکی تر.

## بەشی یەکەم :پێناسین و مێژووی زمانەوانی ماتماتیکی

### ١.١: پێناسینی زمانەوانی ماتماتیکی

زمانەوانی ماتماتیکی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی، بەهۆیەوە هۆکارەکانی ئاماریی و ماتماتیکی لە لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی زمانەوانی بەکاردەهێنێ بۆ دەقەکانی نووسراو دەربڕاودا[١].

زمانەوانی ماتماتیکی بوارێکی نوێیە لە زمانناسی و ماتماتیک، لەبەرئەوەش ئەم زانستە لە گەشەسەندن و پێشکەوتن نەوەستاوە[٢].

کەواتە زمانەوانی ماتماتیکی لێکۆڵینەوەیە لە زمان بە بەکارهێنانی هێما و یاساکانی ماتماتیک.

### ٢.١:مێژووی سەرهەڵدانی زمانەوانی ماتماتیک

دەستپێکی کارەکانی زمانەوانی ماتماتیکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هیندییەکان، بە تایبەتی لای (پانینی)، چونکە پانینی لە کتێبەکەی خۆیدا (هەشت بەش)، نزیکەی (چوار) هەزار یاسای دەستنیشانکردبوو، ئەم یاسایانەش لە وردیدا لە هاوکێشەی ماتماتیکیدا دەچوون[٣].

---

[١]سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٣٥٠.

[٢]ميلكا افيتش(١٩٩٦)، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة. د.سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الاعلى للثقافة، ص ٤٠٠.

[٣]نايف خرما(١٩٧٨)، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة كتب عالم المعرفة، الكويت.

پانینی لەم کتێبەیدا یاساکانی ڕێکخستنی دەنگەکانی سانسکریتی و وشەسازی و ڕستەسازی چارەسەرکرد[1]. دوای پانینی، یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان لە زانستی زماندا کردەی ماتماتیکیان بەکارهێناوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە زاراوەی (زمانەوانی ماتماتیکی) بکەن، یا بزانن ئەم کردەیە سەر بەم بابەتە بێت.

هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە بەکارهێنانی زاراوەی (زمانەوانی ماتماتیک) وەکو زانست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم، بە تایبەتی کاتێ زانای ماتماتیک (ئا.ئا.مارکۆڤ) لە کتێبەکەی خۆیدا (نموونە بۆ وانەی ئاماری لە تێکستی ـ ئیڤیگینا ئۆنجینا)دا،چونکە لەم کتێبەدا لایەنی نزیکی و پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیکی خستۆتەڕوو، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەی (مارکۆڤ) بە کارێکی مەزن و چاک دادەنرێت لە مێژووی زمان و ماتماتیکدا[2].

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایانی تر پێیان وایە، کە زمانەوانی ماتماتیکی تیۆرێکە لە تیۆرەکانی زمان، کە زمانەوانی دانیمارکی

---

ب. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی(٢٠٠١)، مێژووی زمانەوانی، گ. ڕامان، ژ (٦٦)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، ل ٣٨.

[1] ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨.

[2] عبدالوهاب خالد(٢٠٠٥)، زمان و زمانڤانی ـ هژمارەکانی ڤەکولینا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ دهۆک، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ل٥٢-٥٣.

(ل.هیلمنسلیڤ) دامەزرێنەرێتی[١].

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە شێوەیەکی بەربڵاو و بوارەکانی گەیاندن و تیۆرەکانی زانیاری گەشەکردنێکی گەورەیان بەخۆوە بینی،زمانەوانیش یەکێک بوو لەو بوارانە[٢].

بواری زمانەوانی ماتماتیکی لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی سەرکەوتنێکی باشی بە دەستهێنا، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە هۆکاری بەکارهێنانی ماتماتیکیش لە زماندا، پەیوەست بوو بە ئاشکرایی و ڕوونی و کورتبڕیی و لایەنی هێمایی بۆ لێکۆڵینەوە و پێناسینی بابەتی زمانەوانی.

هەروەها لە ساڵی (١٩٥٠) زمانەوانی ئەمریکی (مۆریس سودایش) پڕۆگرامێکی نوێی خستە بەردەم دیاریکردنی پەیوەندی لە نێوان زمانانداا بەهۆیەوە قۆناغەکانی مێژوویی هەر زمانەی دیاریکرد، ئەم پرۆگرامەش بە (ئاماری فەرهەنگی) ناوی دەرکرد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا (مۆریس) چەندین وشەی لە زمانەکان هەڵبژارد و لە چوارچێوەی لیستەیەکدا بەراوردی کردن[٣].

لە دوای ساڵی (١٩٥٨)ەوە تاکو ئێستا لە سۆڤیەت (ڕووسیا)

---

[١] اوزالد دیکرو و جان ماري سشایفر(٢٠٠٧)، القاموس الموسوعي الجدید لعلوم اللسان، ترجمة د.منذر عیاشي، المركز الثقافي العربي، المغرب، طبعة الثانیة، ص ٤٣.

[٢] عبدالوهاب خالد، هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

[٣] میلکا افیتش، هەمان سەرچاوە، ص ٤١١.

بابەتی زمانەوانی ماتماتیکی وەکو وانەیەک بۆ قوتابیانی بەشی زمان و ماتماتیک دەخوێندرێت، بە تایبەتی لە زانکۆکانی (مۆسکۆ، لینینگراد، گۆرکی، ساراتۆڤ، تۆمسک)[1].

### ٣.١:زمان و ماتماتیک

زمان هۆکارێکی گرنگە بۆ لەیەکترگەیشتنی ئادەمیزاد بەکاردەهێنرێت، بەهۆیەوە بابەتی زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەندە بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە[2].

ماتماتیکیش یەکێکە لەو کردە زانستییانەی کە مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا پێویستی پێی هەیە و پەنای بۆ دەبات، کەواتە کردەی ماتماتیک بۆ ئاسانکردنی مامەڵەی رۆژانە و راپەڕاندنی حیسابکردن و زیان و قازانجکردنە[3] و، بۆ کۆمەڵێ یاسای جۆراوجۆری تایبەت بە بواری ئابورییەوە بەکاردەهێنرێت[4].

هەردوو بابەتی زمان و ماتماتیک لە ڕووی پێکهاتن و چۆنیەتی کارکردنیانەوە لە بنچینەیەکی دیاریکراو و سیستەمێکی یاسایی نزیک و ڕێکوپێک پێکهاتوون و لە یەک دەچن، هەریەکەشیان هێمایەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بریتین لە دەنگ و ژمارە، دەنگ هێمای

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

[2] محمود السعران(د)(٢٠٠٧)، علم اللغة، دار النهظة العربية، بيروت ـ لبنان، الطبعة الجديدة، ص ٥٢.

[3] علي عبدالواحد الوافي(١٩٧٢)، علم اللغة، القاهرة، ص ١٧.

[4] ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠٩)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ل ١١٢.

زمانە و ژمارەش هێمای ماتماتیکە[1].

### ٤.١: لێکۆڵینەوە کوردییەکان لە بواری زمانەوانی ماتماتیکیدا

لە زمانی کوریدا لێکۆڵینەوەیەکی کەم و دیاریکراو لە بواری زمانەوانی ماتماتیکی ئەنجامدراون، بەو واتایەی زۆر بە دەگمەن نووسەران و زمانەوانانی کورد ئاوڕیان لەم بابەتە داوەتەوە، بابڵێین زۆر بە دەگمەن زاراوەی زمانەوانی ماتماتیکییان دەست نیشانکردووە، ئەگەرچی هەندێ بابەت و لێکۆڵینەوە دەچنە ڕیزی چوارچێوەی زمانەوانی ماتماتیکی، بەبێ ئەوەی لێکۆڵەرانیان بزانن ئەم بابەتە زمانەوانی ماتماتیکە.

د.وریا عومەر ئەمین دوو وتاری لە بارەی زمانەوانی ماتماتیکی بڵاوکردۆتەوە، بە ناونیشانەکانی (زمان و ماتماتیک)[2] و (بیرکاری لە زمانا)[3]، لێرەدا لێکۆڵەر چەند لایەنێکی لە پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیک خسۆتەڕوو، جێگەی باسە ئەم دوو بابەتە لە زۆربەی لایەنەکاندا لە یەک دەچن، بەو واتایەی هەردوو وتارەکە یەک ناوەرۆکیان هەیە.

لێکۆڵەر لەم دوو وتارەیدا لە دەستپێکدا باسی لە کردەی زمان و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل ١١١.

[2] وریا عومەر ئەمین(١٩٨٣)، زمان و ماتماتیک، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٩٧)، ١٩٨٣، ل ٣٤ – ٣٧.

[3] وریا عومەر ئەمین(١٩٨٧)، بیرکاری لە زمانا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٣)، ١٩٨٧، ل ٢٢٦ – ٢٢٩.

ئاخاوتن کردووە، دواتر هاتۆتە سەر لایەنی نیشانە و یاسا لە ماتماتیکدا، لە نیشانەدا (١، ٢، ٣، .. هتد) خستۆتەڕوو و، لە یاساشدا خانەکانی (یەکانە، دەیانە، سەدانە، هەزارانە، ...هتد) خستۆتەڕوو، دواتر بە کردەیەکی پڕاکتیکی یاساکانی ماتماتیک و لایەنی ڕێزمانی زمانی باسکردووە.

جێگەی ئاماژە پێکردنە دواتر (د.وریا عومەر ئەمین) وتاری (زمان و ماتماتیک) و (بیرکاری لە زمانا)ی لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی تری لە کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی)[١] بڵاوکردۆتەوە.

د.ڕەفیق شوانی لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا (پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە ـ لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی پڕاکتیکییە)[٢]، پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیکی ڕوونکردۆتەوە. لە دەستپێکدا هەندێ لایەنی هاوبەش و جیاوازی ئەم دوو زانستەی دەرخستووە، دواتر هاتۆتە سەر ئاستەکانی زمان، کە تیایدا لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی) ئەم لایەنەی خستۆتەڕوو، بە جۆرێ بە کردەیەکی پڕاکتیکی پەیوەندی نێوان زمان و ماتماتیکی ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە لە ئاستی دەنگسازیدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لە زماندا دەنگ (فۆنیم) کەرەستە بنچینەییەکان پێکدێنن، لە بیرکاریشدا ژمارە کەرەسە و هێما بنچینەییەکان پێکدێنن.

---

[١]وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ل٣٩٨.

[٢]ڕەفیق محێدین شوانی(د)(٢٠٠٣)، پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ(١٠)، ٢٠٠٣،ل ٥- ١٠.

جێگەی ئاماژەپێکردنە لێکۆڵەر دواتر ئەم وتارەی لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی تری خۆی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (زمانەوانی)[1] بڵاوکردۆتەوە.

د.عەبدولوەهاب خالید لە وتارێکیدا (زمانڤانیا ماتماتیکی)[2]، چەند لایەنێکی گرنگی زمانەوانی ماتماتیکی خستۆتەڕوو. لێکۆڵەر لە دەستپێکدا کورتەیەکی مێژوویی سەرهەڵدانی زمانەوانی ماتماتیکی خستۆتەڕوو، دواتر بوارەکانی بەکارهێنانی ئەم زانستەی دەست نیشانکردووە، کە بە هۆیەوە لایەنەکانی (چەندێتی، ئاماری، ئامێری، واتا، ...هتد) بە شێوەیەکی ورد ڕوونکردۆتەوە، لە پاشان هاتۆتە سەر یەکێ لە دەسکەوتەکانی زمانەوانی ماتماتیکی، کە ئەویش وەرگێڕانی ئامێرییە، پاشان ڕۆڵی زمانەوانی ئەمریکی (چۆمسکی) لەم بوارەدا دەست نیشانکردووە، بە جۆرێ لە ڕوانگەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دەریخستووە. جێگەی ئاماژەپێکردنە لێکۆڵەر دواتر ئەم وتارەی خۆی لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکی تری بەناوی (زمان و زمانڤانی)[3] بڵاوکردۆتەوە.

نەریمان خۆشناو لە زنجیرە وتارێکیدا بە ناوی (لقەکانی

---

[1] ڕەفیق شوانی(د)(٢٠٠٩)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ل ٢٣٢.

[2] عەبدولوەهاب خالید، زمانڤانیا ماتماتیک، گ. پەیڤ، ژ(٣٠)، ٢٠٠٤.

[3] عبدالوهاب خالد(٢٠٠٥)، زمان و زمانڤانی ـ هژمارەکا ڤەکولینا، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ل ١٦٠.

زمانەوانی)[1] تیایدا پێناسەی زمانەوانی ماتماتیکی کردووە، لەم پێناسەیەدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کە زمانەوانی ماتماتیکی لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی، دواتر بوارەکانی زمانەوانی ماتماتیکی دەست نیشانکردووە، کە بریتین لە (ئاماری، ئامێری، چەندێتی، ...هتد). جێگەی ئاماژە پێکردنە نووسەر ئەم زنجیرە وتارەی لە کتێبێکی خۆیدا بە ناونیشانی (زمانەوانی)[2] بڵاوکردۆتەوە.

---

[1] نەریمان خۆشناو، لقەکانی زمانەوانی، بەشی یەکەم، ڕ. نوێ، ژ(١٠٤)، چوار شەممە ٢٠٠٨/٩/١٧، ل٩. بەشی دووەم، ژ (١٠٥) چوارشەممە ٢٠٠٨/٩/٢٤، ل١٠، بەشی سێیەم، ژ (١٠٦)، چوارشەممە ٢٠٠٨/١٠/٨، ل٩. بەشی چوارەم ن ژ (١٠٧)، چوار شەممە ٢٠٠٨/١٠/١٥، ل ٩.

[2] سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠٠٩)، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٤٣٧.

## بەشی دووەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستەکانی زماندا

### ١.٢: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی دەنگسازیدا

دەنگسازی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، کەرەسەی ئەم ئاستەش لە دەنگ پێکدێت، ڕیزکردنی ژمارەی دەنگەکان (بە نموونە دەنگەکانی زمانی کوردی) و دیاریکردنی دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکان دەچێتە ڕیزی زمانەوانی ماتماتیکی، بە جۆرێک لە زمان و ماتماتیکدا کەرەسە بنجییەکانیان کردەکانی پێکدەهێنن، چونکە لە زماندا بەهۆی دەنگەکان، ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوە سازدەکرێن، بەڵام بەهۆی کردەی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو ئەم دەنگانە دەچنە پاڵ یەکترییەوە.

زمانی کوردی (٣٧) دەنگ لەخۆ دەگرێ، ئەم دەنگانەش بەسەر بزوێن و نەبزوێن دابەشدەکرێن، بەم شێوەیە:

**دەنگی بزوێن**، ژمارەیان (٨) دانەیە، بەم شێوەیە: ( ە، ا، و، وو، ۆ، ی، ێ، i).

**دەنگی نەبزوێن**، ژمارەیان (٢٩) دانەیە، بەم شێوەیە: (ئ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، ع، غ، ف، ق، ڤ، د، ز، ژ، ر، ڕ، س، ش، ل، ڵ، ک، گ ی، م، ن، ە، و).

ئەم دەنگانە بنەڕەتی وشە و گرێ و ڕستەی کوردی پێکدەهێنن، بەو واتایەی ئەم دەنگانە کە دەچنە پاڵ یەکتری وشە دروست دەکەن، بەم شێوەیە:

ڕ + ز + گ + ا + ر = ڕزگار

ش + ێ + ر + ز + ا + د = شێرزاد

بـ +ه+ نـ + ا + ز = بەناز

ئەگەر سەیری ئەم سێ نموونەیەی سەرەوە بکەین، دەبینین (کۆکردنەوە)، (یەکسانە) وەکو کردەیەکی ماتماتیکی بەکارهێنراوە بۆ سازکردنی وشەکانی (ڕزگار، شێرزاد، بەناز)، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە دەنگەکانی زمان کاتێ لێک دەدرێن، ئەوا بڕگە سازدەکرێت((دەنگەکانی زمان لە بزوێن و نەبزوێن بە پێی دەستووری زمانەکە بخرێنە سەر یەکتر کەرەسەی گەورەتر لە خۆیان پێکدەهێنن، وەکو بڕگە لە ئاستی دەنگسازیدا، بۆ نموونە (دا، با، را، جار) ))[١].

کەواتە زانینی دەنگەکان کارێکی گرنگە و لەم ڕێگەوە بەهۆی لێکدانیانەوە زانیاری دەبەخشن ((زانینی دەنگەکانی زمان و لە یەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە بەشێکی زانیاری قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی، گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێ زانینی ئەو سیستەمە تایبەتییەیە کە دەنگ و مانا لە یەک ئەبەستێ. گەر زمانێکی بێگانە ببیستی و هیچی لێ تێ ناگەیت و نازانیت وشەکانی لە کوێ دەست پێ دەکەن و لە کوێ تەواو دەبن، چونکە ئەو سیستەمە تایبەتییە نازانیت کە دەنگەکانی ئەم زمانە لە ماناکانییەوە دەبەستێ. واتا لە هەر زمانێکا ڕیزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت. گۆڕینی بە سەر ئەو ڕیزە دەنگە بێماناش دەگۆڕێ (یا نامێنی) ))[٢].

---

[١] ڕەفیق شوانی، هەمان سەرچاوە، ل ١١٣.

[٢] وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، ل ١٠.

## ٢.٢: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی وشەسازیدا

وشەسازی ئاستێکە و زانستێکە لە وشە و مۆرفیم دەکۆڵێتەوە، بەشەکانی ئاخاوتنیش (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، پریپۆزیشن، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن، ئامرازی پەیوەندی، ژمارە، پارتیکڵ) کەرەسەی هەرە سەرەکی وشەسازین.

هەر بەشێکی ئاخاوتن وەرگرین، دەبینین کردەی زمانەوانی ماتماتیکی بەشێوەیەکی زۆر فراوان تێیدا بەکاردەهێنرێت،بەتایبەتی (بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕووی پێکهاتنەوە)، بۆیە لە خوارەوە باس لە هەندێ لە کردەکانی زمانەوانی ماتماتیکی لە نێو بەشەکانی ئاخاوتندا دەکەین:

**<u>بەشە ئاخاوتنی ناو</u>**[١]:

ناوی نەناسراو + نیشانەی (ەکە) = ناوی ناسراو

کوڕ + ەکە = کوڕەکە

ناوی تاک + ان = ناوی کۆ

کچ + ان = کچان

ناوی مادی + پاشگری (ەتی) = ناوی واتایی (مەعنەوی)

پیاو + ەتی = پیاوەتی

ناوی سادە + پاشگر = ناوی دارڕژاو

ئاسن + گەر = ئاسنگەر

٥. ناوی سادە + ناوی سادە = ناوی لێکدراو

---

[١]نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو(٢٠١٠)، ڕێزمانی کوردی، بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٢٠ – ٣٠.

مار + ماسی = مارماسی

**بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو**[1]:

ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو + ترین = ئاوەڵناوی پلەی باڵا

باش + ترین = باشترین

ئاوەڵناو پلەی چەسپاو + تر = ئاوەڵناوی پلەی بەراورد

باش + تر = باشتر

پێشگر + ناو = ئاوەڵناوی دارِژاو

بە + جەرگ = بەجەرگ

ناو + ناو = ئاوەڵناوی لێکدراو

بەژن + چنار = بەژن چنار

ناو + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵناوی لێکدراو

ڕوو + خۆش = ڕووخۆش

**بەشە ئاخاوتنی ژمارە:**

یەکێکە لەو بەشە ئاخاوتنانەی کە زۆربەی لایەنەکانی ئەم بەشە ئاخاوتنە دەکەوێتە نێو زمانەوانی ماتماتیکی، یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەم بەشە ئاخاوتنە ئەوەیە، کە دەشێ بە ژمارە بنووسرێت، وەکو

چوار کەس هاتن.

٤ کەس هاتن.

هەمدیسان دوو ڕێگەی سەرەکی هەن بۆ سازکردنی بەشە ئاخاوتنی ژمارە، ئەوانیش ڕێگای کۆکردنەوە و ڕێگای لێکدانن.

---

(١) هەمان سەرچاوە،ل٥٤ـ٥٥، ٥٨.

**ڕێگای کۆکردنەوە:** ئەم ڕێگەیە بە هۆی کۆکردنەوە دوو ژمارە دێتە ئاراوە، ئەم لێکدانەش هەندێ جار بەبێ یاریدەی (و) دەبێ و هەندێ حاری تر بە یاریدەی (و) دەبێ، بەم شێوەیە:

٢٠ + ٢ = ٢٢

بیست + دوو = بیست و دوو

چل + شەش = چل و شەش[1]

**ڕێگای لێکدان:** ئەم ڕێگەیە بە هۆی لێکدانی دوو ژمارە دێتە ئاراوە، بەم شێوەیە:

٢ × ١٠٠ = ٢٠٠

دوو × سەد = دووسەد

٤ × ١٠٠٠ = چوارهەزار

چوار × هەزار = چوار هەزار[2].

**سێیەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی ڕستەسازیدا**

**ڕستەسازی:** ئەو زانستەیە کە لە ڕستە دەکۆڵێتەوە، واتە باسی ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە دەکات (ڕستەی سادە، ڕستەی لێکدراو، ڕستەی ئاڵۆز)، هەروەها باسی ڕستە لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەکات (ڕستەی هەواڵگەیاندن، ڕستەی پرسیارکردن، ڕستەی سەرسوڕمان،

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٩٨)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ل ٥٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

ڕستەی فەرماندان)[1].

هەروەها دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە گەورەترین کەرەستەی ڕستە لە زماندا فرێزە[2]، وەکو فرێزی ناوی، فرێزی کاری، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکاری، فرێزی بەند.

لە ڕستەسازیدا کەرەسەی سەرەکی و کەرەسەی لاوەکی هەن، کەرەسە سەرەکییەکان کەرەسەی بنەڕەتین و سەرەکی ڕستەن، ناشێ لە ڕستەدا لاببرێن، بەڵام کەرەسە لاوەکییەکان دەشێ لە ڕستەدا لاببرێن، بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی ڕستەکە تێک بدەن.

دەشێ کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە بە پێی کارەکانیان بۆ سەر سێ بەش دابەش بکەین:

کاری تێپەڕ = بکەر + بەرکاری ڕستەوخۆ + کاری تێپەڕ

ئازاد نانی خوارد.

کاری تێپنەپەڕ= بکەر + کاری تێنەپەڕ

ئەحمەد هات.

کاری ناتەواو= نیهاد + گوزارە

شیلان جوانە.

یەکێک لە باسە گرنگەکانی ڕستەسازی، ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوەیە، کە بە سەر سێ جۆر دابەش دەکرێت:

یەکەم: **ڕستەی سادە**: بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە ڕەگی کار و

---

(١)نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی/ بەشەکانی ئاخاوتن، ل١٦.

(٢)ڕەفیق شوانی(٢)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک،ل ١٢٠.

پێویستییەکانی پێکدێن[1]، وەکو:

شێرزاد وانەکەی خوێند.

نازدار ڕۆیشت.

کارزان زیرەکە.

دووەم: **<u>ڕستەی لێکدراو</u>**: ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە پتر لە کارێکیان تێدایە و هەر کارێک ڕستەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنێ[2]، ئامرازە لێکدەرەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ لە سازکردنی ڕستەی لێکدراو، یا دەتوانین بڵێین ڕستەی لێکدراو لە دوو ڕستەی سادە و ئامرازێک پێکدێن[3]، واتەی بەم شێوەیە:

ڕستەی سادە + ئامراز + ڕستەی سادە = ڕستەی لێکدراو

ئەحمەد زیرەکە بەڵام ناخوێنێ.

ئەحمەد زیرەکە...... ڕستەی سادە

بــەڵام.............. ئامراز

ناخوێنێ............ ڕستەی سادە

شێرزاد هات و کارزان ڕۆیشت.

شێرزاد هات......... ڕستەی سادە

و ................ ئامراز

---

[1] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ(د)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی سیما، سلیمانی، ٢٠٠٦، ل٤.

[2] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسووڵ(د)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٣٢.

[3] ڕەفیق شوانی(د)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، ل١٢١.

کارزان ڕۆیشت...... ڕستەی سادە

سێیەم: **ڕستەی ئاڵۆز (ئاوێتە):** ڕستەی ئاڵۆز ئەو جۆرە ڕستە ناسادانە دەگرێتەوە، کە پتر لە ڕستەیەکی سادە پێکدێن و، لە هەموو ڕستە سادەکاندا تەنیا ڕستەیەکیان سەرەکییە و ناتوانرێ لابدرێ، کە (شارڕستە)ی پێ دەوترێ، سەرجەم ڕستەکانی تر لاوەکین و دەتوانرێ لابدرێن، کە پاڕستەیان پێ دەوترێ و هەر پاڕستەیەک کەرەستەیەکی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە و دیاری دەخا[1].

شارڕستە + پاڕستە = ڕستەی ئاڵۆز

پاڕستە + شارڕستە = ڕستەی ئاڵۆز

کەرکووک کە لە مێژوودا بە ئارابخا ناسرابوو، شارێکی کوردستانە.

کەرکووک شارێکی کوردستانە....... شارڕستە

کە لە مێژوودا بە ئارابخا ناسرابوو....... پاڕستە

کە ............................... ئامراز

کە بە هار هات دەچینە سەیران.

کە ............................... ئامراز

کە بەهار هات............... پاڕستە

دەچینە سەیران............... پاڕستە

هەروەها وەکو ئاماەشمان بۆ کرد، کە ڕستە لە فرێز پێکدێت، فرێزیش لە وشەیەک یان زیاتر پێکدێت، ئینجا وشەکە ناوە یان

---

[1] عەبدوللا حوسێن ڕەسووڵ(د)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٣٦.

جێناو، یان کار[1].

یاساکانی فرێز پێکهاتنیش زۆرن، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١. فرێزی ناوی + فرێزی کاری = ڕستە

کـارزان + هـات = کارزان هات.

٢. فرێزی ناوی + فرێزی (فرێزی ناوی + فرێزی ئاوەڵناوی + فرێزی کاری ) = ڕستە

**ـ من کـچێکی بـاڵابـەرزم بینی.**

٣.فرێزی ناوی +فرێزی کاری (فرێزی ئاوەڵکار + فرێزی ئاوەڵکاری + فرێزی کار) = ڕستە

**ـ ئازاد دوێنێ ئێوارە بە خێرایی هات.**

هەروەها دەشێ لەڕووی ڕستەسازییەوە بەهۆی لێکدانی (+) و (-) لایەنی ڕستەکەکە وەکو کردەی ماتماتیک دەربچێ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(+ × - ) = -

دەبێ + نەچم = ناچم

( - × + ) = -

نابێ + بچم = ناچم

(+ × +) = +

دەبێ + بچم = دەچم

---

[1] لیژنەی زمانی کوردی، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٠،ل٢٨.

$(- \times -) = +$

نابێ + نەچم = دەچم

**چوارەم: زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی واتاسازیدا**

واتاسازی: واتاسازی ئاستێکە لە واتای وشە و فریز و ڕستە دەکۆڵێتەوە. کەرەستەکانی واتاسازیش بریتین لە پەیوەندییە واتاییەکان (هاوواتا، دژواتا، فرەواتا، هاوبێژی، لێڵی ...هتد) و، گریمانەکانی واتا (گریمانەی هێمایی، سێگۆشەی واتایی، ناولێنان، ...هتد) و، جۆرەکانی واتا (واتای هۆشەکی، واتای لاوەکی).لێرەدا هەندێک لایەنی کردەیی زمانەوانی ماتماتیکی لە ئاستی واتاسازیدا دەهێنینەوە.

لە جۆرەکانی واتادا، کە واتای هۆشەکی (بنجی) و، واتای لاوەکی (نابنجی) دەگرێتەوە، جیاوازی ئەم دوو جۆرەی واتاش پەیوەستە بە کۆمەڵگاوە، بە جۆرێک لە واتای هۆشەکیدا کۆمەڵگا لەسەر واتاکەی ڕێککەوتوون، کەچی لە واتای لاوەکیدا هەموو کۆمەڵگا لەسەر واتاکەی ڕێکنەکەوتوون، بە جۆرێ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر واتاکەی دەگۆڕێت. لێرەدا سیمای جیاکەرەوە هێمای ئەم بابەتە دەگرنەخۆ، بەم شێوەیە:

ئافرەت +مێ + هەراش ± شووکردن

ژن +مێ + هەراش + شووکردن

پیاو +نێر + هەراش + ژنهێنان

کوڕ +نێر ± هەراش - ژنهێنان

کەواتە لێرەدا هێماکانی کۆکردنەوە (+) و کەمکردنەوە (-) هێمای سەرەکی ئەم بابەتە دەگرێتەخۆ.

هەروەها لە پەیوەندییە واتاییەکانیش دیسان هێمای (×، =،...هتد) بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە لە دژواتادا (بەو وشە و فرێز و ڕستانە دەوترێت، کە واتاکانیان پێچەوانەی یەکترن).

**بـاش × خراپ**

**زیندوو × مردوو**

**سـاغ × کوژراو**

**درێژ × کورت**

یاخود لە هاوواتاشدا (بەو وشە و فرێز و ڕستانە دەوترێت، کە واتاکانیان وەکو یەکە یاخود لە یەکەوە نزیکن) ئەم دیاردەیە دەبینرێت، وەکو:

پاک = خاوێن = پاقژ

پوور = میمک = پلک

هەژار = فەقیر

لێدانێکی باشم لێدا = لێدانێکی خراپم لێدا

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**<u>أ. کتێب</u>**

١. ئەورەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، بەشی چوارەم (ژمارە و ئاوەڵکردار)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٩٨.

٢. ڕەفیق شوان(د)، زمانەوانی ـ کۆمەڵە وتارێک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

٣. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٤. عبدالوهاب خالد، زمان و زمانڤانی ـ هژمارەکا ڤەکۆلینا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد – دهۆک، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ٢٠٠٥.

٥. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران، چاپخانەی سیما، سلیمانی، ٢٠٠٦.

٦. لێژنەی زمانی کوردی، چەمکێکی دی لە ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٠.

٧ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو/ ڕێزمانی کوردی، بەشەکانی ئاخاوتن، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.

٨ـ وریا عومەر ئەمین(د)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

**ب. وتار**

٩ـ ڕەفیق محێدین شوانی(د)، پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ.(١٠).

١٠ـ ساجید عەبدوڵلا فەرهادی، مێژووی زمانەوانی، گ. ڕامان، ژ.(٦٦)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١.

١١ـ عەبدولوەهاب خالید، زمانڤانیا ماتماتیک، گ. پەیڤـ، ژ.(٣٠)، ٢٠٠٤.

١٢ـ وریا عومەر ئەمین، زمان و ماتماتیک، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(٩٧)، ١٩٨٣.

١٣ـ وریا عومەر ئەمین، بیرکاری لە زمانا، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(١١٣)، ١٩٨٧.

١٤ـ نەریمان خۆشناو، لقەکانی زمانەوانی، بەشی یەکەم، ڕ. نوێ، ژ.(١٠٤)، چوارشەممە ٢٠٠٨/٩/١٧. بەشی دووەم، ژ.(١٠٥)، چوارشەممە ٢٠٠٨/٩/٢٤. بەشی سێیەم، ژ.(١٠٦)، چوار شەممە ٢٠٠٨/١٠/٨. بەشی چوارەم، ژ.(١٠٧)، چوار شەممە ٢٠٠٨/١٠/١٥.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٥ـ اوزالد دیکرو و جان ماری سشایفر، القاموس الموسوعي الجديد لعلوم اللسان، ترجمة د. منذر عياشي، المركز الثقافي العربي،

المغرب، طبعة الثانية، ٢٠٠٧ .
١٦ـ علي عبدالواحد الوافي، علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٢.
١٧ـ د. محمود السعران، علم اللغة، دار النهضة العربية، بيروت ـ لبنان، الطبعة الجديدة، ٢٠٠٧.
١٨ـ ميلكا افيتش، اتجاهات البحث اللساني، ترجمة د.سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، المجلس الاعلى للثقافة، ١٩٩٦.
١٩ـ نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، سلسلة كتب عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٨.

# زمانی ڕۆژی دوایی[1]

[1] - ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)، ژمارە(٣٢)، ٢٠١٤، ل ٥ ـ ١٦ بڵاوکراوەتەوە.

# پێشەکی

زمـــان، ئەگەرچـــی گرنگتـــرین ئـــامێری لێکتێگەیشـــتنە، لەگەڵ ئەوەشـدا دیـاردەیەکی ئـاڵۆزە، بەهـۆیەوە هەمیشـە و بە بەردەوامـی زمانناسان هەوڵی ئەوە دەدەن شتی شاراوە و تازە لەبارەی زمانەوە بدۆزنەوە، دیارە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی زۆر هەیە، بۆ ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتووبن.

ئەم لێکـۆڵینەوەیەی ئـێمە لەســەر زمـانی ڕۆژی دوایــیە، کە بەداخەوە تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا شتێکی لەسەر نەنووسراوە، بـۆیە ئـێمەش ئەم کەلێنەمـان بە هەلزانـی بـۆ نووسـینی ئەم بـابەتە. لێکۆڵینەوەکەشمان لە پێشەکییەک و چوار بەش پێکهاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا باسـی گریمانەکـانی پەیـدابوونی زمانمـان کـردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پشـتمان بە گریمـانەی ئـایینی بەسـتووە، چـونکە لە ڕوانگەی ئایینەوە سـەیری زمـان دەکەیـن، لە بەشـی دووەمـدا باسـی جۆراوجـۆری زمانمـان کــردووە، لەم بەشــەدا گرنگــی زۆریــی و جۆراوجـۆری زمانمـان خسـتۆتەڕوو، کە لەم گەردوونەدا کۆمەڵێـک زمانمـان هەیە، بە هـۆیەوە هەر میللەتێـک بە زمـانەکەی خـۆی، یـان زمانێکی تر، یان چەند زمانێک قسە دەکات. لە بەشی سێیەمدا باسـی باشـترین زمانمـان کـردووە، لەم بەشـەدا ئەوەمـان ڕوونکـردۆتەوە کە باشـترین زمـان و چاکترین زمـان و خراپـترین زمـان بـوونی نییە. لە بەشـــی چوارەمـــدا کە دوا بەشـــە، تیایـــدا بە بەڵـــگە ئەوەمـــان ڕوونکــردۆتەوە کە خـوای گەورە لە ڕۆژی دوایـدا بە بـێ وەرگێـڕ

لەگەڵ بەنــدەکانی قســەدەکات، بەو واتــایەی هەمــوو زمانەکــان لەم ڕۆژەدا ڕێگەپێــدراون. لە کۆتایشــدا ئەنجــام و ســـەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم

## گریمانەکانی پەیدابوونی زمان

لەو کاتەی زمان پەیدابووە تا بە ئەمرۆ دەگات، گومانی تێدا نییە، کە زمان بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە، لەم بارەشەوە زمانناسان و شارەزایان خۆیان بە گیروگرفت و سەرەتاکانی پەیدابوونی زمان خەریککردووە، بەهۆیەوە کۆمەڵێ گریمانە هاتوونەتەکایەوە و هەریەکە هەوڵدەدات سەرەتای پەیدابوونی زمان بۆ گریمانەکەی خۆی کێش بکات.

هەر گریمانەیەکیش پشتی بە ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازەوە بەستووە و لایەنگیری تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا بە سەرەدێرێک ئاماژە بۆ هەر گریمانەیەک لە گریمانەکان دەکەین :

- **گریمانەی ئایینی**: ئەم گریمانەیە پشت بە ڕەهەند و ئایدۆلۆژیای ئایینی دەبەستێت و وای دادەنێت، کە خوای گەورە زمانی بە مرۆڤ بەخشیوە .[1]

- **گریمانەی ڕێککەوتن**: ئەم گریمانەیە پشت بە ڕەهەند و ئایدۆلۆژیای مرۆڤ دەبەستێت و وای دادەنێت مرۆڤ زمانی داهێناوە،[2]

---

[1]ـ نەریمان خۆشناو، ئەرک و گریمانەکانی زمان، گ.زانکۆی نوێ، ژ.(٢٦)، ٢٠٠٧، ل١٦.

[2]ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠، ل ٩ .

بەجۆرێک مرۆڤەکان لە نێو خۆیاندا لەسەر کەرەسە و دانەکانی زمان ڕێککەوتوون .[1]

ـ **گریمانەی دەنگە سروشتییەکان:** ئەم گریمانەیە پشت بە ڕەهەندی سروشت دەبەستێت، و وای دادەنێت زمان بەهۆی لاساییکردنەوەی دەنگەکانی سروشتەوە پەیدابووە.[2]

ـ **گریمانەی بانگوقیژە:** ئەم گریمانەیە پشت بەوە دەبەستێت، کە زمان پەیوەستە بە مرۆڤەوە و لەسەر بنەمای بانگوقیژەوە پەیدابووە.[3]

ـ **گریمانەی بزاوتن** : ئەم گریمانەیە لەسەر بنەمای جووڵە هاتۆتە ئاراوە، ئەویش جووڵەکانی وەک (سەرلەقاندن،چاوتروکاندن، لێوقوچاندن....) هاتۆتەکایەوە .[4]

ـ **گریمانەی کۆمەڵایەتی:** ئەم گریمانەیە پشت بە کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەبەستێت، بەوەی مرۆڤ هەر کاتێک لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێت، ئینجا فێری زمان دەبێت .[5]

---

[1]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، ٢٠٠٩، ل ١٧٥ .

[2]- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا، کوردۆلۆجی، ٢٠١١، ل٤٨.

[3]- محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ١٩٩٠، ل ١٠ .

[4] - هەمان سەرچاوە، ل ١٠- ١١ .

[5]- نەریمان خۆشناو، ئەرک و گریمانەکانی زمان، گ. زانکۆی نوێ، ژ.(٢٦)، ٢٠٠٧، ل ١٦ .

ـ **گریمـانەی مۆسـیقا:** ئەم گریمـانەیە وای دادەنێـت، کە زمـان لە گۆرانییەوە هاتووە، یاخود هەردووکیان (زمان و مۆسیقا) سەر بە یەک بنچینەن.[1]

ئەوەی ئێمە لێرەدا پشتی پێدەبەستین و کاری لەسەر دەکەین، گریمانەی ئایینییە، چونکە لە ڕوانگەی ئایینەوە بۆ ئەم باسە دەچین، بۆیە لە دەستپێکدا پێویستە کورتەیەک لەم گریمانەیە بخەینەڕوو.

گریمانەی ئایینی پێی وایە زمانی ئادەمیزاد بەخششێکی خواییە، واتە زمان لەلایەن خواوە هاتۆتە خوارەوە و خەڵکی فێری ئاخاوتن ء ناوی شتەکان کردووە، هەر بۆیە زۆر لە شارەزایان و زمانەوانان لەسەر ئەو باوەڕەن، کە زمان لەلایەن خواوە بە مرۆڤ بەخشراوە، هەروەکـو فەیلەسـوفی یۆنـانی (هێراکلیـت) و لێکـۆڵەری زمـانی عەرەبی(ئیبن فارس) لە کتێبی ئەلخەسایس (الخصائص)، و(لامی) لە کتێبی(هـونەری ئاخـاوتن) و دۆبونالـد لە کتێبـی (تەشـریعی کـۆن) ئاماژەیـان بـۆ کـردووە[2]. هەمدیسـان کتێـبە ئـایینییە پیرۆزەکـانی (تەورات، ئینجیـل، قورئـان) ئەم ڕاسـتییە دووپـات دەکەنەوە لە بەخشینی زمان وەکو کردەیەکی خوایی.

موسـڵمانەکان بەگشـتی بـۆ سـەلماندنی قسـەکانیان پەنـا بـۆ قورئانی پیرۆز دەبەن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموویێت((وعَلّم

---

١ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی،١٩٩٠، ل ١٢ .

٢ـ علي عبدلواحد وافي، علم اللغة، ١٩٩٠،ص ٩٧ـ ٩٨ .

ءآدم الاسماء كُلَها........))ـ سورەتی بەقەرە، ئایەتی ٣١، واتە (خودا هەموو ناوێکی فێری ئادەم کردووە).[1]

لێرەدا هەندێ لە شارەزایان ئەم ئایەتە بە جۆرێکی تر لێکدەدەنەوە و دەڵێن: خوای گەورە ئادەمی فێری زمانەکان کردووە.

هەروەها دەبێت ئەوە بوترێت، کە وشەکانی نێو زمان پیرۆزن، چونکە زمان دیاریی خوایە بۆ مرۆڤ و وشەکانی نێو زمان هێزێکی سیحراوییان تێدایە، بەنموونە کە لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، ئەوە زمان بەکاردێنین، کە ئەمەش بەڵگەی پیرۆزی زمان دەگەیەنێت .[2]

هەروەها ئیبن جونەیی لە کتێبی ئەلخەسایس(الخصائص) ئاماژەی بە ڕاستی ئەم گریمانەیە کردووە، هەروەها هەندێکی تر پشتیان بە شتی تر بەستووە ء دەڵێن: خوای گەورە کاتێ گشت ئاژەڵەکانی کێڵگە و باڵندەکانی ئاسمانی لە قوڕ دروست کرد، لەدواییدا خستییە بەردەم ئادەم، داخۆ چۆن ناویان دەبات، هەر بۆیە ئادەم ناوی بۆ هەموو ئاژەڵ و باڵندە و ئادەمیزادەکان داناوە. واتە (ئادەم) یەکەمین کەسە، کە فێری زمان بووە، لەبارەی ئەو زمانەی (ئادەم) فێری بووە، دوو بۆچوون هەیە، هەندێک دەڵێن فێری زمانی (عیبری) بووە، کە زمانی جوولەکەیە، بەڵام هەندێکی دیکە دەڵێن زمانی عەرەبییە، چونکە زمانی دوایی زمانی عەرەبییە، ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەمانەن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و ئەنەسی

---

[1]ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار ـ .

[2]ـ یوسف شەریف سەعید، زمان خۆکردە یان خواکردە، گ. پەیامی ڕاستی، ژ. (١٧)،١٩٩٣، ل٤٤.

کـوڕی مالیـک لە هــاوەڵانی پێغەمــبەر(د.خ) و لەنــاو شــارەزایان و شـوێنکەوتووانی (ئەبـو شـەهابی زوهەری) و (ئیـبن مەنـزور و ئیـبن فارس) دان بە ڕاستی ئەم گریمانە و بۆچوونە دادەنێن .[1]

[1] ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨ ـ ١٠٠.

## بەشی دووەم

## جۆراوجۆری زمان

یەکێک لەو نیشانە و موعجیزانەی، کە خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، زمانە. زمانیش هۆکارێکە بۆ لەیەکترگەیشتنی مرۆڤ . ئەمڕۆکە سەدەها زمانی جۆراجۆر هەیە، ئەم جۆراوجۆری زمانەش شتێکی ئاساییە و بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە. لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشەوە شتێکی دروستە، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:((وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومە)) [1] ـ سورەتی ئیبراهیم، ئایەتی٤ـ واتە (( هیچ پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر بە زمانی گەلەکەی خۆی نەبێت ))[2] .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خوای گەورە تەنیا بە یەک زمان پەیامەکەی خۆی نەناردووە، بەڵکو بەو زمانانە ناردوویەتی کە لەلایەن گەلەکانی ئەو پێغەمبەرانەوە زانراو بوون، چونکە هەروەکو لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت، کە خوای گەورە هەر نێردراوێکی ناردووە، نێردراوەکە سەر بە هەمان نەتەوە و هەمان زمانی خەڵک و گەلەکەی خۆی بووە .

هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموویێ: ((و من ایتەِ خَلّق السموات و الارض و اختلاف السنتکُم و الوانکم انّ في ذلك لأيات

---

[1]ـ دەکرێ ئەم ئایەتە بەمشێوەیەش وەرگێڕدرێت((هەر پێغەمبەرێکمان ناردووە بە زمانی خەڵکەکەی خۆی ناردوومانە)).

[2]ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار .

للعالمين)) ـ سورەتی ڕۆم، ئایەتی ٢٢ـ واتە ((هەر لە نیشـانەکانی ئەوە داهێنانی ئەم ئاسمانانە و زەمینە، و وێکنەچوونی زمـانی ئاخـاوتن و ڕەنگ و ڕوویان، کە لەمەدا بەڵگە زۆرن بۆ زانایان)).[١]

ئەوەی لە دەق و واتای ئەم ئایەتانە وردبێتەوە، دەبینێت خـوای گەورە ویستوویەتی زمـانی بەنـدەکانی جیـاواز و جۆراوجـۆر بـن، کە ئەمەش دەبێــتە نیشــانەی خــوای گەورە لەســـەر ڕووی زەوی، بەو واتــایەی کە مرۆڤەکــان بە زمــانی جیــاواز و لە زەوی و سروشــتی جیاوازدا ژیان بگوزەرێنن.

لەمەوە بۆمــان دەردەکەوێـت، کە قورئـانی پیـرۆز بەشـێوەیەک دەڕوانێـتە جیـاوازیی و جۆراوجـۆری زمانەکـان، بەوەی زمـان تەنیـا هۆکـارێکە بـۆ لەیەکترگەیشـتنی مـرۆڤ، لەهەمـان کاتیشـدا قسـەکردنی هیچ گەلێکیش بە زمـانی خـۆی نـابێتە هـۆی جودابوونەوە لە قورئـان، هەروەهـا ئەم جۆراوجـۆری زمانەنـانەش هـیچ کـات نەبـووە و نـابێتە هۆی ڕق و کینە لە نێو گەلاندا،[٢] بە نموونە گەلی کورد کە بە زمـانی کـوردی قسـە دەکـات، نـابێتە هـۆی دەرچـوون لە ئیسـلام، بەڵکـو ئەم زمانە بەخششێکی خواییە بە گەلـی کـوردی بەخشـیوە و هەر بەهـۆی ئەم زمانەوە توانیویەتی بنچینەکانی ئیسلام جێبەجێ بکات .

دیارە ئەم جیاوازی و جۆراوجـۆری زمـانەیش، ئەوە دەسـەلمێنێ کە خــوای گەورە تەنیــا یەک زمــانی بە مــرۆڤ نەبەخشــیوە، بەڵکــو

---

[١]ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار .

[٢]ــ عـومەر مەلا مــحەمەد ئەمــین، کوردســتان لە بەردەم پیلانــدا، و: جەعـفەر گوانی، ٢٠٠٤، ل ٢٤ ـ ٢٥ .

کۆمەڵێ زمانی جیاواز و جۆراوجۆر، لە هەمان کاتیشدا خوای گەورە یەک نەتەوەی دروست نەکردووە، بەڵکو کۆمەڵێ گەل و نەتەوەی جیاوازی لەسەر ڕووی زەوی دروستکردووە، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت:((**يا ايها الناس إنّا خَلقناكُم مِن ذَكر و انثى و جَعَلناكُم شعُوباً و قبائل لتعارفُوا انّ اكرمَكُم عند اللهِ اتقاكم إن الله عليمٌ خَبير**)) ـ سورەتی حوجورات، ئایەتی ١٣ـ واتە (ئەی خەڵکینە، هەر لە نێر و مێوە ئێوەمان وەدی هێناوە و کردوومانن بە چەند گەل و هۆزێک هەتا یەکتری بناسن، بەڕێزترینتان لای خودا، پارێزگارترەکانتانن، خوای گەورە زانا و ئاگادارە)[1].

---

[1]ـ قورئانی پیرۆز، وەگێڕدراوی مامۆستا هەژار .

## بەشی سێیەم
## باشترین زمان

وەکــو زانــراوە و دەزانرێــت، کە زمانەکــان لەلایەن خــواوە بەخشــراون بە مــرۆڤ، و مــرۆڤیش هــیچ دەســتی لە دروســتکردن و دانانیدا نەبووە، بۆیە هەموو زمانەکان وەکو یەکن ((تا ئێستا هەموو لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەکانی زمانەوانان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن و ملکەچی ئەم دیاردەیەن، کە هیچ زمانێک نییە لە زمانێکی تر باشتر و بەتواناتر و ڕێکوپێکتر بێت، لەم بارەشەوە بێوچان هەوڵیان داوە بۆ دۆزینــەوەی زمــانێکی ســادە، بەڵام هەمــوو لێکۆڵینەوەکانیــان بەفیرۆچووە، چونکە زانستی زمان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە هەموو زمانەکان بۆ مەبەستی لەیەکتر گەیشتن و پەیوەندی کردن بەکاردێن))[1]، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە زۆرێک لە زانایان خۆیان لەمە بەبێ ئاگا دادەنێن، پێیانوایە زمانی خۆیان باشترە لە زمانەکانی دیکە. شارەزایانی عەرەب، پێیانوایە زمانی عەرەبی زمانێکی پیرۆزە و باشترین زمانە،[2]هەروەها دەڵێن زمانی

---

[1]ـ یوسف شەریف سەعید(د)، زمانەوانی، ٢٠١١، ل١٩٣ .

[2]ـ عەرەفات کەرەم مستەفا(د)، مێژووی بە عەرەبکردنی ئایین، و: مەلا ملحم محەمەد ساڵح، ٢٠١٢، ل ٣٧.

عەرەبی ئەو زمانەیە، کە کتێبە ئاسمانییەکان بەر لە دابەزاندنیان بۆ سەر پێغەمبەران لە (لوح المحفوظ) پێی نووسراوەتەوە.[١]

(جالینۆسی یۆنانی) لە بارەی زمانی یۆنانییەوە دەڵێت: زمانی یۆنانی باشترین زمانە، چونکە تەواوی زمانەکانی تر، یان لە وەڕینی سەگ دەچن یانیش لە نیقەنیقی بۆق .[٢]

یاخود هەندێکی تر دەڵێن: زمانی یۆنانی و هیندی لە زمانەکانی تر باشترن، چونکە کتێبی فەیلەسوف و پزیشک و ئەستێرەناس و ئەندازیاری و حیساب بەو زمانانەیە .[٣]

ئەبو حاتەم ڕازی پێی
وایە چوار زمان لە جیهاندا باشترین زمانن، کە ئەوانیش زمانەکانی عیبری و سریانی و فارسی و عەرەبییە، بەڵام زمانی عەرەبی ڕەوانترین و تەواوترین و کاملترین و شیرینترین زمانە.[٤]

هەروەها هەندێکی تر بەوەش ناوەستن و دەڵێن لەبەرئەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، بۆیە زمانی عەرەبی باشترین زمانە.

---

١ـ ابراهيم احمد الفارسي، ابعاد ضرورية و حضارية حاضرة في تعليم اللغة العربية لأبناء العالم الأسلامي، مجلة التجديد، سنة الخامسة، عدد(٩)، ٢٠٠١، ص١٤٩ .

٢ـ ابن حزم اندلسي، الاحكام في اصول الاحكام، ١٩٨٤، ص٣٦ .

٣ـ ابو حاتم حمدان الرازي، كتاب الزينة في المصطلحات الاسلامية العربية، ١٩٨٦، ص ٢٥ .

٤ ـ عەرەفات کەرەم مستەفا(د)، مێژووی بە عەرەبکردنی ئایین،٢٠١٢، ل ٤٨ .

دیاره هاتنه خوارەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی نابێتە بەڵگە لەسەر باشترین زمان بەسەر زمانەکانی تردا، چونکە خۆ ئەگەر ئەمەیان ڕاست بێت، دەبوایە خوای گەورە هەموو کتێبە ئاسمانییەکانی بە زمانی عەرەبی ناردبایە،[1] کەچی وەکو زانراوە خوای گەورە تەوراتی بۆ حەزرەتی مووسا (سڵاوی خوای لەسەر بێت) بە زمانی عیبری ناردووە، هەروەها ئینجیلی بۆ حەزرەتی عیسا (سڵاوی خوای لەسەر بێت) بە زمانی سریانی ناردووە، ئەم کتێبانەش هەر هەمووی قسەی خوای گەورەن[2]. بۆیە ناگونجێت بڵێین زمانی عیبری باشترین زمانە، چونکە تەوراتی پێ دابەزیوە، هەروەها ناشگونجێت بڵێین زمانی سریانی باشترین زمانە، چونکە ئینجیلی پێ دابەزیوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەموو زمانەکان لای خوای گەورە وەک یەکن و لە یەک پلەدان.

---

[1] ـ هەمان سەرچاوە،ل ٣٧ .

[2] ـ هەمان سەرچاوە، ل ٤٩ .

## بەشی چوارەم
## زمانی ڕۆژی دوایی

هەر زمانێک پەیامێکی ئایینیی خوای گەورەی پێدابەزیبێت، ئەوە شارەزایان و پەیڕەوانی ئەو ئایینە لەسەر ئەو باوەڕەن، کە زمانەکەیان زمانی ڕۆژی دوایی و زمانی خەڵکی بەهەشتە، بۆنموونە جوولەکەکان پێیان وایە زمانی ڕۆژی دوایی، زمانی عیبرییە، چونکە یەکەمین زمان بووە لەسەر ڕووی زەمین، بەو واتایەی زمانی حەزرەتی ( ئادەم) بووە، بۆیە دەبێت زمانی دوایی و بەهەشتیش ئەو زمانە بێت.[(١)]

شارەزایانی عەرەبیش بە هێنانەوەی فەرموودەیەکی لاواز، گوایە فەرموودەی پێغەمبەرە(د.خ)، دەڵێن زمانی عەرەبی زمانی خەڵکی بەهەشتە، فەرموودەکەش بەمشێوەیە: (( احب العرب لثلاث : لأني عربي و القرأن عربي و كلام اهل الجنة عربي )).واتە: من(مەبەستی پێغەمبەرە) لەبەر سێ شت عەرەبم خۆشدەوێت: چونکە من عەرەبم و قورئان عەرەبییە و قسەی خەڵکی بەهەشتیش عەرەبییە )). دیارە ئەم فەرموودەیە لەو ڕیوایەتانەیە، کە هیچ بنەمایەکیان نییە، هەروەکو پێشەوایانی فەرموودەناسەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە و بە زمانی پێغەمبەر (د.خ) هەڵبەستراون.[(٢)]

---

[١]- نەریمان خۆشناو، ئەرک و گریمانەکانی زمان، ٢٠٠٧، ل ١٥ .

[٢]- عومەر مەلا محەمەد ئەمین، کوردستان لەبەردەم پیلاندا، ٢٠١٢،ل ٢٤ ـ ٢٥ .

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم فەرموودەیە بکەین، ئەوە دەبینین فەرموودەیەکی لاوازە، ئەگەرچی دوو بڕگەی یەکەمی فەرموودەکە لە ڕووی زانستیی و واقعییەوە ڕاستن، بەو واتایەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) عەرەب بووە و لە هۆزی قورەیش بووە، هەروەها قورئانیش بە زمانی عەرەبی دیالێکتی قورەیش دابەزیوە، بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە و لە ڕووی زانستیی و واقعییەوە دوورە لە ڕاستی، بڕگەی سێیەمی فەرموودەکەیە، کە دەڵێت:( قسەی خەڵکی بەهەشت عەرەبییە)، چونکە زمانی ڕۆژی دوایی و زمانی خەڵکی بەهەشت تەنیا زمانی عەرەبی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی هەموو زمانەکان شتێکی ئاسایی و ڕێگەپێدراوە، بەجۆرێک خوای گەورە هەموو زمانێک دەزانێت و هەر خۆشی ئەم زمانانەی بە مرۆڤ بەخشیوە، هەمدیسان لە ڕۆژی دواییدا بەبێ وەرگێڕ خوای گەورە لەگەڵ بەندەکانی دەدوێت، هەروەکو پێغەمبەر محەمەد (د.خ) لە دوو فەرموودەی سەحیحدا، کە لە بوخاریدا هاتووە و لە فەرموودە سەحیحەکانە، تێیدا پێغەمبەر (د.خ) ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە خوای گەورە ڕۆژی دوایی لەگەڵ بەندەکانی بەبێ پەردە و بە بێ وەرگێڕ دەدوێت، هەروەکو پێغەمبەر ( د.خ) دەفەرموویێت:

**((أَمَّا قَطْعُ السَّبِيلِ فَإِنَّهُ لا يَأْتِي عَلَيْكَ إِلا قَلِيلٌ حَتَّى تَخْرُجَ الْعِيرُ إِلَى مَكَّةَ بِغَيْرِ خَفِيرٍ وَأَمَّا الْعَيْلَةُ فَإِنَّ السَّاعَةَ لا تَقُومُ حَتَّى يَطُوفَ أَحَدُكُمْ بِصَدَقَتِهِ لا يَجِدُ مَنْ يَقْبَلُهَا مِنْهُ ثُمَّ لَيَقِفَنَّ أَحَدُكُمْ بَيْنَ يَدَيْ اللَّهِ لَيْسَ بَيْنَهُ وَ بَيْنَهُ حِجَابٌ وَلا تَرْجُمَانٌ يُتَرْجِمُ لَهُ ثُمَّ لَيَقُولَنَّ لَهُ أَلَمْ أُوتِكَ مَالا فَلَيَقُولَنَّ بَلَى ثُمَّ لَيَقُولَنَّ أَلَمْ أُرْسِلْ إِلَيْكَ رَسُولا فَلَيَقُولَنَّ بَلَى فَيَنْظُرُ عَنْ يَمِينِهِ فَلا يَرَى إِلا النَّارَ ثُمَّ يَنْظُرُ**

عَنْ شِمَالِهِ فَلا يَرَى إِلا النَّارَ فَلْيَتَّقِيَنَّ أَحَدُكُمْ النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَإِنْ لَمْ يَجِدْ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ ))(صحيح البخاري).

(( **مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إِلا وَسَيُكَلِّمُهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَيْسَ بَيْنَ اللَّهِ وَبَيْنَهُ تَرْجُمَانٌ** ثُمَّ يَنْظُرُ فَلا يَرَى شَيْئًا قُدَّامَهُ ثُمَّ يَنْظُرُ بَيْنَ يَدَيْهِ فَتَسْتَقْبِلُهُ النَّارُ فَمَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَتَّقِيَ النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ))(صحيح البخاري).

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئەوەی هێڵی بەژێردا هاتووە و پەیوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە، وەریگێڕینە سەر زمانی کوردی.

واتای فەرموودەی یەکەم بەمشێوەیەیە:

**(( ڕۆژی دوایی دانابێت هەتا ئەوکاتەی کە هەر کامێکتان بێت خێرەکەی دەگێڕێت و کەس نادۆزێتەوە لێی وەرگرێت، پاشان هەر کامێکتان بێت، ئەوە لەبەردەم خوا ڕادەوەستێت، بەبێ ئەوەی پەردەیان لەنێواندا بێت یان وەرگێڕ هەبێت زمانەکەی بۆ وەرگێڕێت )).**

واتای فەرموودەی دووەم بەمشێوەیەیە:

**(( لە ڕۆژی دواییدا خوا قسە لەگەڵ هەمووتان دەکات، بەبێ ئەوەی وەرگێڕتان لە نێواندا بێت )).**

ئەگەر لە دەق و واتای ئەم دوو فەرموودەیە وردبینەوە، دەگەینە ئەم ڕاستییانەی خوارەوە:

١. خوای گەورە هەموو زمانێک دەزانێت .

٢. خوای گەورە پێویستی بە وەرگێڕ نییە .

٣. هەموو زمانەکان لە لای خوای گەورە لە یەک ئاست و پلەدان .

٤ـ مرۆڤەکان هەریەکەی بە زمانی خۆی لەگەڵ خوای گەورە قسە دەکات .

٥ــ خــوای گەورە بە بــێ پەردە و ڕاســتەوخۆ لەگەڵ بەنــدەکانی دەدوێت .

٦ـ زمانەکان هەموو لەو ڕۆژەدا ڕێگەپێدراون .

٧ـ زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی ڕۆژی دوایی .

کەواتە زمانەکان هەموویان لە یەک پلە و ئاستدان و هەمووشیان پیرۆزن، چونکە لەلایەن خوای گەورەوە وەک دیاریی نێردراون بۆ مرۆڤ .

## ئەنجام

١ـ گریمانەی ئاینی یەکیکە لەو گریمانانەی کە لە واقع و زانستەوە نزیکە، بەو واتایەی ئەم گریمانەیە زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە لەچاو گریمانەکانی تر.

٢ـ لە جیهاندا دەیەها زمانی جۆراجۆر هەن، هەر زمانێکیش قسەکەری تایبەت بە خۆی هەیە.

٣ـ لە زماننناسیدا ئەوە سەلمێنراوە کە باشترین و چاکترین زمان نییە، بەڵکو هەموو زمانەکان لە یەک ئاست و پلەدان.

٤ـ زمانی ڕۆژی دوایی بە تەنیا عەرەبی یان عیبری نییە، بەڵکو لەم ڕۆژەدا هەموو زمانەکان بەکاردەهێنرێن.

٥ـ زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە بەکارهێنراوەکانی ڕۆژی دوایی.

# سەرچاوەکان


**یەکەم : پێشەنگی سەرچاوەکان**

١ـ قورئانی پیرۆز.

٢ـ سەحیحی بوخاری.

**دووەم : بە زمانی کوردی**

٣ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٩ .

٤ـ سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو و ئیدریس عەبدوللا، کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

٥ـ عەرەفات کەرەم مستەفا، مێژووی بە عەرەبکردنی ئایین، و: مەلا ملحم محەمەد ساڵح، دەزگای ئاراس، ٢٠١٢ .

٦ـ عومەر مەلا محەمەد ئەمین، کوردستان لەبەردەم پیلاندا، و: جەعفەر گوانی، چاپی یەکەم،چاپخانەی منارە، هەولێر،٢٠٠٤ .

٧ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی (دار الحكمة)، ١٩٩٠.

٨ـ نەریمان خۆشناو، ئەرک و گریمانەکانی زمان، گ. زانکۆی نویێ، ژ.(٢٦)، تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ .

٩ـ یوسف شەریف سەعید، زمان خۆکردە یان خواکردە، گ. پەیامی ڕاستی، ژ. (١٧)،١٩٩٣ .

١٠ـ یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زمانناسی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١ .

**سێیەم : بە زمانی عەرەبی**


١١ـ ابراهيم احمد الفارسي، ابعاد ضرورية و حضارية حاضرة في تعليم اللغة العربية لأبناء العالم الأسلامي، مجلة التجديد، سنة الخامسة، عدد(٩)، ٢٠٠١ .

١٢ـ ابن حزم اندلسي، الاحكام في اصول الاحكام، دار الحديث، ١٩٨٤ .

١٣ـ ابو حاتم حمدان الرازي، كتاب الزينة في المصطلحات الاسلامية العربية، قاهرة، ١٩٨٦ .

١٤ـ علي عبدالواحد وافي، علم اللغة، دار نهضة، مصر، ١٩٩٠ .

# جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی ناسراو بە شێوەزاری شەبەک[1]

[1]- ئەم لێکۆڵینەوەیە لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٢٣)، ٢٠١٥، ل ١٢٣-١٣٠ بڵاوکراوەتەوە.

## دەستپێک

شەبەکییەکان لە بنەڕەتدا کوردن و بە شێوەزاری باجەڵانی سەر بە دیالێکتی (گۆران) دەدوێن، کە یەکێکە لە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی. شەبەکییەکان لە پانتاییەکدا دەژین سنوورەکەی لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕووباری (خازر)ەوە بۆ قەزای (تەلکیف)ە، کە لە ڕۆژئاوایەتی، لە ژووررووی قەزای شێخانەوە بۆ شاری (مووسڵ) ئەمە خواروویەتی، لە کۆندا بەشێک بووە لە دەڤەری بادینان، بەڵام لە پاش شۆڕشی (١٩٥٨/٧/١٤) ڕژێمە شۆڤێنییە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق ئەم ناوچەیەیان تەعریب کردووە و لە بادینانیان دابڕیووە و خراوەتە سەر شاری مووسڵ، واتە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناسراون .

ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و دیالێکتۆلۆجییە لەبارەی شێوەزاری باجەڵانی و کوردی شەبەک و پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کردووە. لێکۆڵینەوەکە لە دەستپێک و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی شێوەزاری باجەڵانی کراوە، کە تێیدا دوو تەوەرەی گرتۆتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی لەنێو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە، لە تەوەرەی دووەمدا باسی نەخشەی جوگرافیای دیالێکتی گۆران و شێوەزاری باجەڵانی کراوە. لە بەشی

دووەمدا باسی کوردی شەبەک کراوە، کە تێیدا سێ تەوەرەی گرتۆتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی زاراوەی شەبەک کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باسی زێد و شوێنی نیشتەجێبوونی شەبەک کراوە و لە تەوەرەی سێیەمدا باسی گومەز و ئارامگا پیرۆزەکانی شەبەک کراون. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# شێوەزاری باجەڵانی

## ١.١: جوگرافیای شێوەزاری باجەڵانی لەنێو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی

دابەشـــکردنی دیالێکتەکـــانی زمـــانی کـــوردی لای شـــارەزا و پسپۆڕانی کورد و غەیرە کورد لە کۆنەوە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات، بە چەندین شێواز و جۆری جیاجیاوە دابەش کراوە، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو دابەشـــکردنانە دەخەیـــنەڕوو، تـــا بەهـــۆیەوە ئەوە زیـــاتر ڕوونبکەینەوە و بزانین تا چەند شارەزایان شێوەزاری باجەڵانییان لەنێو دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی خستۆتەڕوو :

١ـ شـەرەفخانی بەدلیسـی لە کتێبی (شـەرفنامە)[1]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری بـــاجەڵانی بکـــات، ئەگەرچـــی دیـــالێکتی گـــۆرانی وەک دیالێکتێـــک خستۆتەڕوو :

**١. کرمانج**
**٢. لوڕ**
**٣. کەلهوڕ**
**٤. گۆران**

[1]- میـر شــەرەفخانی بدلیســی(٢٠٠٦)، شــەرەفنامە ـ مێـژووی مـاڵە میرانـی کوردستان، و: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ل ٢١.

٢ـ محەمەد مەردۆخی لە کتێبی (مێژووی کورد و کوردستان)[1]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی بکات، ئەگەرچی دیالێکتی گۆرانی وەک دیالێکتێک خستۆتەڕوو :

**١ـ کرمانج**

**٢ـ گۆران**

**٣ـ لوڕ**

**٤ـ کەلهوڕ**

٣ـ محەمەد ئەمین زەکی لە کتێبی (خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان)[2]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی بکات :

**١ـ کرمانجی ڕۆژهەڵات**

**٢ـ کرمانجی ڕۆژئاوا**

**٣ـ کرمانجی باشووری ڕۆژئاوا**

---

[1]- محەمەد مەردۆخی(١٩٩١)، مێژووی کورد و کوردستان، عەبدولکەریم محەمەد سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی (اسعد)، بەغدا، ل ٨٤.

[2]- محمد امين زكي (١٩٦١)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، محمد علي عوني، الجزء الاول، الطبعة الثانية، بغداد، ص ٣١٦.

٤ـ شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگی (خاڵ)[1]دا، دیالێکتەکانی زمانی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی بکات، تەنانەت دیالێکتی گۆرانی وەک شێوەزارێک لە کرمانجی ناوەڕاستدا خستۆتەڕوو .

**١. زازا**

**٢ـ کرمانجی دەستە چەپ(شمالیی): (بۆتانی، بادینی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).**

**٣ـ کرمانجی دەستەڕاست:(سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەڵانی،کەلهوڕی، گۆران).**

**٤. لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی).**

٥. تۆفیق وەهبی، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەک ئاماژەی بە شێوەزاری باجەڵانی وەکو شێوەزارێک لەنێو دیالێکتی گۆران کردووە .[2]:

**١. کرمانجی**

**أـ کرمانجی ژووروو:(بۆتانی، ئاشیتایی، هەکاری، بادینانی، بایەزیدی).**

**ب ـ کرمانجی خواروو:(موکری، مەهابادی، سۆرانی، سولەیمانی، سنەیی).**

**٢. لووڕی:(بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەلهوڕی، مامەسەنی).**

---

[1]- محمدی خاڵ(١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، کتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول، ل ٢٦.

[2]- زبیر بلال اسماعیل(١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحریە للطباعة)، بەغدا، ل ١١٥ - ١١٦.

**٣ـ گۆران: (باجەڵانی، کاکەیی، زەنگەنە، هەورامی).**
**٤ـ زازا.**

٦ـ فوئاد حەمە خورشید لە کتێبی (زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیـــای دیالێکتەکـــانی)[1] دیالێکتەکـــانی زمـــانی کـــوردی دەستنیشـانکردووە، بە شـێوەیەک ئامـاژەی بە شـێوەزاری بـاجەڵانی وەکو شێوەزارێک لەنێو دیالێکتی گۆران کردووە .

**١ـ کرمـانجی باکوور:(بایەزیـدی، هەکـاری، بۆتـانی، شـەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).**

**٢ـ کرمانجی ناوەڕاست:(موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی).**

**٣ـ کرمـانجی باشـوور:(لوڕی ڕەسـەن، بەختیـاری، مامەسـەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ).**

**٤ـ گۆران: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا).**

٧ــ زوبێـر بـیلال لە کتێبـی (مێـژووی زمـانی کـوردی)[2]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشـانکردووە، بەبێ ئەوەی ئامـاژە بە شێوەزاری باجەڵانی و دیالێکتی گۆران بکات :

**١ـ کۆمەڵی ژووروو (کرمانجی)**
**٢ـ کۆمەڵی خواروو (سۆرانی)**

---

[1]- فوئـاد حەمە خورشـید(١٩٨٥)، زمـانی کـوردی ـ دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالێکتەکـانی، و: حەمە کەریـم هەورامـی، چاپخـانەی (افـاق العربیـة)، بەغـدا، ل ٤٠.

[2]- زبیر بیلال اسماعیل (١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، ل ١١٦ - ١١٧.

٨ـ جەمـال نەبەز لە کتێبـی (زمـانی یەکگرتـووی کـوردی)[1]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشـانکردووە، بەبێ ئەوەی ئامـاژە بە شـێوەزاری بـاجەڵانی بکـات، ئەگەرچـی دیـالێکتی گـۆرانی وەک دیالێکتێک خستۆتەڕوو :

**أ ـ دوو شێوە بنچینەییەکە:**

**١ـ کرمـانجی ژووروو:(بۆتـانی، جزیرەیـی، هەکـاری، بادینـانی، ئاشیتەیی، بایەزیدی).**

**٢ـ کرمانجی نێوەڕاست:(سلێمانی، سنەیی، ئـەردەڵانی، گەرمیـانی، هەولێر، کەرکووکی، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پشدەری).**

**ب ـ دوو شێوە لاتەنیشتەکە:**

**١ـ کرمـانجی خـواروو: (ژێـروو): (فەیلـی، کرماشـانی، لەکـی، کەلهوڕی، خانەقینی، لوڕی).**

**٢ـ کۆمەڵە شێوەی گۆرانی ـ زازایی (گۆران، زازایی، هەورامانی).**

٩ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە کتێبەکانی (سـەرنجێ لە زمـانی ئەدەبیـی یەککگرتـووی کـوردی)[2] و (بـۆ زمـان)دا[3]، دیالێکتەکـانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری

---

[1]- جەمـال نەبەز (١٩٧٦)، زمـانی یەکگرتـووی کـوردی، یەکێتـی نەتەوەیـی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ل ٢٢ – ٢٣.

[2]- عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـووڵ(د)(١٩٧١)، سـەرنجێ لە زمـانی ئەدەبیـی یەککگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ل ١٤ - ١٩.

[3]- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەریێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ل ٩٦ – ١٠١.

بــاجەڵانی بکــات، ئەگەرچـــی دیـــالێکتی گـــۆرانی وەک دیالێکتێــک خستۆتەڕوو :

**١-loور.**

**٢ــ کرمــانجی ژوور: (بۆتــانی، هەکــاری، بادینــانی، بایەزیــدی، ئاشیتایی).**

**٣- گۆران: (هەورامی).**

**٤- کرمانجی خواروو:(سۆرانی، سلێمانی، موکری، گەرمیانی).**

١٠ــ تــاهیر ســادق لە کتێبــی (ڕێنــووس - چــۆنیەتی نووســینی کــوردی)[1]، دیالێکتەکــانی زمــانی کــوردی دەستنیشــانکردووە، بەبــێ ئەوەی ئامــاژە بە شــێوەزاری بــاجەڵانی بکــات، تەنــانەت دیــالێکتی گــۆرانی وەک شــێوەزارێک لەنێــو شــێوەزارەکانی دیــالێتی کرمــانجی خواروو خستۆتەڕوو :

**١- زازا**

**٢- لوڕی (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).**

**٣- کرمانجی:**

**أــ کرمــانجی ســەروو:(بۆتانی، بادینــانی، هەکــاری، بایەزیــدی، شەمدینانی).**

**ب - کرمــانجی خــواروو: (ســۆرانی، موکریــانی، ئــەردەڵانی، کەلهوڕی، گۆرانی).**

---

[1]- طاهر صادق (١٩٦٩)، ڕێنووس - چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ل ٩٢.

١١. کەمال فوئاد لە وتاری (زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان)[1]دا، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی بکات، ئەگەرچی دیالێکتی گۆرانی وەک دیالێکتێک خستۆتەڕوو :

**١. کرمانجی سەروو**

**٢. کرمانجی خواروو**

**٣. کوردی باشوور**

**٤. گۆران و زازا**

١٢. محەمەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا)[2]، دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەک ئاماژەی بە شێوەزاری باجەڵانی وەکو شێوەزارێک لە کرمانجی خوارووودا خستۆتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیشی وەک شێوەزارێک نەک زارێک لە کرمانجی خوارووودا خستۆتەڕوو:

**١ـ شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو (بۆتانی، هەکاری، دیاربەکری، بادینانی، ماردین،.. هتد).**

**٢ـ شێوەی کرمانجی ناوەڕاست:(سۆرانی، موکریانی، سلێمانی، کەرکووکی).**

---

[1]- کەمال فوئاد(د)(١٩٧١)، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ (٤)، بەغدا، ل ٢٢ – ٢٤.

[2]- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا، چاپی یەکەم، بەغدا، ل ٦٨ - ٧٠.

**٣ـ شێوەی کرمانجی خواروو:(هەورامان، لوڕی، باجەڵانی، زازای).**

١٣. سادق بەهائەدین ئامێدی لە کتێبی ( رێزمانا کوردی کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)دا[1]،دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بە شێوەیەک ئاماژەی بە شێوەزاری باجەڵانی وەکو دیالێکتێک و دیالێکتی گۆرانیشی وەک دیالێکتێک کردووە، بەو واتایەی زازا و باجەڵانی و گۆران وەک ناونیشانی دیالێکتێک خستۆتەڕوو:

**١. زاری کرمانجی (کرمانجی ژوروو، ناوەڕاست و ڕۆژئاوا)**
**٢. زاری سۆرانی (کرمانجی خواروو و ڕۆژهەڵات)**
**٣. زاری لووڕی و کەڵهوڕی**
**٤. زاری زازا، شەبەک و هەورامی**

١٤ـ کامیل حەسەن بەسیر لە کتێبی (زمانی نەتەوایەتی کوردی)دا[2]،دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەستنیشانکردووە، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە شێوەزاری باجەڵانی و دیالێکتی گۆران بکات:

**١ـ زارەکانی کوردی ژووروو (هەرکی، شکاکی، بایەزیدی، هەکاری، جزیری، عەفرینی، دومبلی، بادینی)**

---

[1]. صادق بهاء الدین ئامێدی، ریزمانا کوردی کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، چاپخانەی (دار الشؤون الثقافیة)، بەغدا، ١٩٩٠، ل ٢٥.

[2]. کامل حسن بصیر(د)، زمانی نەتەوایەتی ی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٤، ل ١٨.

**٢ـ زارەکانی کوردی ناوەند (موکریانی، سۆرانی، سلێمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەڕووسی)**

**٣ـ زارەکانی کوردی خواروو (کرماشانی، کەڵهوڕی، کولیایی پیرەوەندی، لەکی، لووڕی)**

وەک دەردەکەوێت ئەم دابەشکردنانە زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانەنراون، هەروەها لێکۆڵەران زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان بەکارهێناوە و بە تەواوەتی سنووری جوگرافیی دیالێکتەکانیان دیاری نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکرنەکانی تۆفیق وەهبی و فوئاد حەمە خورشید لە ڕووی زانستییەوە نزیکن و دەکرێت پشتییان پێببەسترێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریشەوە ئەوەی پەیوەست بێت بە شێوەزاری باجەڵانی، ئەوە دەکرێ لەم خاڵانەدا ڕوونیان بکەینەوە:

١ـ هەندێ لە لێکۆڵەران بە هیچ جۆرێک ئاماژەیان بە شێوەزاری باجەڵانی نەکردووە .

٢ـ هەندێ لە لێکۆڵەران شێوەزاری باجەڵانییان وەکو دیالێکتێکی سەربەخۆ لەپاڵ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی خستۆتەڕوو .

٣ـ هەندێکی تر لە لێکۆڵەران باجەڵانییان وەکو شێوەزارێک لەنێو شێوەزارەکانی دیالێکتی گۆران خستۆتەڕوو .

### ٢.١: نەخشەی جوگرافیای دیالێکتی گۆران و شێوەزاری باجەڵانی

ئەم دیالێکتە ئەگەر لە باشوورییەوە وەرگرین، ئەوە لە باکووری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین ـ کرمانشاوە دەست پێدەکات، بەرەو شاخەکانی هەورامان، لە ڕۆژئاواشەوە هەر لە سەرچاوەکانی

سیراوەنەوە بەرەو خۆرهەڵات دایپۆشیوە تا کرماشان. ئەم دیالێکتە پێکدێت لە:[1]

**١- گۆرانی ڕەسەن:** کە دانیشتوانی ناوچەکانی (کرند، زەهاو، جوانڕۆ) لە کوردستانی ئێران قسەی پێ دەکەن، هەروەها لە کوردستانی عێراق، هەندێ کاکەیی داقوق و تیرەی زەنگەنەی نزیک کفری و قادرکەرەم و سیامەنسوری سەر بە ناوچەی لەیلان قسەی پێ دەکەن.

**٢ـ هەورامانی:** دانیشتوانەکانی شاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە، هەورامیش دوو بەشن، بەشی لهۆنیان لە خۆرئاوای ڕیزە شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی عێراق، بەشی دووەمیان، هەورامانی (تەخت) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە کوردستانی ئێران.

**٣ـ باجەڵانی:** ئەم شێوەزارە پەرشوبڵاون، هەندێکیان لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری مووسڵ نیشتەجێن، کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، کە پێیان دەوترێ (شەبەک)، بەشێکیشیان لە زەهاو و لە باکووری لوڕستان و نزیک خانەقین و قۆڕەتوو و هۆرین و مەیدان .

---

[1] ـ بڕوانە : ١ـ فوئاد حەمە خورشید(١٩٨٥)، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیة)، بەغدا، ل ٧٠ ـ ٧٤ . ٢ـ فوئاد حەمە خورشید (د)( ٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی ـ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٦٥ ـ ٧٠ .

**٤- زازا:** ئەم لقە دیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە کوردستانی باکوور، کە کەوتۆتە ناوچەی نێوان ئەرزەڕۆم - موش - خەرپووت و ئەرزنجان دەگرێتەوە .

## بەشی دووەم : شەبەک

### ١.٢ : زاراوەی شەبەک

دەربارەی ناوی (شەبەک)، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە، لەوانە:

١ـ گریمانەی یەکەم، ناوی شەبەک ناوێکی لێکدراوە، لە (شا) و (بەگ)ەوە هاتووە، بەپێی ئەو بۆچوونە، گوایە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا، ئەو شەبەکانە لەگەڵ نادر شادا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو باشوور کۆچیانکردووە. لەو گوندانەدا نیشتەجێ بوون، دواتر دوو کەس دەکەن بە ڕدێنسپی خۆیان، یەکێکیان نازناوی (شا)، ئەوی تریشیان نازناوی(بەگ)ی دەدەنێ، ئینجا بەرە بەرە زاراوەی شەبەک بەهۆی گۆڕانی زمان لە شابەگەوە بۆتە شەبەک.

٢ـ گریمانی دووەم، جەخت لە سەر ئەوە دەکات، کە ناوی شەبەک لە ناو و نازناوی یەک کەسەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەو کەسە (شاوێردی بەگ)بووە، کە میرێکی لووڕی بووە. کاکەیی و شەبەک هاوتخووب بوون، بەو واتایەی ئاقاریان لە سەر یەک بووە. ئەو شەبەک و سارلییانە، لە دەوری ئەو میرە کوردە کۆبوونەتەوە، ئەمەش لە دەوروبەری ساڵی (١٦٠٠ ز)دا بووە . لەو شەڕەدا لەگەڵ سەفەوییەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و لە ئەنجامدا سەفەوییەکان شاری هەمەدان داگیر دەکەن، لەوانەیە ئەو هەڵمەت و ستەمەی سەفەوییەکان، شەبەکەکانیان ناچار کردبێ بەرەو باشووری کوردستان ڕەو بکەن ! لە لایەکی دی، هەردەوێل کاکەیی باوەڕی

وایە، کە ناوی شەبەک گوایە لەدوای ئەو ڕووداوە، سەریهەڵداوە و ناویان نراوە شەبەک.[1]

### ٢.٢: زێدی شەبەک

شەبەکییەکان لە هەندێ ئاوایی بە تەنیا و لە هەندێکی تر لەگەڵ نەتەوەی دی وەک عەرەب و تورکمان دەژین و نیشتەجێن، لەوانە:[2]

١. ئەوانەی سەر بە شارۆچکەی بەعشیقەن: تلارە (تلیارە . دلیارە) دراوشک، باژێڕبووک، ئۆرتە خراپ، بازیوە، کانیکەروان، کۆکجەلیل، گۆڕەغەریبان، قولانتەپە، ئۆمەر قاپیچی (ئۆمەر دەرگەوان)، وەرسیماقی سەروو، وەرسیماقی خواروو، خۆرسابات، سێکەند، کانینۆ، تێز خەراپی بچووک، تێز خەراپی گەورە، شێخ شەیلە، بایبوخ، تۆپزاوە، قەرەتەپە، یەنگیجا، فەدیلە، چەنچی (دێرکە)، عەباسی، نەوران، خەراب دەلیل .

٢. ئەوانەی سەر بە شارۆچکەی تلکێفن: سەییدگەل، بەعوێزە.

٣. ئەوانەی سەر بە شارۆچکەی بەرتڵەن: باسخرە، بازگرتان، یارمجە، باشبیتە، جلیوخان، خەزنەتەپە، ئالی ڕەش، ئوچ قەڵا گەورە، ئوچ قەڵا بچووک، موەفەقییە، شێخ ئەمیر، شاقولی، تەرجلە، نازمیە،

---

[1] ـ هەردەوێل کاکەیی( ٢٠٠٨)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەک، ئینستیتۆتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل١٠. ١١.

[2] ـ بڕوانە : أ . هەردەوێل کاکەیی( ٢٠٠٨)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەک، ئینستیتۆتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل١١. ١٣. ب . احمد شوکت(٢٠٠٥)، الشبک الکورد المنسیون، وزارة الثقافة، السلیمانیة، ص ٩٠ . ١٢٢ .

شەهرەزاد، شەمسیات، تۆبرق زیارەنوو، تۆبرق زیارە کۆن، قەزەفەخرە، لەکی گەورە، لەکی بچووک، تەیراوە، منارە شەبەک، خوێتلە، هەروەها دانیشتوانی گەڕەکی سەربازانی بەرتەڵەیش شەبەکن .

٣ـ ئەو گوندانەی سەر بە شارۆچکەی نەمروودن: ئومەرەکان، قەرەشۆر، قەرقەشە، جودەیدە حەلا، خراپە سوڵتان، شەنەف، سەلامیە، حاوی ئەرسەلان، قەرە یەتاغ، تەلیەعقوب، هەروەها دانیشتوانی هەردوو گەڕەکی خدر و بساتلی لە نەمروود شەبەکن .

٤ـ ئەو گوندانەی سەر بە شارۆچکەی قەرەقۆشن: (مفتییە، بەدەنەی گەورە، بەدەنەی هوردی، زەهرە خاتوونی گەورە، زەهرە خاتوونی بچووک، چەمە کۆڕ، کارێز، بلاوات، تواجنە، یەرغەنتی، قەرەتەپەی عەرەب، شێرکان، کەبەرلووی)، هەروەها زۆربەی دانیشتووانی گەڕەکی سەربازانی قەرەقۆش شەبەکن.

## ٣.٢: گومەز و ئارامگا پیرۆزەکانیان

شەبەکەکان ئەوانەی لەسەر مەزهەبی شیعەن، ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان و قوربان و مانگی موحەڕەم بە هەزاران لە ژن و پیاو و کوڕ و کچ، دەچنە زیارەتی مەقامی ئەو پیاوچاکانە.[١]

**١ـ مەقامی ئیمام زەینەلعابەدین:** ئەم پیاوچاکە نازناوی عەلی کوڕی حوسێنی کوڕی حەزرەتی عەلییە (٣٨ ـ ٢٥)ی موحەڕڕەم (٩٥)ی کۆچی، لە مەدینە سپاردەی خاک کراوە، لە ئاوایی (عەلی ڕەش)، کە

[١]ـ هەردەوێل کاکەیی( ٢٠٠٨)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەک، ئینستیتۆتی کەلەپووری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ل١٣ـ ١٧.

سەر بە شارۆچکەی (بەرتەڵەیە) گومەزێکی جوانیان بۆ دروستکرووە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ لە قەزای (داقوق)ی سەر بە کەرکووکیش گومەزێکی لەو جۆرە هەر لەدێر زەمانەوە بەناوی ئەم زاتەوە دروستکراوە و ساڵانە بە هەزاران کەس لەهەموو شارەکانی ئێراقەوە دێنە زیارەتی.

**٢. مەقامی ئیمام عەلی ڕەزای کوڕی ئیمام مووسای کازم** (**١٤٨ ـ ٢٠٣ ك**): لە خۆراسانی ئێران بە خاک سپێردراوە، بە ئیمام ڕەزای خۆراسانی ناسراوە، لە ئاوایی (تێز خەراپی گەورە) کە سەر بە شارۆچکەی (باشیک)ە، گومەزێکی ڕێکوپێکیان بۆ ئامادەکردووە.

**٣. مەقامی ئیمام عەباس کوڕی ئیمامی عەلی**: لە ساڵی (٦١)ی کۆچی شەهید کراوە و لە شاری کەربەلا لە خوارووی ئێراق بە خاکیان سپاردووە، لە ئاوایی (عەباسییە)ی سەر بە شارۆچکەی باشیک گومەزێکیان بۆ دروستکردووە و پێی دەڵێن مەقامی ئیمام عەباس.

**٤. مەقامی ئیمام حوسێن کوڕی ئیمام عەلی**: (٦٢٥ ـ ٦٨٠)ی زایینی لەسەر خیلافەت لەگەڵ یەزیدی کوڕی معاویە تێکچوون، لە ئەنجامی جەنگێکی پڕ لە خوێناوی کە لە کەربەلا ڕوویدا حوسێن بە دەستی (شمر) کوژرا و (یەزید) بە خەلیفە مایەوە، ئارامگاکەی لە کەربەلایە، لە ئاوایی (خەزنە تەپە)ی سەر بە شارۆچکەی بەرتەڵەیە، گومەزێکی بچکۆلانەی بۆ کراوە .

**٥. مەقامی وەلی بەکتاش**: گومەزەکەی بەسەر گردێکەوەیە لە نزیک گوندی (تێز خەراپی گەورە)، سەر بە شارۆچکەی باشیکە، ئەمیان

لەبەر ئەوەی موریدیان بە دەگمەن ماوەتەوە، بۆیە لەم ڕۆژگارەدا کەمتر بایەخی پێ دەدەن و دەچنە زیارەتی.

**٦. گومەز و مەقامی خدری ئەلیاس:** ناوی یەکێکە لە پێغەمبەران، بە خدری زیندە بەناوبانگە، لەسەردەمی مووسا پێغەمبەر (د.خ) ژیاوە، گومەزەکەی لە ناوەڕاستی گوندی (کەبەرلووی)دایە، بە زۆری دیدە ساڵەکانی گوندەکە دەچنە زیارەتی لە بەغدایش لەسەر رۆخی دیجلە لە تەنیشت پردی (شوهەدا) لە گەڕەکی کەرخ گومەزێک بە ناوی ئەم زاتەوە هەیە.

**٧. ئیمام فازل:** گومەزەکەی لەنێو گوندی (فەدیلە)یە، ئەمیان بە زۆری سوننە مەزهەبەکان دەچنە زیارەتی، گومەزەکەی زۆر کۆنە، وا دەردەکەوێت لەلایەن شەبەکییەکانەوە هێندە بایەخی پێنەدرێ.

**٨. مەقام و گومەزی قەمبەر عەلی:** گومەزەکەی لە گۆڕستانی ئاوایی (تەیراوە)ی سەر بە شارۆچکەی بەرتەڵەیە، بە زۆری شیعە مەزهەبەکان سەردانی دەکەن.

**٩. مەقامی سوڵتان ساقی:** گومەزەکەی لەنێو گوندی (بازگرتان) دایە، بە چەند کیلۆمەترێک دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی (بەرتەڵە)وە.

ئەم گومەزەی سوڵتان ساقییە بە زۆری خەڵکی گوند و تێکڕای شەبەکییەکانی دەوروبەر زیارەتی دەکەن و وەکو باوەڕێک (عقیدە) بە ئیمامی (عەلی)شی دەزانن. هەروەها زۆربەی هەرە زۆری مەقام و گومەزەکانی تری شەبەکییەکان هەر بەم جۆرە ئەفسانە ئایینیانە هاتوونەتە گۆڕێ، چونکە تەرم یا گۆڕیان تێدا نییە، بۆیە بە مەقامیان ناوزەد دەکەن.

١٠. (**گەلی مامەجان**): گەلییەک هەیە بە ناوی (گەلی مامەجان) لە نزیک گوندی (کانینۆی)ی سەر بە شارۆچکەی (باشیک)ە، شوێنەوارێکی دێرزەمانی تێدایە بە ناوی (سێدوکانە)، بەقەد تاشە بەردێکی زلەوەیە بە بەرزی باڵای زەلامێک، بریتییە لە ژوورێکی زۆر جوان و ڕێکوپێک.

**١١. گەڕاو**: کانییەکە لەنێو گوندی (تەرجلە) دایە و سەر بە شارۆچکەی بەرتلەیە، ئاوەکەی بۆنێکی ناخۆشی هەیە، خەڵکی ئەو دەڤەرە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی پێست کەڵکی لێ وەردەگرن بەتایبەتی بۆ (گەڕی) تووشبووەکە ئاوی لێ دەبا و لە ماڵەوە خۆی پێدەشوات.

**١٢. کانی زەرک** (**کانی زەردک**): ئەم کانییە لە (چیای زەردک) دایە، بە دووری چارەکە ڕێیەک دەکەوێتە ڕۆژئاوای (باسخرە)وە، سەر بە شارۆچکەی (بەرتەڵە)یە، ڕەنگی ئاوەکە زەردە، بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە، بۆ نەخۆشی زەردوویی سوودیان لێوەرگرتووە، تووشبووەکە لەوێ بەو ئاوە خۆی دەشوا، بڕوایان وایە بەمە چاک دەبنەوە، جا نەک تەنیا شەبەکییەکان بەڵکو هەموو خەڵکی دەڤەرەکە بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەهێنن، هەروەها لە مووسڵ و دهۆک و هەولێر و سلێمانی و بەغداد و شارەکانی تری عێراقیشەوە، بۆی دێن.

## پێشنیاز

١ـ هەوڵبدرێت لە بەشە کوردییەکانی زانکۆکانی کوردستان و بەغدا لە بابەتی زارناسی باسی شێوەزاری باجەڵانی بکرێت و نموونە لە بارەی شێوەزارەکەوە بهێنرێتەوە .

٢ـ نووسینی تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەر لەسەر ئەو شێوەزارانەی کە کەمتر ئاوڕیان لێدراوەتەوە، بەتایبەتی شێوەزاری باجەڵانی .

٣ـ حکوومەتی هەرێم بە بێ گوێدان و گەڕانەوە بۆ حکوومەتی ناوەند، گرنگی بە شوێن و زێدی کورد شەبەکەکان بدات، بەتایبەتی بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە شوێنی شەبەکنشینەکان.

٤. حکوومەتی هەرێم هەوڵبدات لە بەشە بودجەی هەرێم ساڵانە بڕێک پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنی شەبەکنشینەکان تەرخانبکات.

٥ـ هەوڵبدرێت بابەتێک وەک ناساندنی شێوەزاری باجەڵانی و کوردی شەبەک لەنێو پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی قۆناغەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردە تەرخانبکرێت .

## ئەنجام

لەم کورتە توێژینەوەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە بریتیین لە:

١ـ هەندێ لە لێکۆڵەران بە هیچ جۆرێک ئاماژەیان بە شێوەزاری باجەڵانی نەکردووە .

٢ـ هەندێ لە لێکۆڵەران شێوەزاری باجەڵانییان وەکو دیالێکتێکی سەربەخۆ لەپاڵ دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی خستۆتەڕوو .

٣ـ هەندێکی تر لە لێکۆڵەران باجەڵانییان وەکو شێوەزارێک لەنێو شێوەزارەکانی دیالێکتی گۆران خستۆتەڕوو .

٤ـ شەبەک لە ڕووی نەتەوەوە کوردن، لە ڕووی ئایینەوە ئیسلامن، لە ڕووی مەزهەبەوە زۆرینەی شیعەن .

٥ـ زێدی شەبەک ناوچەی کوردستانین، واتە ئاواییەکانی شەبەک دەکەونە ناو جوگرافیای کوردستانەوە .

٦ـ حکوومەتی عێراقی بە پلەی یەکەم و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی دووەم ناوچەکانی جوگرافیای شەبەکیان فەرامۆشکردووە، دیارە ئەمەش لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێ، کە ئەوان لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی کوردین.

# سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

١- جەمال نەبەز (١٩٧٦)، زمانی یەکگرتووی کوردی، یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بڵاوی کردۆتەوە، بامبێرگ - ئەڵمانیای ڕۆژئاوا .

٢ـ زبیر بلال اسماعیل(١٩٨٤)، مێژووی زمانی کوردی، و: یوسف ڕەئوف عەلی، چاپخانەی (دار الحریة للطباعة)، بەغدا .

٣ـ صادق بهاء الدین ئامێدی، ریزمانا کوردی کرمانجیا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، چاپخانەی (دار الشؤون الثقافیة)، بەغدا، ١٩٩٠ .

٤- طاهر صادق (١٩٦٩)، ڕێنووس ـ چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکووک .

٥ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(١٩٧١)، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا .

٦ـ عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د)(٢٠٠٥)، بۆ زمان، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی .

٧ـ فوئاد حەمە خورشید(١٩٨٥)، زمانی کوردی ـ دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، و: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی (افاق العربیة)، بەغدا.

٨ـــ فوئـــاد حەمە خورشـــيد (د)( ٢٠٠٨)، زمـــانی كـــوردی و دیالێكتەكانی ـ شیكردنەوەیەكی جوگرافیایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .

٩ـ كامل حسن بصير(د)، زمانی نەتەوایەتی ی كوردی، چاپخـانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٤ .

١٠- كەمال فوئاد(د)(١٩٧١)، زاراوەكانی زمانی كوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گ. زانیاری، ژ.(٤)، بەغدا .

١١- مـحەمەد مەردۆخـی(١٩٩١)، مێـژووی كـورد و كوردسـتان، عەبـدولكەریم مـحەمەد سـەعید، چـاپی یەكەم، چاپخـانەی (اسـعد)، بەغدا.

١٢- محمدی خاڵ(١٣٦٧)(١٩٨٨)، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەكەم، كتابفرۆشی محمدی سەقزی، چاپ اول .

١٣- مـحەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨١)، زاری زمانی كوردی لە ترازووی بەراوردا، چاپی یەكەم، بەغدا.

١٤- میر شەرەفخانی بدلیسی(٢٠٠٦)، شـەرەفنامە ـ مێژووی ماڵە میرانی كوردستان، و: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر .

١٥ـ هەردەوێل كاكەیی( ٢٠٠٨)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، ئینستیتۆتی كەلەپووری كورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر .

**دووەم : سەرچاوە عەرەبییەکان**

١٦ـ احمد شوكت(٢٠٠٥)، الشبک الكورد المنسيون، وزارة الثقافة، السليمانية .

١٧- محمد امين زكي (١٩٦١)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الان، محمد علي عوني، الجزء الاول الطبعة الثانية، بغداد .

# گۆڕان لە زماندا[1]

[1]- ئەم لێکۆڵینەوەیە بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا شوکر محەمەد ساڵح لە گۆڤاری (زانکۆی گەرمیان)، ژمارە(٤)، ٢٠١٤، ل ١ -١٩ بڵاوکراوەتەوە.

## پێشەکی

**١. ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (گۆڕان لە زماندا)یە، تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چەمک و لایەنە گرنگەکانی گۆڕان لە زماندا، بەو واتایەی ئەم حاڵەتەی زمان بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوەدەکرێت.

**٢. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە پەیوەستە بە کەمی سەرچاوە بە زمانی کوردی بۆ ئەم حاڵەتەی زمان، بۆیە ئێمە ناچاربووین بابەتێکی لەم شێوەیە هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی ئەم لایەنەی زمان بە شێوەیەکی زانستییانە و بە زمانی کوردی بخەینە بەردەم خوێنەران و کتێبخانەی کوردی.

**٣. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفیی شیکارییە، تیایدا باسی چەمک و تاریفی گۆڕان لە زمان و مێژووی پەیدابوونی گۆڕانی زمان دەکات. هەروەها ئەو هۆکارە مێژووییانە دەستنیشان دەکات، کە بوونە هۆی ڕوودانی گۆڕان لە زماندا.

**٤. گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

گەورەترین گیروگرفت کە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا تووشمان هاتبێت، وەرگێڕانی ئەو هەموو دەقەی ئینگلیزییە کە پەیوەست بوون بە گۆڕان بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە بەڕاستی کتێبخانەی کوردی لەم حاڵەتەی زماندا هەژارە، کەچی ئینگلیزی بە دەیەها کتێب و لێکۆڵینەوەیان لەبارەی گۆڕان لە زماندا هەیە، ئێمەش

ناچاربووین بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان پتر زانستی بێت، پەنا ببەینە بەر وەرگێڕانی ئەم کتێبانە.

**٥. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکهاتووە:.

**لە بەشی یەکەمدا،** باسی چەمک و پێناسەی گۆڕان لە زماندا کراوە، بەهۆیەوە چەندین پێناسەی پەیوەست بەم حاڵەتەی زمان هێنراوەتەوە و شرۆڤەی بۆ کراوە.

**بەشی دووەم،** باس لە هۆکارەکانی گۆڕان لە زمان دەکات، بەهۆیەوە هۆکارە ناوەکی و دەرەکییەکانی پەیوەست بە پەیدابوونی گۆڕان لە زماندا خراوەتەڕوو.

**لە بەشی سێیەمدا،** باسی گۆڕان لە ئاستەکانی زمان کراوە، بەهۆیەوە ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە و واتا بە شێوەیەکی فراوان لێی کۆڵراوەتەوە، کەرەسەی ئەم بەشەش بە پلەی یەکەم زمانی ئینگلیزییە و بە پلەی دووەم زمانی کوردییە، بۆ ئەوەی ڕاستی و لایەنی زانستیی باسەکەمان پتر بخەینەڕوو.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە لەم لێکۆڵینەیەدا بە گرنگمان نەزانی باسی تیۆر و بیردۆزەکانی پەیدابوونی گۆڕان لە زماندا بکەین، چونکە زۆرینەی بیروڕای کەسیی و دەستە و گروپن، مەرج نییە ڕاست و دروست بن، بۆیە خۆیان لەم لایەنە دوورخستەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم/ چەمک و پێناسەی گۆڕان لە زماندا**

ئەو بەشە زمانناسییەی، کە مامەڵە لەگەڵ چۆنیەتی گۆڕان و جۆر و هۆیەکانی گۆڕانی زمان دەکات، پێی دەگوترێ زمانەوانی مێژوویی و بەروارکاری. زمانەوانی مێژووییە، چونکە مامەڵە لەگەڵ مێژووی زمانێکی تایبەت دەکات، زمانەوانی بەراوردکاریشە، چونکە مامەڵە لەگەڵ پەیوەندی زمانەکان دەکات. گۆڕانەکان لە زمان، گۆڕانە لە ڕێزمان و ئەو وشانەی کە خەڵک بەو زمانە قسەی پێی دەکەن و و لەلایەن نەوەی نوێوە بەردەوام دەبێ و ئەو زمانە گۆڕاوە بەکاردێنن. (Victoria Fromkin. 2011: P.489 )

ئەو گۆڕانانەی لە زماندا ڕوودەدەن، خەڵکی حەزی لێ ناکەن و ڕووبەڕووی ڕەخنە و ناڕەزایی دەبێتەوە لە لایەن ئەو خەڵکانەی کە ڕاهاتوون لەسەر شێوازی کۆنی قسەکردن، هەروەها حەز بە بەکارهێنانە نوێیەکە ناکەن و هەوڵیش دەدەن خەڵکی بەکاری نەهێنن، چونکە هەر جارێک کە گوێیان لە شێوازە نوێیەکان دەبێت لە ڕێگەی نامەکانیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و ناڕەزایی و ڕەخنەکانیان بڵاودەکەنەوە،(David , 2003:P.133 Crystal)، چونکە هەندێک جار ئەم گۆڕانانەی زمان وا لێکدەدرێتەوە کە زمان بەرەو تێکچوون و شێوان دەبات، بەڵام مەرج نییە هەموو گۆڕانێک زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و لەناوچوون ببات، بەڵکو ڕەنگە ببێتە هۆی ئاسانکردنی باری زمان، چونکە گۆڕان بە پێی یاسا و دەستوور ڕوودەدات، هەروەها ئەم دیاردە زمانییە وەنەبێت پەیوەست بێت بە تاکە زمانێک یان چەند زمانێک، بەڵکو

هەموو زمانانی جیهان دەگرێتەوە، بۆیە لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەم بکاتەوە یان نەیهێڵێت، چونکە گۆڕان لەگەڵ خودی هەڵکەوتەی زماندایە و پەیوەست نییە بە تاکە کەسێک، لە هەمان کاتیشدا هەموو زمانێک بە بەردەوامی دەگۆڕێت، ئەم گۆڕانەش لە دەنگەکان و ڕستەکان و واتاکاندایە Jean Aitcheson, (1999: P.131).

لە زمانەوانی مێژووییدا، گۆڕانی زمان، زاراوەیەکی گشتییە، ئاماژە بەو گۆڕانە دەکا کە لەناو زمان بە درێژایی سەردەمێک دروست دەبێت. ئەمەش پرۆسەیەکی نەوەستاو و جیهانییە. ئەم دیاردە زمانییە لە سەرەتادا لە کۆتایی سەدەی هەژدەم لە لایەن زمانەوانە بەراوردکارییەکان لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بەڵام دواتر لەلایەن زمانەوانە مێژووییەکان و کۆزمانەوانەکان کاری لەسەرکرا. گۆڕانی زمان هەموو سیماکانی زمان دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر بایەخ بە گۆڕانی لێکسیکی و فۆنۆلۆجی دراوە، کە لەم لایەنە گۆڕانی زمان بەرچاوتر و زیاترە.(David Crystal , 2003:P.257)

دەبێ ئەوەش بڵێین توانستی زمان لای هەر تاکێک گوزارشتە لە لایەنەکانی جەوهەری عەقلی مرۆڤ خۆی، بۆیە گۆڕانی زمانیش بەپێی پێویستی گۆڕانی کۆمەڵگاکانی خۆیان دەبێ (ر. هـ. روبنز، ١٩٩٧: ٢٥٣).

هەروەها هەر لەم بارەوە فەیلەسوفی زمانەوانی ئەڵمانی ڤیلهێلم فۆن هامبۆڵت Wilhelm von Humboldt لە ساڵی ١٨٣٦ لەبارەی گۆڕانی زمانەوە دەڵێ :((هیچ چرکەساتێک نییە کە زمان تیایدا وەستاو بێت، زمان وەک بیری مرۆڤ وایە، کە بەردەوام لە جۆش و

خرۆشدایە، زمان بە سروشتی خۆی لە پرۆسەیەکی بەردەوامی پەرەسەندندایە))(Jean Aitcheson, 2013:P.4.).

ئەم دیاردەیە بە شێوەیەک ڕوودەدات، کە زۆربەی قسەپێکەرانی زمان بە ئاگا نین لەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن، لەبەر ئەوەی پاش تێپەربوونی سەردەمانێک، ئەو گۆڕانکارییانە هەستییان پێ دەکرێت (بێرنارد کەمریَ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٧: ٤٦). واتە ئەم گۆڕانە هەنگاو بە هەنگاوە و بەشێوەیەکی لەسەرەخۆ و لە زۆربەی بارەکاندا لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکەدا هەستی پێناکرێت، لەبەرئەوەی دەنگ و وشە و ڕستەکان دیدێکی ڕووکاریی نەگۆڕ لە زماندا پیشاندەدەن، بەڵام هێشتاش ئەگەر چاوپێداخشاندنەوەیەک بە کارەکانی چۆسەر یان شکسپیر بکەین، ئەوە پیشاندەدەن کە چەندە زمانی ئینگلیزی لە ماوەیەکی بەرچاوی کەمدا گۆڕاوە و وەک خۆی نەماوەتەوە. (Jean Aitcheson, 1999.P:131).

کەواتە زمان وەک هەر شتێکی دی، بە درێژایی سەدەکان بەرەبەرە گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک جێگەی سەرسوڕمان نییە. لە جیهان مرۆڤەکان گەورە دەبن و پیر دەبن، سەرمێکوتە دەبێ بە بۆق، شیر دەکرێ بە پەنیر، بۆیە جێگەی سەرسوڕمانە ئەگەر لەم پرۆسەی گۆڕانە، زمان وەک خۆی بمێنێتەوە و نەگۆڕێ. وەک زمانەوانی سویسری فردنیاند دی سوسێر لەم بارەیەوە دەڵێ: (( زەمەن هەموو شتێک دەگۆڕێ، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە، کە

زمـــان بخـــاته دەرەوەی ئەم یاســـا گەردونیـــیەی گـــۆڕان)).
.( Jean Aitcheson, 2013.P.4.)

پۆل پاس لەم بارەوە دەڵێت:((ڕوودانی گۆڕان لە زمان، شتی نوێ لە زمان دەدۆزێتەوە و ئەو دەنگانە لادەبات، کە پێویست نین و دەبێتە هۆی سووککردنی باری زمان و ئەم ڕێبازانە بە گۆڕانێکی ئارەزوومەندانە نەبێت ڕوونادەن، کە ڕاددەی بیری ئادەمیزاد ڕووەو چاکە سەپەرشتی دەکات))(د.عبدالواحد وافي :٢٠٠٧، ص٢٩٢).

هێربەرد سپێنسەر، پێی وا بووە گۆڕان لە ئەنجامی پێشکەوتنی زمان بەپێی یاسای گەشەسەندنی سروشتی زمان لە قورسییەوە بەرەو ئاسانی دەجوڵێت و وشەی درێژ کورت دەکرێتەوە و ڕستەش لە زۆری برگەوە کەمدەکرێتەوە بۆ تاک برگە( ڕا. بوداگڤ،١٩٧٤: لا٦١).

زۆر لە شارەزایانی زمان لە سەدەی نۆزدەهەم لەسەر ئەو قەناعەتە بوون، کە زمانە ئەوروپییەکان بەرەو فەوتان دەڕۆن، چونکە بەرە بەرە وشە کۆنەکان لە دەست دەدەن. بۆ نموونە نووسەری ناوداری ئەڵمانی ماکس مولەر Max Muller تەئکید دەکاتەوە کە مێژووی زمانە ئارياییەکان لە گۆڕانێکی بەرەبەرە و لەسەرخۆیە و بەرەو لەناوچوونە. ( Jean Aitcheson, 2013:P.7.).

بێگومان هەموو زمانێکی زیندوو بە بەردەوامی دەگۆڕێت، هۆکارەکانی گۆڕانیش بەزۆری بۆ ئەو داهێنانانەی مرۆڤ، کە بەردەوام بەدەستییان دەهێنێت لە ماوەی ژیانیدا، دەگەڕێتەوە. بێگومان ئەم بەرهەم و داهێنانانەش پێویستییان بە ناوێک هەیە بۆ

ئەوەی بناسرێنەوە، بەمەش لە ماوەی ساڵێکدا ڕەنگە هەندێک وشەی نویٚ لەم ڕێگەیەوە بێنە ناو زمان (David Crystal, 2003:131).

وتنی(Whitiny curtius)دەڵێت: ((هەموو ئەو گۆڕانانەی کە لە زماندا ڕوودەدەن، نموونەن بۆ ئەو خواست و ویستەی کە لە خودی زماندا بۆ کەمکردنەوەی وزە سەرفکردن هەیە و لە ئاخاوتندا پەیڕەو دەکرێت))(د.صبري ابراهيم السيد، ١٩٨٩: ص٢٣).

بلۆمفیلد پێی وایە گۆڕان لە زماندا ئاراستەکەی بەرەو کورتکردنەوەی وشە و ئاسانکردنی پێکهاتەکانی ڕۆیشتووە: گۆڕانی دەنگەکان وشە کورتتر دەکاتەوە (ڕا. بوداگف،١٩٧٤: لا٦٥).

ساپیر پێیوایە هەموو زمانەکانی جیهان لەو خاڵەدا هاوبەشن، کە زمانەکەیان بە ئاراستەی کەمی خەرجکردنی وزە دەڕوات لە ئاخاوتن و بیرکردنەوەشدا بەمەش گەشەو گۆڕان ڕودەدات. (فلوريان كولماس،٢٠٠٠: ص٦-٧).

هەروەکو بۆمان ڕوون بۆوە، کە گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی زمانناسییە و هەر دەبیٚ ڕووبدات، هیچ زمانێک نییە خۆی لەم حاڵەتە بە دوور بگرێت و خۆی دەرباز بکات، بەڵکو دەبیٚ ئەم قۆناغە ببڕێت و گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەمەش لە هەموو ئاستەکانی زمان ڕوودەدات و ئامانجیشی خزمەتکردنی زمانە نەوەک تێکدان و شێواندنی زمان.

## بەشی دووەم/ هۆکارەکانی گۆڕان لە زماندا

مەسەلەی گۆڕانی زمان لەلایەن زمانەوانەکان مشومڕی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونە ئەنجامێکی ماقووڵ و مەنتیقی، بە تایبەتی گۆڕانی دەنگی تا ئێستا هۆیەکەی لای زۆربەی زماناسان بە تەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە، لەم ڕووەوە بلۆمفیلد لە ساڵی ١٩٣٣دەڵێ:((هۆی گۆڕانی دەنگی لە زمان تا ئێستا نەزانراوە))(Jean Aitcheson, 2013:P.142)، بۆیە زۆربەی زمانەوانەکان بێئومێدبوون لەوەی کە هۆیەکانی گۆڕانی زمان بزانن، هەروەک لەم ڕووەوە ڕۆبێرت کینگ لە ساڵی ١٩٦٩ دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هیچ تیۆرێک توانای ئەوەی نییە گۆڕانی زمان دەستنیشان بکات و ڕوونی بکاتەوە، بەڵکو لە توانای ئەو بەدەرە، لەم بارەوە دەڵێت:((ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی گۆڕانی زمان لە توانای هەموو تیۆرێک بەدەرە، هەرچەندە ئەو تیۆرە زۆر پێشکەوتووبێت))( Jean Aitcheson, 2013:P.142 ).

بە شێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی گۆڕانی زمان دەرەکی و ناوەکییە، دەرەکییە، واتە فاکتەری زمانەوانی ـ کۆمەڵایەتی دەرەوەی سیستەمی زمانە. لە لایەکی تریشەوە هۆکاری ناوەوەی زمان هەیە، کە زمانەوانی ـ دەروونییە، کە پابەندە بە پێکهاتەی ناوەوەی زمان و مێشکی قسەکەر.

### ١.٢: هۆکاری ناوەکی

هەندێک هێزی شاراوە هەیە کە کاریگەری لەسەر گۆڕانی زمان هەیە، ئەم هێزە هەرگیز دەستی بەسەردا ناگیرێت و ڕاناگیرێت، پێوەندی بە دینامیکییەتی ناوەوەی کرۆکی کەرەسە و سروشتی زمان خۆیەوە هەیە. ئەم سروشتە هەمووی هەرچییەکی تێدایە، لە جوولە و گۆڕانێکی بەردەوامە، هیچ هێزێ نییە بتوانێ ڕایبگرێ.

تا ئەم دواییانە گۆڕان لە زماندا وەک ئارەزوو و ڕازێک بوو، کە بەهۆیەوە دیاردەیەکی تێبینی نەکراوبوو و بەبێ هەستپێکردنی پرۆسەکە وەک جوولەی هەسارەکان وابوو و تێدەپەڕی و ئەنجام دەدرا، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆزمانەوانی، تێگەیشتنێکی زیاتر پەیدابوو لە بڵاوبوونەوەی گۆڕان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لەناو خودی زمانەکەدا، واتە بۆچوون لەبارەی گۆڕان لە زماندا گۆڕانکاری بەسەرهات، لەم بارەوە زمانەوانی کۆمەڵایەتی ئەمریکی ویلیەم لابۆڤ (wiliam Labov) یەکێک بوو لەوانەی کە لە بواری بایەخدان بە گۆڕانی زمان پێشەنگ بووە، کە گرنگی بەم بوارەدا و بە وردی تێبینی ئەوەی کردووە، کە چۆن گۆڕان لە زماندا لەناو دانیشتوان بڵاودەبێتەوە و پەرە دەسەنێ و ئەو ئەمەی دۆزییەوە کە دەربڕینێکی دەنگی خۆی خزاندۆتە ناو دانیشتوانی کۆنی دوورگەی مارسا.( Jean Aitcheson, 1999.P.133 ).

لێرەدا دوو هۆکاری ناوەوەی زمان باس دەکەین:

**١. مۆدەبوون و گۆڕانی لەخۆوە**

بەشێکی کەم لە زمانەوانان پێیان وایە گۆڕانی زمان شتێکی لەخۆوەیە و وەک مۆد وایە، مۆدیش ناتوانی تێبینی بکەی، بە نموونە وەک پەیدابوونی مۆد لە جلوبەرگ، ئۆتۆمبێل، کەلوپەلی ناو ماڵ، کەلوپەلی جوانکاری، .......هتد. وەک چۆن چاکەت ساڵێک سێ قۆپچەی هەیە و دوو سی ساڵی تر مۆدەکەی دەگۆڕێ و دەبێ بە دوو قۆپچە. گۆڕانی دەنگی زمانیش بە بێ پەیوەندی زمان هەر لە خۆیدا ڕوودەدات و بەشێکە لە بەرهەمی گۆڕانی کلتووریی مرۆڤ (Jean Aitcheson, 2013:P.143).

**٢. هاتنی وشەی بێگانە**

هەندێک لە زمانەوانان پێیان وایە گۆڕانی گەورەی زمان ئەوکاتە ڕوودەدات، کە خەڵکێک بۆ ناوچەیەک کۆچ دەکەن، یان دانیشتوانی ئەسڵی شوێنێک، زمانی خەڵکە کۆچکردووە تازە هاتووەکە فێر دەبن، کە فێریشی دەبن بەچاکی فێری نابن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕێک و ناتەواو فێری دەبن. ئیدی ئەو زمانە ناتەواوە دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانی خۆیان و خەڵکانی دی، کە ئەمەش لە ئەنجامدا گۆڕان لە زماندا دروستدەکات.( Jean Aitcheson, 2013:P.143 ).

بوونی زمانی بێگانە لەو کاتە گۆڕان لە زماندا دروست دەکات، کاتێک چەند زمانێک لەگەڵ یەکتری پەیوەندییان دەبێت، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان، بەجۆرێک دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە شێوەیەکی گشتی ئاخێوەری دوو زمانن، جا لەو کاتە هەردوو زمانەکە بە شێوازی جیاواز کار لە یەک دەکەن، هەرچەندە

پەیوەندییەکە زیاتر و درێژخایەنتر بێت، کاریگەرییەکە زیاتر و قووڵتر دەبێت. لەم بارەوە زمانی (مەئا)، کە لە تەنزانیا ( ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا) قسەی پێ دەکرێ، نموونەیەکی ئەم جۆرە گۆڕانەیە لە زماندا، زمانی مەئا وەک باوە لە گرووپی زمانی (کوشتی)یە و لەگەڵ زمانەکانی میسری کۆن و زمانی عەرەبی سەر بە یەک خێزانە زمانن، سێ سەد ساڵ پێش ئێستا گرووپێک لە خەڵکی ئاخێوەرانی (مەئا) بەرەو باشوور کۆچ دەکەن، هەندێک لە کۆچکەرەکان، زمانە ناوخۆییەکان فێر دەبن، کە سەر بە خێزانە زمانی (بانتو - Bantu)وە، ئاخێوەرانی (مەئا) زۆر شانازی بە کلتوور و زمانی خۆیان دەکەن، هەوڵی پاراستنیان داوە، بە تایبەتی زمانەکەیان. سەرەڕای ئەمەش بەهۆی پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ ئاخێوەرانی (بانتو)، زمانی (مەئا) بە بەردەوامی و بە شێوەیەکی بەرچاو بوو بە زمانێکی بانتوئاسا و زۆر لە وشەکانی خۆی پاراستبوو، بەڵام لە گەلێک ڕووی دیکەوە وەک زمانێکی بانتوی لێ هاتبوو نەک کوشتی(cushtic).( Jean Aitcheson, 2013:P.143 ).

**٢.٢:هۆکاری دەرەکی**

ئەمەیان پەیوەستە بە ژینگە، واتە ژینگە ڕۆڵی باڵا دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی سروشتی گۆڕینەکە، ئەگەر سیستەمێ بخرێتە دوو ژینگەی جیاواز، پاش ماوەیەک دەگۆڕێت، لەهەر ژینگەیەکدا بەجۆرێک دەردەکەوێت، لە ئەنجامدا دەبێتە دوو سیستەمی جیاواز. هەر یەکە بەپێی بارودۆخی ژینگە تایبەتییەکەی خۆی دەگۆڕێت(وریا عمر ئەمین،٢٠١١: ل٢١). ئەوەی پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکەی ئێمە،

هۆی دەرەکییە، بۆیە لە خوارەوە گرنگترین ئەو هۆکارە دەرەکیانەی دەبێتە هۆی دروستکردنی گۆڕان لە زماندا، ئاماژەیان پێ دەکەین:

**١.٢.٢:هۆکاری سیاسی**

داگیرکردنی وڵاتێک لەلایەن وڵاتێکی تر، یان جەنگێکی ماوە درێژی نێوان دوو نەتەوەی زمان جیاواز، یان چەند نەتەوەیەکی زمان جیاواز، دەبێتە هۆی تێکەڵاوی زمانیان و زمان لەیەکتروەرگرتن، بۆ نموونە لە جەنگەکانی جیهانیدا لە نێوان ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزیدا، وشە لە زمانێکەوە بۆ هەردوو زمانەکەی تر چووە (علي عبدالواحد وافي، ٢٠٠٩:٢٤٧) . واتە ئەم هۆکارە بە هۆی کارتێکەری سیاسییەوە دەبێت، بەو واتایەی هەر گۆڕانێکی سیاسی لە وڵاتێک یان ناوچەیەک ڕوودات، ئەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر زمانەوە دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە نموونە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١، کە ڕووداوێکی سیاسی بوو لە کوردستان ڕوویدا، بەهۆیەوە دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان وەدەرنران و حکوومەتێکی کوردی لە باشووری کوردستان هاتە ئاراوە، ئەم ڕووداوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی کوردی هەبوو، بەهۆیەوە زمانی کوردی گۆڕانی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی و ڕەوتی پەتیگەریی لە نووسینی کوردیدا هاتە ئاراوە و زمانی کوردی لە بەکارهێنانی وشە عەرەبییەکان تەواو دوورکەوتەوە، دیارە پەیدابوونی گۆڕان لە زماندا، بە هیچ شێوەیەک نە مرۆڤ نە دەسەڵات توانای ئەوەی نییە بەربەست یان ڕێگری لە بەردەمیدا

دروست بکات، چونکە((زمان لە ئاستەکی دیاریکراو ڕاناوەستێت، پێویستی بە گۆڕان هەیە، بۆیە گۆڕان شتێکی سروشتییە و بە ژیانەوە بەستراوەتەوە، ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە زمان خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانانە دەگونجێنێت و دەگۆڕێت))( نعمة رحيم العزاوي، ١٩٨٤: ل٢٤).

**٢.٢.٢: هۆکاری کۆمەڵایەتی**

پێویستییەکانی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی گۆڕانیان بەسەردا دێت، یەکێ لەو پێداویستیانەش زمانە، زمانیش وەک هەر دیاردەیەک خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەگەنجێنێت، زمانی مرۆڤ بەردەوام دەگۆڕێت و لە پێشکەوتندایە، بەجۆرێ هەر گۆڕانکارییەک لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر زمانەوە دەبێت و دەگۆڕێت.

تێکەڵاوی قسەپێکەرانی دوو نەتەوەی زمان جیاواز، دەبێتە هۆی وەرگرتنی کەرەسەی زمانی لەیەکتری، بەمەش کارتێکردن دروست دەبێت و کاردەکەنە سەر هەموو ئاستەکانی زمان، ئەمەش دەبیتە هۆی گۆڕان لە زماندا(محمد معروف فتاح، ٢٠١١:١٣١). هەندێ لە زماناسان هەموو گۆڕانەکانی زمان بە فاکتەری ڕێکەوت و کۆمەڵایەتی دەبەستنەوە، ئەمەش زیادەڕۆییە و ڕاست نییە، چونکە:١. گۆڕانە هاوشێوەکان دووبارە لە هەمان دەورووبەردا سەرهەڵدەدەنەوە، کە پێدەچێت لە ڕێگەی فاکتەری کۆمەڵایەتییەوە بێت. ٢. بەشە پەیوەندیدارەکانی زمان ناکرێت هەرگیز لە یەکتر جیابکرێنەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە گۆڕان لە زماندا بە هیچ

شێوەیەک بە ڕێکەوت ڕوونادات، چونکە هەر بەشە پەیوەندیدارەکانی زمانە وا دەکەن مێشک بڕێکی زۆری زانیاری زمانەوانی لێکبداتەوە، بەبێ ئەوەی تووشی هیلاکی و ماندووبوون بێت، هەروەها ئەگەر گۆڕانی زمان هەڕەمەکی بێت، ئەوا ڕێکخستنی زمان تێکدەچێت و مێشکی مرۆڤ پڕ لە زانیاری ڕێکنەخراوی فڕێدراو دەبێت، دواتریش گفتوگۆکردن ئەستەم دەبێت.( Jean Aitcheson, 1999.P.131 ).

**٣.٢.٢: هۆکاری جوگرافی**

هەر زمانێک جوگرافیای تایبەت بە خۆی هەیە(هۆگر محمود فەرەج،١٢٩:٢٠١٢)، بۆیە سروشتی جوگرافی بۆ ژینگەی زمان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر جۆری گۆڕانەکە، کە تووشی زمان دەبێت، بەتایبەتیش دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر زمانەکان، هەردوو زمان وشەو زاراوە لەیەکتری وەردەگرن، بەمەش دیاردەی گۆڕان لە زماندا روو دەدات، هەروەها جوگرافیا رۆڵ دەبینێت لە دروستکردنی زاری جۆربەجۆر لە زماندا(محمد معروف فتاح،١٣١:٢٠١١)، هەروەها ڕاگواستن و کۆچپێکردنی نەتەوەیەک بۆ شوێنێک کە زمانیان جیاواز بێت لە زمانی دانیشتوانی ڕەسەن، دەبێتە هۆی گۆڕانی زمان. لەم بارەوە کۆلیتز(H.Collitz) لە بارەی زمانی ئەڵمانییەوە ئاماژە بە جوگرافیای ناوچە شاخاوییەکان دەکات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تاکەکەس لە هەناسەداندا زیاتر پێویستییان بە وزە و چالاکی هەیە، ئەمەش دەبێتە گۆڕانی دەنگەکانی زمان ((بەهۆی سروشتی جوگرافی هەندێ شوێنی ئەڵمانیا، دەنگە بەهێزەکان بۆ دەنگی نەرم و سست

دەگۆڕێن، لە نووسراوەکانیدا ئاماژە بە گۆڕانی چەند دەنگێک دەکات لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەڵمانیادا، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەناسەداندا ناوچەی شاخاوی زیاتر پێویستی بە وزە و چالاکی هەیە، و دەنگەکانیش ئارەزوو دەکەن لە بەهێزەوە بگۆڕین بۆ سست و نەرم))(ابراهیم انیس،١٩٩٩: ل١٨٧).

### ٤.٢.٢: هۆکاری ئابووری و بازرگانی

هۆکارێکی گرنگ و گەورەیە بۆ گۆڕینی زمان، بەهۆی ئەوەی لە نێوان میللەتان ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا وشە و زاراوەی نوێ دێتە ئاراوە، ئەمە وا دەکات ببنە هۆی گۆڕینی وشە و واتای نوێ، چونکە ناوی هەندێ شوێن و کاڵای بازرگانی لە هەندێ وڵاتدا جیاوازە لەگەڵ وڵاتێکی تر، بە تێپەڕبوونی کات بە هۆی ئاڵوگۆڕی ئابووری نێوان زمانەکان، ئەم وشانە گۆڕانیان بەسەردا دێت، و زاراوە و وشەی جیاواز و نوێ وەردەگرن و وشە کۆنەکە بە لاوە دەنێن کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گۆڕانی زمان.

واتە پەیوەندی بازرگانی لەنێوان دوو نەتەوەی زمان جیاواز، بەهۆی ئەو شتانەی لەلایەن هەردوولا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، یان لەلایەک بۆ لای تر دەچێت، کە هەر شتێک ناوی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم وشە و ناوە دەچێتە ناو زمانەکەیان، هەرچەند بازرگانی و شت گۆڕینەوە زۆر بێت، تێکەڵاوی زیاتر دەبێت(علي عبدالواحد وافي،٢٠٠٩:٢٤٧)، هاوکات کاریگەری زیاتری دەبێت لەسەر گۆڕانی زماندا.

**٥.٢.٢: هۆی ڕۆشنبیری**

پەیوەندی ڕۆشبیری دوو نەتەوەی جیاواز، هۆیەکە بۆ تێکەڵاوی زمان، چونکە هەریەکە شت لەویدیکە وەردەگرێت، بەتایبەتی لە زمانی نووسیندا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە دوای خۆیدا شوێنەواری زۆر بەجێ بهێڵێت، کە ئەمەش هەر تەنیا وشە نییە، بەڵکو زۆرجار دەستووری ڕێزمان و بەشەکانی تری زمانیش دەگرێتەوە (علي عبدالواحد وافي،٢٠٠٩:٢٤٧)، بەو واتایەی لایەنی کلتووریی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە گواستنەوەی وشە و زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یاخود زاڵبوون و کارابوونی زمانێک یان زارێک یان شێوەزارێک بەسەر زمانێکی تر یان زارێکی تر یان شێوەزارێکی تر.

**٦.٢.٢: هۆکاری ئایینی**

ئایین ڕۆڵی کارا لە ژیانی کۆمەڵگەدا دەبینێت، بەوەی دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵگەی زمانە جیاوازەکان لەژێر چەتری بیروباوەڕی خۆیدا کۆبکاتەوە، بێگومان زمانی ئایین کاریگەری دەبێت لەسەر زمانی نەتەوە لەهەردوو باردا، ئەگەر یەک زمان بن یان جیاواز بن، گەشە و گۆڕانی زمانی ڕوو دەدات، بە نموونە زمانی ئایینی ئیسلام، کە قورئانی پیرۆزە و بە زمانی عەرەبی نووسراوە، کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر نەتەوە موسڵمانەکان، بە جۆرێک زۆر وشە و زاراوە هەن، کە ڕاستەوخۆ لە زمانەکەوە وەردەگیرێن، بەبێ ئەوەی وشە و زاراوەی بە زمانەکەی تر هەبێت، بۆ نموونە ئەمڕۆکە زمانی

کوردی دەیەها وشە و زاراوەی لە زمانی عەرەبی لە ڕێگەی ئایینەوە وەرگرتووەن لەوانە( حەج، زەکات، ئیسلام، عومرە، ......) .

### ٧.٢.٢: هۆکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا

سەرەڕای ئەوەی کۆمەلێک وشە و زاراوەی تازەی ئەم بوارە لەم سەردەمەدا دەبینرێت، کە لەپێشتردا نەبوون، هەروەها کۆمپیوتەر و مۆبایل سروشتی زمانی گۆڕیوە، بەشێوەیەک کە لەدوای پەیدابوونی بە ماوەیەکی کەم خەڵکێکی زۆری فێری تایپکردن کرد، کە لە ئیستادا زۆر بەفراوانی بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، ئەو نامە و نووسراوانەی لەرێگەی ئەم ئامێرە ئەلیکترۆنیانەوە تایپ دەکرێن، زۆرجار ڕەچاوی تایبەتییەکانی زمانی نووسین ناکەن، هەروەها ڕەچاوی لایەنی ڕێنووسیش ناکرێت، زۆرجار هێما لە جیاتی دەربڕینی وشە بەکاردەهێنرێت، وەک بۆ پێکەنین هێمای (hhh) بەکاردێت. (David Crystal:183:2010)، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دەیەها وشە و زاراوەی بیانی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، لەوانە (گۆگل، ئینتەرنێت، سپلیت، داتاشۆ، پاوەرپۆینت، ماکینتۆش، .......).

## بەشی سێیەم/ گۆڕان لە ئاستەکانی زماندا

گۆڕان هەموو لایەنەکانی زمان دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە زمانێکی دیاریکراودا، لە هەموو ئاستەکانی زماندا ئاگادار بین، لەلایەکی تریشەوە دەبێ لێکۆڵینەوە لە شێوە جیاجیاکانی زمانەکەش بگرێتەوە، چونکە گۆڕانی زمان، زار و شێوەزاری دەگرێتەوە، بۆیە دەکرێ زمان وەک پەڕەی کاغەز دابنێین، کە ڕوویەکی بیرە و ڕووەکەی تری دەنگ دەبێت، واتە هەموو بەشەکانی ڕێزمان بە تێپەڕبوونی کات دەکەونە بەر کاریگەری گۆڕان، بۆی هەیە گۆڕانی فۆنۆلۆجی و مۆرۆفۆلۆجی و ڕستەسازی و واتاسازی بەسەر زماندا بێت. Victoria Fromkin, (2011. P.489)

### ١.٣: گۆڕان لە ئاستی دەنگسازیدا

زمان خۆی پەیڕەوێکی دەنگییە، بۆیە دەربڕینەکانیش لەڕێگەی بەیەکگەیشتنی ئەو دەنگانەوە لە پێکهاتەی جوداجودادا، دەستەبەر دەبێت، کاتێکیش زمان خۆی بە بوونەوەرێکی زیندوو بچوێندرێت، ئەوا ئەو بوونەوەرە زیندووە چەقبەستوو نابێت و لەهەر لایەکەوە بیگرێت لە گۆڕاندا دەبێت (هۆگر مەحمود فەرەج،٢٠١٢: ١١٦-١١٧)، ئاستی دەنگ یەکێک لەو ئاستانەی زمانە، کە زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێدەکرێت (محمد معروف فتاح،٢٠١١:١١٩). بەجۆرێک هەندێ کەس پێیان وایە ئەگەر دەنگێک بگۆڕێت، ئەوا گۆڕانەکە بە تەنیا لە وشەیەکدا ڕوونادات، بەڵکو کاردەکاتە سەر هەموو ئەو وشانەی کە هەمان دەنگیان تێدایە Jean

(Aitcheson, 1999.P.133). ئەمەش حاڵەتەکە پتر ئاڵۆزتر و زەحمەتتر دەکات.

بۆ یەکەمجار زانای هیندی (پانینی) بایەخی بە دەنگ داوە و بە درێژی باسی گۆڕانی ئەو دەنگانەی کردووە کە هێز کاریان تێدەکات، بەڵام باسی گۆڕانی زمانی وەک بیردۆزێک نەکردووە(ف.م.بیریۆزین:١٩٧٥، ل٥-٦)، زۆربەی قوتابخانە زمانناسییەکان و زمانناسەکان باسی گۆڕانی زمانییان لە ئاستی دەنگدا کردووە، بەڵام هەر یەکەیان بە جۆرێک ئاماژەیان بۆ کردووە، بە نموونە هەردوو زمانناسی قوتابخانەی زمانناسی ئەڵمانی( بۆپ و گریم) باوەڕیان وابوو گۆڕانەکانی زمان پەیوەستە بە حەز و ئارەزووی تاکەکەس(سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٨: ل٢٩)، بەڵام ڕێزماننووسە گەنجەکان ئەمەیان ڕەتدەکردەوە و باوەڕیان وابوو گۆڕانی زمان بە پێی یاساکان چەسپاوە و دیاریکراوە و بە پێی یاسا و ڕێساکان بەڕێوەدەچن(سەلام ناوخۆش:٢٠٠٨،ل٢٩). بەپێی کارەکانی چۆمسکی و قوتابخانەکەی، هەر گۆڕانێک کە لە زماندا ڕوودەدات بەستراوەتەوە بە توانای مرۆڤەوە کە بە هۆی چالاکی قسەکردنەوە ڕوودەدات( عەبدوڵڵا عەزیز محەمەد: ١٩٩٠، ل١٢).

لە نێوان ساڵانی ١٤٠٠ و ١٦٠٠ زایینی گۆڕانێکی گەورە لە بزوێنەکانی زمانی ئینگلیزی ڕوویدا، کە پێی دەگوترێ: گۆڕانی گەورەی بزوێنThe Great vowel shift ، کە بووە هۆی پەیدابوونی فۆنیمی نوێ لە وشەکان و مۆرفیمەکان. حەوت بزوێنی درێژ لە

ئینگلیزی ناوەڕاست لە ماوەی  ئەو دوو ساڵە گۆڕانی بەسەر داهات، کە ئەمانە چەند نمونەیەکن :

| ئینگلیزی ئەمڕۆ | ئینگلیزی نوێ | ئینگلیزی ناوەڕاست | ئینگلیزی نوێ | ئینگلیزی ناوەڕاست |
|---|---|---|---|---|
| mice | /mais/ | /mi:s/ | / i: / | /ai / |
| mouse | /maus/ | /mu:s/ | /au/ | / u:/ |
| gees | /gi:s/ | /ge:s/ | /i:/ | /e:/ |

(Victoria Fromkin, 2011: P.493)

گۆڕانی زمان دەکرێ لە زمانەکانی سەر بە کۆمەڵە زمانێک و خێزانە زمانێکن، کە پێکەوە هاوبەشن، تێبینی بکرێ. بۆ نموونە لە زمانی هیندۆ ئەوروپییەکان، گۆڕانە دەنگییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

| |
|---|
| bh ---- b |
| dh ---- d |
| gh ---- g |
| b ---- p |
| d ---- t |
| g ---- k |
| p ---- f |
| t ---- o |
| k ---- x - n |

(Victoria Fromkin, 2011: P.511-512)

بۆ نمونە وشەی (پێ) لە زمانی کوردیدا و (پا) لە فارسیدا و(pad)ە لە سەنسکریتدا، لە لاتینی بووە بە (ped)، دواتر لە زمانە جەرمەنییەکان ئەم وشە لاتینییە گۆڕانێکی دەنگی ڕیشەیی بەسەردا دێت، لە ئینگلیزی بووە بە (foot)، کە ئەمەش لە گۆڕانی(p) بۆ (f) و (e) بۆ (u) یان (oo) و (d) بۆ (t). واتە وشەکە لە (ped) بوو بە (foot).

بێگومان ئەگەر هەر وشەیەک دەنگێکی لێ بسوێت وشەیەکی تری لێ دروست دەبێت و ڕەنگە واتایەکی نوێ بدات. هەندێکجار گۆڕانی دەنگی بە هۆکاری دەرەکی بەهۆی کاریگەری دەنگەکانی زمانێک لەسەر زمانێکی تر ڕوودەدات، بەتایبەتیش بەهۆی دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز، کە ئەمەش ماوەیەکی درێژی دەوێت بۆ دروستبوونی ئەم گۆڕانە، بۆ نموونە لەکاتی ململانێی نێوان زمانەکاندا دەنگەکان و شێوەی دەربڕینیان و جۆری گۆکردنی وشەکانی زمانی سەرکەوتوو دەچنە ناو زمانی ژێردەست قسە بەو دەنگ و دەربرین و شێوانە دەکەن، کە وەک چۆن لە زمانی خۆیاندا هەیە و هاتوون.بەمەوە زمانی سەرنەکەوتوو لاواز دەبێت و دەگۆڕێت و ڕوو لەناوچوون دەکات، بەڵام لەم ماوەیەدا ڕێزمان لەهەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی بەرهەڵستی خۆی دەکات هەر بەپێی یاساکانی زمانی یەکەمەوە ڕستە ریک دەخەن و ڕۆنانی وشە دەکەن(علي عبدالواحد وافي:٢٠٠٩:٢٣٦).

گۆڕانی فۆنۆلۆجی لە مێژووی زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی بەرچاو تێبینی دەکرێ، بە تایبەتی لە نێوان ئینگلیزی ناوەڕاست و ئینگلیزی نوێ. بۆ نموونە دەنگی (خ) (X) ئەمڕۆ لە نێو زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزیدا نەماوە.وەک Night (نایت) واتە شەو، لە پێشدا بە (نیخت) بێژە دەکرا، یاخود drought(دروۆت) واتە وشک، پێشتر بە دروخت بێژە دەکرا. ئەم گۆڕانە دەنگییە، واتە نەمانی(خ) لە زمانی ئینگلیزی نوێ لە سەردەمی چۆسەرەوە بۆ شکسپیر ڕوویدا، بۆیە هەموو دەنگە(خ)ەکان لە زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆدا نەماون (Victoria Fromkin, 2011. P.491).

گۆڕانی فۆنۆلۆجیش لە زمانی کوردیدا هەروەک زمانەکانی تر بوونی هەیە، ئەویش پەیوەستە بە (گونجانی دەنگ، تێچوونی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، گۆڕینی دەنگجێگۆڕکێی دەنگ).

بۆ گونجانی دەنگ لە زمانی کوردیدا بە نموونە:

دەنگی /د/ کاتێ لە پێش یان لە پاش دەنگی /ت/ دێت، ئەوە تووشی گونجانی تەواو دەبێت.

١. کاتێ دەکەوێتە پێش دەنگی /ت/، وەک:

کردتان ـــ کرتتان

بردتان ـــ برتتان (دولبەر ئیبراهیم شالی، ٢٠٠٠: ل ٥٨)

هەروەها لە گونجانی ناتەواودا دەنگێکی گڕ دەگۆڕدرێت بۆ دەنگێکی کپ، بەمەبەستی خۆگونجاندنی لەگەڵ دەنگێکی تر لە تایبەتمەندی کپی(دیار عەبدولکەریم سەعید هالو، ٢٠١١: ل ٨١)، وەک:

ژ ـ ش

ڕۆژباش ـــ ڕۆش باش

ب ـ پ

چ بکەم ـــ چ پکەم

ز ـ س

ڕێزگرتن ـــ ڕێس گرتن

س ـ ز

دەست + گا = دەستگا ـ دەزگا

مس + گەر = مسگەر ـ مزگەر (دولّبەر ئیبراهیم شالّی، ٢٠٠٠: ل ٥٨)

ش ـ ژ

پشدەر ـــ پژدەر

بۆ تێچوونی دەنگ لە زمانی کوردیدا بە نموونە:

لە وشەی لێکدراودا (ئـ) تێدەچێت، بەتایبەتی کاتی مۆرفیمی دووەم بە نەبزوێنی (ئـ) دەستی پێدەکات، ئەوە لەم حاڵەتەدا (ئـ) تێدەچێت، وەکو:

ماست + ئاو = ماستاو

گولاْ + ئاو = گولاّو

یاخود لەو وشانەی کە عەرەبین و هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، ئەوە کەوتوونەتە ژێر ڕکێفی یاسای فۆنۆلۆجی و

مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی، بۆیە بە ئاوازێکی کوردییانە دەردەبڕێن و تێدەچن، وەکو:

دائم ← دایم

بئر ← بیر

زۆرجار لە کرمانجی سەروودا بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و بەهۆی کارتێکەری دەنگەکانی دەوروبەر، ئەوە دەنگی /ڤ/ تێدەچێت، وەکو:

ئیڤرۆ ← ئیرۆ

کەڤچک ← کەچک

زڤستان ← زستان (دیار عەبدولکەریم سەعید هالو، ٢٠١١: ل ٩٢)

لە حاڵەتی وشەی لێکدراودا، بەتایبەتی کاتێک مۆرفیمی دووەم بە دەنگی / ک/ یان /ب/ دەست پێبکات (دولبەر ئیبراهیم شاڵی، ٢٠٠٠: ل ٧٤)، دیارە ئەمەش بۆ ئاسانی دەربڕینە، وەکو:

پاک کردن ← پاکردن

ڕێک کردن ← ڕێکردن

بۆ پەیدابوونی دەنگیش لە زمانی کوردیدا بە نموونە:

هەندێجار دەنگی / ر/ دەخرێتە سەر کاری فەرماندان، بەتایبەتی ئەو کارانەی کۆتاییان بە پیتی بزوێن هاتووە، ئەوە لەم حاڵەتەدا جێناوی لکاوی (ە)یش دەردەکەوێت و دەکەوێتە دوای دەنگی / ر/ وەک:

بچۆ ← بچۆرە

بگە ← بگەرە

هەروەها لە ئاخاوتنی هەندێ شێوەزاردا، مۆرفیمی نادیاری / ر/ بە ئاسانی بەدوای / ڕ/ کۆتایی ڕەگی کارەکە لە بکەرنادیاردا دێت و دەردەبڕێت، وەک:

بڕ + ر + ا = بڕرا

گۆڕ + ر + ا = گۆڕرا (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٠: ل ٣٣٧).

بۆ گۆڕینی دەنگیش لە زمانی کوردیدا بە نموونە:

گۆڕینی دەنگی / د/ بۆ / ت/:

بنیاد ← بنیات

سەد ← سەت

نەوەد ← نەوەت

گۆڕینی دەنگی / د/ بۆ /گ/:

مەند ← مەنگ

دەربەند ← دەربەنگ

گۆڕینی / و/ ← / م/:

نیو ← نیم

داوێن ← دامێن

ئەوڕۆ ← ئەمڕۆ

هاسان ← ئاسان

گۆڕینی / خ/ بۆ / ق/:

ئازووخە ← ئازووقە (دولبەر ئیبراهیم شالی، ٢٠٠٠: ل ٩٢ ـ٩٥)

بۆ جێگۆڕکێی دەنگیش لە زمانی کوردیدا بە نموونە:

بەفر ← بەرف

کن ← نک

بڕوانە ← بنوارە

جگەر ← جەرگ

جومعە ← جوعمە

ڕوبع ← ڕوعب

**٢.٣: گۆڕان لە ئاستی وشەسازیدا**

بەو پێیەی هەندێک لەو گۆڕانانەی زمان بە هۆکاری دەرەکی ڕوودەدەن بەتایبەتی تێکەڵاوی و پەیوەندی نێوان زمانەکان لەو سەردەمەدا، کە بە سەدەی بە جیهانی بوون ناسراوە، دەکرێت زانست و تەکنەلۆجیای سەردەم بە یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی زمان دابنرێت. بەتایبەتی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و لە ناویشیاندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووک و تویتەر، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە خواستنی وشە و زاراوەی بیانی لە زمانەکاندا، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا چەند ساڵیک پێش ئێستا تاکی کوردی گوێبیستی وشەی (گۆگل، چات، فەیسبووک، مۆبایل، ئیمێل)نەبوو، بەڵام بەهۆی کرانەوە و پێشکەوتنی سەردەمەکە ئەم وشانە هاتنە ناو زمانی کوردی.

واتە یەکێک لە دیاردەکانی گۆڕانی زمان، دەرکەوتنی وشەی نوێیە لە زمان، کە ئەمەش دروستکردنی وشەی نوێ و خواستنی

وشە دەگرێتەوە. ئەم دوو دیاردەیەش لە هەموو زمانێک کەم هەتا زۆر بوونی هەیە. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی لەو زمانانەیە کە بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر وشەی لە زمانانی دی خواستووە، بۆ نمونە وشەی kayak (کیاک)، کە جۆرە بەلەمێکی سەرداپۆشراوی ئەسکیمۆییە، لە زمانی ئەسکیمۆیی وەرگیراوە، وشەی Yogurt (یۆگۆرت)، واتە ماست لە تورکی وەرگیراوە، وشەی mayonnaise (مایۆنیز) لە فەڕەنسی وەرگیراوە، وشەی Algebra (ئەلجیبرا)، واتە جەبر لە عەرەبی وەرگیراوە، وشەیSki (سکی)، واتە پێڵاوی بەفرەخلیسکێ لە نەرویجی وەرگیراوە، ... هتد. .( R.L. Trask, 1996.P.18).

ئەگەر لاپەڕەکانی فەرهەنگێکی ئیتیمۆلۆجی زمانی ئینگلیزی هەڵدەینەوە، دەبینین لە نیوەی زیاتری وشەکانی لە زمانانی دی وەرگیراوە. لە خواستنی ئەم وشانەدا پێویستی زمانەکە و ئاخێوەرانی ناچاربوون بۆ قبوڵکردنی ئەم حاڵەتە. ئینگلیزی زمانەکان پێشتر(کیاک) و(یۆگۆرت) و (سکی)یان نەبوو، بۆیە ئەو وشانەیان لە دەرەوە بۆ هاتووە و وشەکانیان لە زمانەکانیان جێ کردۆتەوە. ئیدی بەم شێوەیە گۆڕانی لێکسیکی بەسەر زمانی ئینگلیزیدا هاتووە( R.L. .(Trask, 1996.P.18.

زۆر لە شارەزایانی زمان لە سەدەی نۆزدەهەم لەسەر ئەو قەناعەتە بوون، کە زمانە ئەوروپییەکان بەرەو فەوتان دەڕۆن، چونکە بەرە بەرە وشە کۆنەکان لە دەست دەدەن.

لە لێکۆڵینەوەکاندا وەرگرتنی کەرەسەکانی زمان لە نێوان دوو ڕۆشنبیری لەیەکتر جیاواز تێبینی کراوە، کە وشە لەهەموو

کەرەسەکانی تر زیاتر دەخوازرێت، دەنگ و کەرەسەی ڕێزمانی کەمتر هەڵدەگیرێنەوە، وەرگرتنی وشەی سادەش لە وشەی لێکدراو و فرێز بڵاوترە، هەروەها لەوشەدا ناو لە بەشەکانی تری ئاخاوتن زیاتر دەخوازرێت(محمد معروف فتاح:٢٠١١:١٣٧)، بێگومان هاتنی وشە و زاراوەی بیانی بەشێوە سروشتییەکەی بۆ هەر زمانێک بە کارێکی ئەرێنی دادەنرێت، بۆ ئەوەی زمان بتوانێت لەگەڵ پەرەسەندن و پێشکەوتنی سەردەم بڕوات و بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگەی زمانی بە ڕەوشێکی ئاسایی لە زماندا دادەنرێت، کە وشە و زاراوەی نوێ لە زمانانی تر بخوازێت، لە کاتێکدا کە خۆی وشەی ڕەسەنی نەبێت بەرانبەر وشەی خواستراو، بەڵام دواجار لەکاتی ململانێی نێوان زمانەکان، زمانی زاڵ بەلێشاو وشەی خۆی داوێتە ناو زمانی ژێردەست و کارێکی زۆر دەکاتە سەر زمانەکە و بێ هێزی دەکات، بەڵام لەم ماوەیەدا زمانی سەرنەکەوتوو ڕێزمانی خۆی دەپارێزێت، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێزمان و جۆر و شێوەی دەربڕینی دەنگەکانی خۆی و ئەو وشانەی کە لە زمانی سەرکەوتووەوە بۆی هاتوون و بەپێی یاسای ڕێزمان و دەستوور و وشەسازی خۆی ڕێکیان دەخات، تەنانەت دەنگی هەندێ وشە هاتووەکانیش دەگۆڕێ و بەپێی دەستووری زمانی خۆیان ریکی دەخات(علي عبدالواحد وافي:٢٠٠٩:٢٢٦).

بۆیە بۆ زمانێکی وەک زمانی کوردی، کە تا ئێستا خۆی لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا نەبینیوە، سەرەڕای ئەوەی داگیرکەرانی نەتەوەکە بە زۆرترین ڕێگەی دوژمنکاری هەوڵی

نەهێشتن و لەبەریەک ترازاندنی نەتەوەکە و زمانەکەیان داوە، لە هەلومەرجێکی وادا ڕێژەی هاتنە ناوەوەی وشەی بێگانە و تەنانەت لە هەندێک باردا، بەکارهێنانی ناکوردانەی وشەکان، کاریگەری زمانانی بێگانەی لەسەر دەبێت. بەجۆرێک هەندێکیان تەواو بێگانەن، چ بە لایەنی دەنگیان و چ بە پێکهاتەی واتایانەوە، هەندێکیشیان لە لایەنی دەنگییەوە بە کوردی ڕەوان گۆ دەکرێن، بەڵام وشەکە بێگانەیە، وشە گەلێکیش هەن وەک وشەی بێگانەن، بەڵام بە واتای جیاواز لە واتای بنەچەیی لە زمانە بێگانەکاندا بەکاردێن.(هۆگر مەحمود فەرەج، ٢٠١٢:١٢٩).

### ٣.٣: گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازیدا

ڕێزمان و ڕستە هەروەک دەنگ بە تێپەربوونی کات دەگۆڕێت، هەرچەندە ئەم گۆڕانە کەمتر هەستی پێدەکرێت و کەرەسەی ڕێزمانیش توندتر و کەمتر خۆبەدەستەوە دەدات(محمد معروف فتاح:٢٠١١:١٢٥)، لەم ئاستەشدا هۆکاری دەرەکی ڕۆڵ دەبینێت، لە گۆڕانی زماندا بەتایبەتی لەکاتی تێکەڵاوی دوو زمان یان لەکاتی ململانێی دونەتەوەی جیاواز، زمانی زاڵبوو هەوڵدەدات ڕێسا و یاسا زمانییەکانی تایبەت بە ڕستە و پێکهاتەی ڕێزمانی خۆی بەسەر زمانی ژێرکەوتوو یان ژێردەست بسەپێنێت (رمظان عبدالتواب، ١٤٣٣:١٥١).

لە ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕان کەمتر ڕوودەدات وەک لە ئاستەکانی تر، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا گۆڕان شتێکی ئاسییە و هەندێکجار بەدی دەکرێت، گۆڕان لەم ئاستەدا لە چەند شێوەیەک

بەدی دەکرێت، بۆ نموونە هەندێکجار زمانێک بۆتە ئامادەکراو و دەیخاتە ناو زمانێکی ترەوە، بۆ نموونە زمانی کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانییەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە(محمد معروف فتاح:٢٠١١:١٤٠).

لە ئەنجامی گۆڕانی ڕستەسازی لە نێوان ئینگلیزی کۆن و ئینگلیزی نوێدا، دەبینین لە تایپۆلۆجی ئینگلیزی کۆندا دروستکردنی ڕستە لەسەر ڕیزبەندی وشەی (Sov) بووە، واتە وەک زمانە جەرمەنییەکانی ئەمڕۆکەیە، بە نموونە ئەڵمانی و هۆڵەندی ئەوانیش لەسەر (Sov)ە، بەڵام ئینگلیزی نوێ تایپۆلۆجی گۆڕاوە و بووە بە (Svo)، ئەمەش ئەو گۆڕانە ڕێزمانییە نیشان دەدات کە بەسەر خودی زماندا دێت. (Victoria Fromkin, 2011. P.497 ).

هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا گۆڕان لە جێناوەکانی (I) و (me)دا دەردەکەوێت، بە جۆرێ خەڵک پێشتر وا ڕاهاتبوون بڵێن( it is I)، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەماندا زۆرینەی خەڵک دەڵێن( it is me)، چونکە (me) ئارەزووی ئەوە دەکات لە دوای کار بێت و بەکاربێت، بەڵام (I)ی لە پێش کار بەکاردێت Jean Aitcheson, 1999.P.132).

هەروەها زمانی (ئەمهەری)، کە زمانێکی سامی ئەسیوبییە، پێشتر لەسەر شێوازی ڕستەی زمانە سامییەکان(کار، بکەر، بەرکار) دەڕۆیشت، بەڵام ئێستا لەسەر ئەم شێوازە ناڕوات، بەڵکو شێوازێکی تری لە زمانێکی دراوسێی زمانە ناسامییەکان وەرگرتووە( بێرنارد کەمرێ، ٢٠٠٧: ل٥٣).

هەروەها لە زمانی (بانتو) و (مەئا) ڕیزبەندی وشە و کەرەسە سەرەکییەکانی بەم شێوەیە(SVO)، بەڵام زمانی کوشتی بەم شێوەیە(SOV)، لەهەمان کاتیشدا زمانی بانتو و مەئا بۆ جیاکردنەوەی (تاک) و (کۆ) پێشگریان هەیە، بەڵام لە زمانی کوشتی بە گشتی بۆ جیاکردنەوەی (تاک) و (کۆ) پاشگریان هەیە، هەر بۆیە ئەم دوو زمانە بەهۆی کارلێکردنیان لە یەکتر، نە زمانێکی تەواو بانتووە و نە زمانێکی تەواو کوشتییە Jean Aitcheson, (2013:P.147- 148).

بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی زمانی کوردی(بکەر، بەرکار، کار)ە، کەچی هەندێ لە نووسەران هەندێجار وەک سروشتی زمانی عەرەبی یاساکەی دادەڕێژن و کار دەهێننە پێشەوە و دێتە شوێنی بکەر، بۆ نموونە:

**هەستا ڕزگار بە کارەکە.** یاخود **ڕزگار هەستا بە کارەکە.**

لە بنەڕەتدا ڕستەکە دەبێ بەمشێوەیە دەرببڕێت و بنووسرێت:

**ڕزگار کارەکەی ئەنجامدا.**

لە نموونەی سەرەوەردا بۆمان دەردەکەوێ گۆڕان لە ئاستی ڕێزماندا لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ڕوودەدات، بەڵام بەدەگمەن کار دەکاتە سەر زمانەکە هەمووی، کەچی هەرچەندە ململانێی درێژخایەن لە نێوان دوو زمانی جیاوازی دراوسێدا بەردەوام بێت، ئەوا کاریگەری و گۆڕان زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەگەر هەردوو زمانە جیاوازەکە سەر بەیەک خێزانە زمان بن.

### ٤.٣: گۆڕان لە ئاستی واتاسازیدا

گۆڕانی واتای وشە زۆر لەسەرخۆیە بە پلە دەبێت، واتە گۆڕانی واتای وشەیەک بەخێرایی نابێت، بەڵکو ماوەیەکی دورو درێژی دەوێت تا واتای وشە دەتوانێت خۆی بگوازێتەوە سەر واتایەکی نزیک لەخۆی، ئەویش بۆ واتای سێیەم، هەروەها هەندێکجار واتاکەی لەواتی یەکەمی خۆی زۆر دوور دەکەوێتەوە (علي عبدالواحد وافي :٢٠٠٩:٢٠١٣)، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی چاخی ناوەنددا وشەی (Nice)ی ئێستا، کە بە مانای چاکی و چۆنی دێت، مانای (foolish)ی دەدا، واتە گەمژە، هەندێکجاریش بە مانای (Shy) دەهات، واتە (شەرمن)، هەرگیز بەو مانایەی ئێستا نەدەهات، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەکرێت واتا بگۆڕێت و لەو واتایەی پێشتری کە هەیبووە دووربکەوێتەوە(بێرنارد کەمریَ و ئەوانی دیکە:٢٠٠٧:٥١).

واتە لەم ئاستەدا وشە و مۆرفیمەکان بەرێگەی جیاواز مانایان دەگۆڕیَ، کە ئەم پرۆسەیەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانیەتی. زۆرجار دەگوتریَ هەر وشەیەک مێژووییەکی هەیە، هەروەک فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد گەنجینەیەک زانیاری لەبارەی هەر وشەیەکی ئینگلیزی دەخاتە بەردەست .

لە گۆڕانی واتاسازی هەندێک وشە ماناکەی دەکشیَ و بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان دەبێت، بۆ نموونە لە ئینگلیزی ئەمڕۆکە وشەی (bird) بە واتای (باڵندە) دێت، بەڵام لە ئەسڵدا ماناکەی بۆ

باڵندەی ساوا و تازە بوو، کەچی دواتر لە ئیتگلیزیدا بۆ هەموو باڵندەیەک بەکاردێت.(Herbert Schendl, 2009:P.29-30)

بە پێچەوانەی ئەمە، هەندێک وشە ماناکەی تەسک دەبێتەوە، وەک وشەی meat لە زمای ئینگلیزی سەدەی حەڤدەم بە مانای food (خۆراک) هاتووە، بەڵام دواتر لە ئینگلیزی ئەمڕۆکەدا ماناکەی تەسک دەبێتەوە و تەنها بە مانای (گۆشت) دێت، یان وشەی holiday لە ئەسڵدا بۆ پشوودانێکی گرنگی ئایینی بەکارهاتووە، وەک لە ناوەکەی نیشان دەدات، واتە ڕۆژی پیرۆز، بەڵام لە ئینگلیزی ئەمڕۆکەدا بۆ هەموو پشوودانێک بەکاردێت، ئینجا ئایینی و غەیری ئایینی بێت، بەم شێوە مانای وشەکە فراوانتر بوو. (Victoria Fromkin, 2011: P.509).

ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیشدا زۆرە، لەوانە وشەی(مەرزیە)، کە لە بنەڕەتدا ناوی هونەرمەندێکی کوردە، بەڵام ئەمڕۆ بۆ جۆرێکی ئۆتۆمبێل بەکاردێت(شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٢،ل١٤)، واتە لێرەدا واتاکەی فراوان بووە و بۆتە فرەواتا و زیاتر لە واتایەک دەبەخشێت.هەروەها وشەی (مۆڵگە)، کە پێشتر تەنیا بۆ شوێنی ئاژەڵان بەکاردەهات، بەڵام ئەمڕۆکە واتاکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بۆ چەندین شوێنی کۆبوونەوەی مرۆڤ بەکاردێت، لەوانە (مۆڵگەی سەربازیی، مۆڵگەی تیرۆریستان، مۆڵگەی چەکداران ..........). هەروەها وشەی(ڕێباز)، کە لە بنەڕەتدا بە واتای ڕێگا دێت، بەڵام ئەمڕۆ واتاکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و واتاکەی فراوانبووە، لەوانە لە بواری توێژینەوە ڕێبازی لێکۆڵینەوە بەکاردێت، واتە لێرەدا بە واتای میتۆد دێت، یان بۆ ڕێبازە ئەدەبییەکان یان ڕێبازە بیرییەکان

......بەکاردێت. هەروەها وشەی (بزووتنەوە ـ بزاڤ)، کە لە بنەڕەتدا بۆ جوولە بەکارهاتووە، بەڵام ئەمڕۆ واتاکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و واتاکەی فراوانبووە بۆ بزوتنەوەی سیاسی ڕێکخراوێک یان حزبێک یان گروپێک بەکاردێت.

هەروەها بۆ تەسکبوونەوەی واتاش لە کوردیدا نموونە زۆرە، لەوانە وشەی (دەفتەر) کاتی خۆی بەتایبەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بۆ (نووسینگە) و (مەکتەب) و (دفتەری کاغەز) بەکارهاتووە، بەڵام ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان مانای دەفتەری کاغەز دەگەیەنێت، واتە مانای مەکتەب و نووسینگە لە زمانی ئەمڕۆی کوردی لە باشووری کوردستان نەماوە، بەڵام لە زمانی فارسیدا هەروەک خۆی هەر سێ مانا دەدات، هەر بۆیەشە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشەی دەفتەر بۆ ماناکانی مەکتەب و دەفتەری کاغەز بەکاردێنن بە نموونە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ مەکتەبی سیاسی، وشەی دەفتەری سیاسی بەکاردێنێت. لە لایەکی تریشەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستاندا وشەی دەفتەر لە دەرەوەی واتای کاغەز بوونی خۆی بەکاردێت و واتاکەی زیاتر دەبێتن ئەویش دەفتەری دۆلار.

هەندێکجار گۆڕانی واتا پەیوەستە بە گۆڕان لە ئاستەکانی تری زمان، واتە گۆڕان لە ئاستەکانی تری زمان دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتا، بۆ نموونە کاتێک دەنگێک لە وشەیەک دەسوێت، زۆرجار کاردەکاتە سەر واتای وشەکە و وشەیەکی دیکەی لێ دروست

دەبێت و واتایەکی نوێ دەدات، وەک وشەی (ددان) بەهۆی سوانی فۆنیمی(د)، وا دەکات ببێتە (دان)، کە واتاکەی جیاوازە لە واتای (ددان)، هەرچەندە بە واتای (ددان) لە شێوەزاری سلێمانی بەکاردێت، یان سوان لە وشەی (سەد) وا دەکات ببێتە (سە)، کە واتای (سەگ) دەدات لە هەندێک لە شێوەزارەکاندا.

هەروەها ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هەندێکجار گۆڕانەکە تایبەتمەندیی دەنگی پێوەیە، بەڵام ئەودیوی دەنگەکان ئەرکی ڕێزمانی تێدا بەدی دەکرێت، بەو مانایەی گۆڕان لە فۆرمی وشەکان، گۆڕان لەشێوەی ریزبوونی کەرەسەکان دێنێتەکایەوە، بۆنموونە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا بە لەدەستدانی پاشگری دۆخ لەگەڵ ئەو یاسایانەی رۆڵ لە ریزبوونی وشەکان دەبینن، پێکەوە ڕوویانداوە(سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٩:٧٢).

بەم جۆرە گۆڕان سروشتی سەرجەم زمانەکانی جیهانە، بەڵام ڕادەی گۆڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر و لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تری زمان، دەگۆڕێت. بەڵکو جۆری هۆکارەکانی گۆڕان ڕۆڵی دەبێت، لە ڕێژەی گۆڕانی هەر زمانێک، ئەوەی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە هۆکارە دەرەکییەکان لە ئاراستەکردنی زمان بەرەو گۆڕان ڕۆڵیان هەیە. بەتایبەتیش دراوسێیەتی دوو نەتەوەی زمان جیاواز هەلی تێکەڵاوی زمانیان زۆر هەیە، بێگومان ئەگەر دەرگای هەردوو زمانەکە بۆ تێکەڵاوی کرابێتەوە، هیچ چار نییە، کاردەکەنە سەر یەکتری، چ بە سەرکەوتنی یەکێکیان بێت، یان مانەوەی هەردووکیان، چونکە دراوسێیەتی دەرگای ئاڵوگۆڕکردنی

ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە بە تایبەتی ئەگەر هیچ بەربەستێکی دەمارگیریی لە نێوانیاندا نەبێت.

## ئەنجام

١ـ گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی زمانناسییە و هەر دەبێ ڕوودات، هیچ زمانێک نییە خۆی لەم حاڵەتە بە دوور بگرێت و خۆی دەرباز بکات، واتە پرۆسەیەکی نەوەستاو و بەردەوامە، بەڵام لەسەرەخۆ و هەنگاو بە هەنگاوە.

٢ـ گۆڕان هەمیشە دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشخستنی زمان، بەو واتایەی زمان ناشێوێنێت، بەڵکو خزمەتی پێدەگەیەنێت.

٣ـ لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، بەو واتایەی هیچ ئاستێکی زمان ناتوانێ خۆی بە دوور بگرێت، بە تایبەتی ئاستی دەنگ بەشێوەیەکی زۆر فراوان ئەم دیاردەیەی تێدا ڕوودەدات.

٤ـ زمان لە قورسی و زەحمەتییەوە بەرەو ئاسانبوون دەبات، واتە وزەی ئاخاوتن کەمدەکاتەوە، کە بەهۆیەوە ئاخێوەر ناچار دەکات بە وزەیەکی کەم، کردەی ئاخاوتن ئەنجام بدات.

٥ـ زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تری جیهان گۆڕانی تێدا ڕوودەدات، واتە زمانی کوردی بەدەر نییە لەو گۆڕانانەی کە بەسەر زماندا دێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گۆڕان دیاردەیەکی گشتگیرە و هەموو زمانانی جیهان تیچیدا بەشدارن و زمانی کوردی لەم دیاردەیە بەشدارە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

١. ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)(١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر رِۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆرِی زانیاری کورد، بەغدا.

٢. ئەورِەحمانی حاجی مارف(د)(٢٠٠٠)، رِێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣. بێرنارد کەمریێ و جێرید دایەمەند و دەوگ والن(٢٠٠٧)، زمان، و: کامیل محەمەد قەرەداغی،چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤. دولبەر ابراهیم فەرەج شالی(٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٥ـ دیار عەبدولکەریم سەعید هالو(٢٠١١)، یاسایێن دەنگی د کوردیا ژۆری دا (گۆڤارا بەهدینان)، دەزگای سپیریێز، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٦. سەباح رِەشید قادر(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی رِێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٧. سەلام ناوخۆش(٢٠٠٨)، پوختەیەک دەربارەی زماننناسی، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.

٨ـ شێرکۆ حەمەئەمین(٢٠٠٢)، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانیەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٩ـ عەبدوللا عەزیز محەمەد (١٩٩٠)،گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
١٠ـ عەلی عەبدولواحید ئەلوافی (٢٠٠٧)، زانستی زمان، و: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
١١ـ محمد معروف فتاح(٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٢ـ وریا عومەر ئەمین(٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
١٣ـ هۆگر مەحموود فەرەج(٢٠١٢)، چەرەدەیەک لە دەنگ، مۆرفیم، جودایسازی لە نێوان کرمانجی باکوور ـ ناوەڕاستدا، توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ١٩ ـ ٢٢ی ئەیلوولی ٢٠١١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١٤ـ ابراهیم انیس (١٩٩٩)، الاصوات اللغوية، مكتبة الانجلو المصرية، مصر.
١٥ـ رمضان عبدالتواب(٢٠٠٨)، مدخل الى علم اللغة، مطبعة الشرعية، المملكة العربية السعودية.

١٦- ر. هـ. روبنز( ١٩٩٧)، الموجز في تاريخ علم اللغة، ترجمة: احمد عوض، عالم المعرفة، الكويت.
صبري ابراهيم السيد (١٩٨٩)، تشتومسكي فكرة اللغوي و اراء الثقافية، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية.
١٧- فلوريان كولماس (٢٠٠٠)، اللغة و الاقتصاد، ترجمة: احمد عوض، عالم المعرفة، الكويت.
١٨- علي عبدالواحد وافي(٢٠٠٩)، علم اللغة، طبعة الثانية عشرة، نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، الاسكندرية.
١٩- نعمة رحيم العزاوي(١٩٨٤)، النقد اللغوي بين التحرر و الجمود، منشورات دائرة الشؤون الثقافية و النشر، بغداد.

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی**

20-David Crystal(2010)، Allttle Book of Language، First published، Yale University press.
21-David Crystal(2003)، A Dictionary of Linguists and phonetics، fifth edition، Blackwell Publishing، UK.
22-R.L. Trask(1996)، Historical Linguistics، oxford university press.

23-Victoria Fromkin(2011)، Robert Rodman، Nina Hymans، An Introduction to Language، Ninth edition، Jungle Printed in the USA.

24- Jean Aitcheson(1999)، Linguistics، London، Cambridge University Press.

25-Jean Aitcheson(2013)، Language change: Progress or Decay? Cambridge University Press.

26-Herbert Schendl(2009)، Historical Linguistics، oxford university press.

**چوارەم: بە زمانی ڕووسی**

٢٧- ڕا. بوداگڤ(١٩٧٤)مرۆڤ و زمانی، چاپخانەی زانکۆی مۆسکۆ، مۆسکۆ.

٢٨- ف.م.بیریۆزین(١٩٧٥)، مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، مۆسکۆ.